ئاداب و ڕەوشتی ڕۆژوو

هەرکەس بەڕۆژوو بێت موستەحەببە پەیڕەوی ئەم دەستورانەی خوارەوە بکات:

١- پارشێوکردن:

موسڵمانان هەموو کۆن لەسەر ئەوەی کە پارشێوکردن موستەحەببە، وە هەر کەسیش نەیکات تاوانبار نابێت، لە ئەنەسەوە خوا لێی ڕازی بێت هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (تَسَحَّرُوا فَإِنَّ فِي السُّحُورِ بَرَكَة) واتە: پارشێو بکەن چونکە لە پارشێوکردندا بەرەکەت هەیە. (رواه البخاري ومسلم).

لە میقدامی کوڕی مەعدی کەریبەوە هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (عَلَيكُم بِهَذَا السُّحُورِ، فَإنَّهُ هُوَ الغِذاءُ المُبَارَكُ). واتە: پارشێوبکەن چونکە خواردنی پارشێو خواردنێکی موبارەکە. (رواه النسائي بسند جيد).

وە هۆی پیرۆزییەکەشی ئەوەیە ڕۆژووان بەهێز ئەکات وگورج وگۆڵی ئەکات و ڕۆژووەکەی لەسەر ئاسان ئەکات.

پارشێو کردن بە چی بەجێ دێت:

پارشێو کردن بە خواردنێکی زۆر یا کەم بە جێ دێت، ئەگەر قومێك ئاویش بێ. لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە ﷺ هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (السُّحُورُ بَرَكَةٌ، فَلا تَدَعُوهُ وَلَو أن يَجرعَ أحَدُكُم جرعَةَ مَاءٍ فإنَّ اللهَ وَمَلائِكَتَهُ يُصَلُّون على المُتَسَحِّرِينَ) (رواه أحمد). واتە: خواردنی پارشێو بەرەکەتە، واز لە پارشێوکردن مەهێنن، ئەگەر یەکێك لە ئێوە بە قومێك ئاویش بێت، هەر پارشێو بکات، چونکە خوا ڕەحمەتی خۆی ئەڕژێنێ و فریشتەکان ئەپاڕێنەوە بۆ پارشێوکەران.

کاتەکەی:

کاتی پارشێوکردن لە نیوەی شەوەوە دەست پێ ئەکات هەتا طلوعی فەجر، بەڵام دووا خستنی پەسەندە. لە زەیدی کوڕی ثابیتەوە ﷺ هاتووە فەرموویەتی: لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ پارشێومان کردووە و هەڵساوین بۆ نوێژی بەیانی. ووتم: ماوەی نێوانیان چەندە ئەبوو؟ فەرمووی: ئەوەندەی خوێندنی پەنجا ئایەت لە قورئان. (بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە).

لە عەمری کوڕی مەیمونەوە هاتووە ووتویەتی: یارەکانی پێغەمبەر ﷺ بە پەلەترین کەس بوون بۆ بەربانگ کردنەوە، و دوواکەوتوترین کەسێش بوون لە پارشێوکردندا. (بەیهەقی بە سەنەدێکی صەحیح گێڕاویەتەوە).

لە ئەبوزەری غیفارییەوە بە مەرفوعی ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لا تَزَالُ أمَّتِي بِخَيرٍ مَا عَجَّلُوا الفِطرَ وَأخَّرُوا السُّحورُ). واتە: ئوممەتی من هەتا بەردەوام زوو بەربانگ بکەنەوەو پارشێو دووا بخەن، لەسەر خێرن.

بەڵام لە سەنەدی ئەم حەدیسەدا سلیمانی کوڕی ئەبو عثمان هەیە کە مەجهولە.

گومان کردن لە طلوعی فەجر:

ئەگەر کەسێك گومانی بوو لە طلوعی فەجر بۆی هەیە بخوات و بخواتەوە، هەتا دڵنیا ئەبێت لە طلوع، وە نابێت بە گومان کار بکات، چونکە خوای گەورە کۆتایی هێنان بە خواردن و خواردنەوەی ڕۆژووگری لەو کاتەدا داناوە کە بۆی دەرکەوت طلوعی فەجرە، نەك بە گومان. وەك ئەفەرموویت: ﴿وَكُلُوا۟ وَٱشْرَبُوا۟ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلْخَيْطُ ٱلْأَبْيَضُ مِنَ

﴿ٱلۡخَيۡطِ ٱلۡأَسۡوَدِ مِنَ ٱلۡفَجۡرِۖ﴾ (البقرة/١٨٧). واته: بخۆن و بخۆنەوە هەتا ڕشتەی سپی فەجر لە ڕشتەی ڕەشی شەو جیا ئەکەنەوە.

پیاوێك بە ئیبنوعەبباسی ﷺ ووت: من کە هەڵئەسم بۆ پارشێو ئەخۆم و ئەخۆمەوە جا کاتێ گومانم هەبوو ڕۆژ بۆتەوە دەست هەڵئەگرم. ئیبنوعەبباس پێی فەرموو: دەست هەڵمەگرە هەتا دڵنیا ئەبیت کە ڕۆژ بۆتەوە.

ئەبوداوود ووتویەتی: ئەبوعبداللە (ئەحمەدی کوڕی حەنبەڵ) ووتویەتی: ئەگەر کەسێك گومانی هەبوو لەوەی ڕۆژ بۆتەوە با دەست لە خواردن و خواردنەوە هەڵنەگرێت هەتا دڵنیا ئەبێت ڕۆژ بۆتەوە.

ئەمەش مەزهەبی ئیبنوعەبباس و (عطاء) و ئەوزاعی و ئەحمەدە.

نەوەوی ووتویەتی: هاوەڵانی شافیعی یەك کەوتوون لە ڕێ دان بەو کەسەی دڵنیا نی یە لە ڕۆژ بوونەوە، کە دەست لە خواردن و خواردنەوە هەڵنەگرێت هەتا دڵنیا ئەبێت.

٢- پەلە کردن لەبەربانگ کردنەوە:

هەرکاتێك ساغ بۆوە کە ڕۆژ ئاوا بووە، موستەحەببە بە پەلە ڕۆژوو بشکێندرێت. لە سەهلی کوڕی سەهلەوە هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لا يَزَالُ النَّاسُ بِخَيرٍ مَا عَجَّلُوا الفِطرَ) (رواه البخاري ومسلم). واته: بەردەوام خەڵك لە خێردان مادام پەلە بکەن لە ڕۆژوو شکاندندا.

وە ئەبێ بە چەند دەنك خورمای تەڕ ڕۆژوو بشکێندرێت و تاك بێت، جا ئەگەر دەست نەکەوت بەئاو بیشکێنێت.

لە ئەنەسەوە ﷺ هاتووە ووتویەتی: پێغەمبەر ﷺ پێش ئەوەی نوێژەکەی بکات بە خورمای ڕوطەب ڕۆژووەکەی ئەشکاند، جا ئەگەر روطەب نەبووایە بە خورمای ووشك، وە ئەگەر ئەویش نەبووایە چەند قومێك ئاوی ئەخواردەوە. (رواه أبوداود والحاكم وصححه والترمذي وحسنه).

لە سولەیمانی کوڕی عامیرەوە هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (إذَا كَانَ أحَدُكُم صَائِماً فَلْيُفطِر على التَّمرِ، فَإن لَم يَجِدِ التَّمرَ فعلى المَاءِ، فَإنَّ المَاءَ طُهُورٌ) (رواه أحمد والترمذي وقال: حسن صحيح). واته: ئەگەر کەسێك لە ئێوە بەڕۆژوو بێت با بە خورما بەربانگ بکاتەوە، جا ئەگەر خورمای دەست نەکەوت بە ئاو، چونکە ئاو پاك کەرەوەیە.

لەم حەدیسەدا بەڵگەی ئەوە هەیە کە موستەحەببە پێش کردنی نوێژی ئێوارە بەربانگ بکرێت، بەو شێوەیە، وە کاتێ لە نوێژ بۆوە خواردنی تەواو بخوات، بەڵام ئەگەر خواردنەکە ئامادە بوو ئەبێ پێش نوێژەکە دەست بکات بە نان خواردن. ئەنەس فەرموویەتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (إذَا قُدِّمَ العَشَاءُ فَابدَؤا بِهِ قَبلَ صَلاةِ المَغرِبِ، ولا تَعجَلُوا عَن عَشَائِكُم). (رواه الشيخان). واته: ئەگەر نانی ئێوارە ئامادە بوو دەست بکەن بە نان خواردن پێش نوێژی ئێوارە، وە پەلە مەکەن لە خواردنەکەتاندا.

٣- پارانەوە لەکاتی ڕۆژوو شکاندندا و کاتی بەڕۆژوو بوون:

ئیبنوماجە لە عبداللە ی کوڕی عەمری کوڕی عاصەوە ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (إنَّ للصَّائِمِ عِندَ فِطرِهِ دَعوةٌ مَا تُرَدُّ)[1]. واتە: بەڕاستی بۆ ڕۆژووان لە کاتی ڕۆژوو شکاندنەکەیدا پارانەوەیەك هەیە کە گەڕانەوەی نی یە و گیرا ئەبێت لای خوا.

عبداللە کاتێ ڕۆژووەکەی ئەشکاند ئەی ووت: (اللَّهُمَّ إنِّي أسألُكَ بِرَحمَتِكَ الَّتِي وَسِعَت كُلَّ شَيءٍ أن تَغفِرَ لِي) واتە: خوایە من داوات لێ ئەکەم بە ڕەحمەتی خۆت، ئەو ڕەحمەتەی هەموو شتێکی گرتۆتەوە کە لێم خۆش بی.

وە ثابتە کە پێغەمبەر ﷺ کاتێ بەربانگی ئەکردەوە ئەی فەرموو: (ذَهَبَ الظَّمَأُ وَابتَلَّتِ العُرُوقُ، وَثَبَتَ الأجرُ إن شَاءَ اللهُ تعالى). واتە: بەم ڕۆژوو شکاندنە تینوێتیمان نەما و دەمارەکان پاراو بوون، وە خوا بیەوێت پاداشمان سابت بووە.

بە مورسەلی ڕیوایەت کراوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (اللَّهُمَّ لَكَ صُمتُ وعلى رِزقِكَ أفطَرتُ). واتە: خوایە بۆ تۆ بەڕۆژوو بووم و لەسەر ڕزقی تۆ بەربانگم کردۆتەوە.

(ترمذي) بە سەنەدێکی حەسەن ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (ثَلاثَةٌ لاتُرَدُّ دَعوَتُهُم: الصَّائِمُ حتى يُفطِرَ، والإمَامُ العَادِلُ، وَالمَظلُومُ)[2]. واتە: سێ کەس دوعاکانیان گەڕانەوەی نی یە: ڕۆژووان هەتا ڕۆژووەکەی ئەشکێنێ، پێشەوای دادپەروەر و عادل، وە ستەم لێ کراو.

٤- وازهێنان لەوشتانەی لەگەڵ ڕۆژوودا ناگونجێن:

ڕۆژوو عیبادەتێکە لە ڕیزی ئەو شتانەی کە ئینسان لە خوا نزیك ئەخاتەوە، خوای گەورە بۆیە ڕۆژووی داناوە تاوەکو پەروەردەی نەفس بکات و لەسەر خێر ڕامی بێنێ، جا بۆیە پێویستە ڕۆژووان خۆی لەو کردەوانە بپارێزێت کە ڕۆژووەکەی کەل ئەکەن، بۆ ئەوەی سوودی تەواو لەو ڕۆژووە وەربگرێت، وە ئەو تەقوایەی دەست بکەوێت کە خوا باسی کردووە. لەم فەرموودەیەدا: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ﴾ (البقرة/١٨٣). واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ڕۆژووتان لەسەر فەرز کرا، وەك چۆن لەسەر ئەوانەی پێش ئێوە فەرز کرا بەڵکو تەقواتان ببێت و خۆتان بپارێزن.

---

[1] دانەر بێ دەنگ بووە لەسەری و وای نیشان داوە کە صەحیح بێت، بەڵام واش نی یە چونکە لە سەنەدەکەیدا ئیسحاقی کوڕی (عبیداللە)ی مەدەنی تێدایە، ئەویش ناسراو نی یە، هەروەك (منذري) لە الترغیب دا ووتویەتی، وە هەر لەبەر ئەوەشە ئیبنوقەییم لە زاددا ئاماژەی بۆ زەعیفی ئەم حەدیسە کردووە، منیش ئەم حەدیسەم تەخریج کردووە و هەندێك بە درێژی باسم کردووە لە (التعليقات الجياد) دا پاشان لە (إراوا الغليل) دا بە ژمارە (٩٢١) (تمام المنة).

[2] کورتەی قسەی شێخ ئەوەیە: دانەر ئەو تەحسین کردنەی لە ترمذییەوە وەرگرتووە بەڵام هیچ پەیوەندی نی یە لەنێوان تەحسین کردنی (ترمذي) و لەنێوان ئەم حەدیسەدا، چونکە جاری وا دەبێت حەدیس هەیە کە بە شاهیدەکانی لای (ترمذي) حەسەنە بەڵام خودی ئەو ئیسنادەی کە ئەم حەدیسەی لێ هاتووە حەسەن نی یە، جا زانایان بە حەدیسی ئاوها ئەڵێن: (صحيح لغيره). جا وورد بەرەوە ئینجا حەدیسەکە کەسێکی تێدایە کە مەجهولە و نەناسراوە، وە منیش لە (الضعيفة) دا تەخریجم کردووە بە ژمارە (١٣٥٨) و باسی ئەوەشم کردووە کە بەرهەڵستی حەدیسی صەحیحی تر ئەکات کە لە (الصحيحة) دا هاتووە بە ژمارە (٥٩٦).

بەڕۆژوو بوون تەنها ئەوە نی‌یە خۆ بگرێتەوە لە خواردن و خواردنەوە، بەڵكو خۆگرتنەوەیە لە خواردن و خواردنەوە و هەرچی خوا قەدەغەی كردووە.

لە ئەبوهورەیرەوە هاتووە كە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (لَيسَ الصِّيَامُ مِنَ الأكلِ وَالشُّربِ، وَإنَّما الصِّيَامُ مِنَ اللَّغوِ وَالرَّفَثِ، فَإن سَابَّكَ أحَدٌ، أو جَهِلَ عَلَيكَ، فَقُل: إنِّي صَائِمٌ إنِّي صَائِمٌ). (رواه ابن خزيمة وابن حبان والحاكم وقال: صحيح على شرط مسلم). واتە: بەڕۆژوو بوون تەنها خۆگرتنەوە نی‌یە لە خواردن و خواردنەوە، بەڵكو خۆ گرتنەوەیە لە قسەی خراپ و جوێندان، وە ئەگەر كەسێك جوێنی پێ دایت یا بەرانبەرت هەڵە و نەزانی كرد، تۆ بڵێ: من بەڕۆژووم، من بەڕۆژووم.

جەماعەت جگە لە موسلیم ئەگێڕنەوە لە ئەبوهورەیرەوە كە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (مَن لَم يَدَع قَولَ الزُّورِ وَالعَمَلَ بِهِ فَلَيسَ للهِ حَاجَةٌ فِي أن يَدَعَ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ). واتە: هەركەس واز لە بوختان و قسەی درۆو كردەوە پێ كردنی نەهێنێ خوا پێویستی بە وازهێنانی ئەو لە خواردن و خواردنەوەكەی نی‌یە. (واتە: خوا ڕۆژووەكەی لێ وەرناگرێت).

هەر لە ئەبوهورەیرەوە هاتووە: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (رُبَّ صَائِمٍ لَيسَ لَهُ مِن صِيَامِهِ إلا الجُوعَ، وَرُبَّ قَائِمٍ لَيسَ لَهُ مِن قِيَامِهِ إلا السَّهَرَ). (رواه النسائي وابن ماجه والحاكم وقال: صحيح على شرط البخاري) واتە: زۆر ڕۆژووان هەیە لە برسێتی بەولاوە هیچی بۆ نامێنێتەوە، وە زۆر شەونوێژكەریش هەیە لە بێ خەوی بەولاوە هیچی بۆ نامێنێتەوە.

٥- سیواك كردن:

پەسەندە بۆ ڕۆژووان سیواك بكات، جا لە سەرەتای ڕۆژەوە بێت یا لە كۆتایی ڕۆژ دابێت وەك یەكە. (ترمذي)

ئەڵێت: شافیعی بە خراپی نە ئەزانی لەسەرەتا و كۆتایی ڕۆژدا سیواك بكرێت.

پێغەمبەر ﷺ بەڕۆژوو بووە و سیواكیشی كردووە، وە ئەمە لە پێشەوە باس كراوە، جا بۆی بگەڕێرەوە.

٦- سەخاوەت و قورئان خوێندن:

قورئان خوێندن و سەخاوەت هەموو كاتێك پەسەندە، بەڵام لە ڕەمەزاندا زۆرتر جەختی لەسەر ئەكرێ.

بوخاری لە ئیبنوعەبباسەوە رضي الله عنه ئەگێڕێتەوە فەرمویەتی: پێغەمبەر ﷺ سەخیترین كەس بووە، بەڵام لە ڕەمەزاندا زۆرتر سەخی بووە كاتێ جوبرائیل ئەهات بۆ لای، وە هەموو شەوێك ئەهاتە لای و قورئانی لەگەڵدا ئەخوێند، وە پێغەمبەر ﷺ لە خێركردن و بەخشیندا لە با خێراتر بوو.

٧- تێكۆشان لە خوا پەرەستیدا لە دە ڕۆژی دوایی ڕەمەزاندا:

١- بوخاری و موسلیم لە عائیشەوە ئەگێڕنەوە كە پێغەمبەر ﷺ كاتێ ئەگەیشتە دە ڕۆژی دوایی ڕەمەزان شەوانی زیندو ئەكردەوە بە عیبادەت و خێزانەكانی هەڵئەساند و بەندوخێنی توند ئەكرد.

لە ڕیوایەتێكی موسلیمدا هاتووە: پێغەمبەر ﷺ لەو دە ڕۆژانەدا ئەوەندە تێ ئەكۆشا كە لە غەیری ئەو دە ڕۆژانە ئەوەندە تێ نەئەكۆشا.

(ترمذي) ئەگێڕێتەوەو بە صەحیحی داناوە لە عەلی‌یەوە رضي الله عنه فەرمویەتی: پێغەمبەر ﷺ خێزانەكانیشی لە دە ڕۆژی ئاخری ڕەمەزاندا هەڵئەساند و بەندوخێنی توند ئەكرد.

ئەو ڕۆژانەی بەڕۆژوو بوون تێیاندا قەدەغەیە:

چەند حەدیسێك هاتووە دان بەوە دائەنێت کە ڕۆژوو گرتن لە چەند ڕۆژێکدا قەدەغەیە، وا لە خوارەوە ڕوونی ئەکەینەوە:

١- نەهی لە بەڕۆژوو بوون لە دوو جەژنەکاندا:

زانایان هەموو کۆن لەسەر حەرامێتی بەڕۆژوو بوون لە دوو ڕۆژەی جەژنەکاندا، ڕۆژووەکە فەڕز بێت یا سوننەت، بەپێی قسەکەی عومەر ﷺ کە فەرمویەتی: پێغەمبەر ﷺ ڕۆژوو گرتنی دوو ڕۆژی هەردوو جەژنەکانی قەدەغە کردبوو. قەدەغەیی ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان لەبەر ئەوەیە کۆتایی هاتنی ڕۆژوو گرتنتانە، وە قەدەغەیی ڕۆژی جەژنی قوربان لەبەر ئەوەیە کە لە قوربانییەکانتان بخۆن. (رواه أحمد والأربعة)[1].

٢- نەهی لە بەڕۆژوو بوون لە (أيام التشريق) دا، واتە دووەم و سێیەم و چوارەم ڕۆژی جەژنی قوربان:

دروست نییە کەس لەو سێ ڕۆژەدا کە بە دوای جەژنی قورباندا دێت بەڕۆژوو بێت، بەپێی ئەوەی ئەبوهورەیرە ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ عبدالله ی کوڕی حوزافەی نارد بۆ مینا بانگەواز بکات بڵێت: (ئەم ڕۆژانە بەڕۆژوو مەبن، چونکە ڕۆژانی خواردن و خواردنەوەو یادی خوا کردنە). (ئەحمەد بە ئیسنادێکی (جید) گێڕاویەتییەوە).

طەبەرانی لە (الأوسط)دا ئەگێڕێتەوە لە ئیبنوعەبباسەوە ﷺ کە پێغەمبەر ﷺ جاڕچییەکی نارد جاڕ بدات بڵێت: ئەم ڕۆژانە کەس تێیاندا بەڕۆژوو نەبێت، چونکە ڕۆژی خواردن و خواردنەوە و چوونە لای ژنەکانتانە[2].

([1]) مانای ئەم حەدیسە لە صەحیحەیندا هەیە و لە (الإرواء) یشدا تەخریج کراوە بە ژمارە (٩٦٢) (تمام المنة)

([2]) کورتەی قسەی شێخ ئەلبانی ئەوەیە: دوو ڕەخنەی لێ ئەگیرێ:

دانەر ئەم حەدیسەی لە (مجمع الزوائد) ەوە وەرگرتووە جا بە هەڵە نەقڵی کردووە، چونکە ئەم زاراوەیە لە (الكبير) ی (طبراني) دا هەیە نەك لە (أوسط) دا جا گێڕانەوە ی ئەم زاراوەیە بۆ (أوسط) هەڵەیەکە هەم دەرهەق بە (طبراني) کراوە و هەم دەرحەق بە (هيثمي)، جا ئەم نەقڵ کردنەی دانەر بۆتە هۆی ئەوەی کە هەڵەی کردبێت لە زاراوەکەدا.

ڕەخنەی دووەم: ئەو زاراوەی کە لە حەدیسەکەدا هاتووە کە باسی چوونە لای ژن ئەکات سەنەدەکەی زەعیفە با (هیثمي)ش بە حەسەنی دانابێت، پاشان شێخ بەڵگەی زەعیفی ئەم ئیسنادە ئەهێنێتەوە دوایی ئەفەرمووێت: کورتەی باس ئەوەیە کە ئەم زیادەیە لە ماناو ریوایەتدا مونکەرە، لە ریوایەتدا ئەوە باسەکەیت زانی کە باسمان کرد، ئەمما لە ماناکەیدا لەبەر بەرهەڵستی کردنییەتی لەگەڵ هەندێك ڕێگای تردا کە بە صەحیحی هاتووە —لە جیاتی زاراوەی چوونە لای خێزان- یادی خوا کردن هاتووە، چونکە چوونە لای خێزان بە عەمەلی ناکرێت لە ڕۆژانی (أيام التشريق)دا لە ژێر ئەو هەموو چادرە زۆر و بەیەك نووساوە و قەرەباڵغەدا، هەروەك ئاشکرایە، ئیتر خوای گەورەش بۆخۆی زاناترە.

جا کاتێك ئەوەت زانی، بزانە کە شێخ (عبد الله الغماري) لەو کتێبەیدا کە ناوی ناوە (الكنز الثمين في أحاديث النبـي الأمين) هەڵەیەکی زۆر گەورەی کردووە لە حەدیسەکەی نوبەیشەدا کە لەمەوبەر باس کراوە.

لەو ریوایەتەشدا کە باسی چوونە لای ژنیشی هێناوە، کە ئەمەش لە چەند ڕوویەکەوە پوچەڵە:

١- ئەم زیادەیەی کە هەیە لەگەڵ ئەوەشدا کە زەعیفە، ئەو دووانەی کە ریوایەتەکە لە نوبەیشەوە ئەگێڕنەوە باسی ئەوەیان نەکردووە، ئەمەش هەڵەیەکە دەرهەق بە هەموویان.

٢- دەرهەق بە (سيوطي) ش هەر هەڵەی کردووە، چونکە ئەم حەدیسە لە (الجامع الصغير) دا هەیە بەڵام ئەم زیادەیەی تێدا نییە.

بەڵام هاوەڵانی شافیعی ڕێیان داوە ئەو سێ ڕۆژە ڕۆژووی تێدا بگیرێت کە ناویان (أیام التشریق)ە بۆ ئەو کەسانەی ڕۆژوو گرتنەکەیان لەو ڕۆژانەدا هۆی هەبێت، وەك ڕۆژووی نەزر یا کەفارەت وگێڕانەوە. بەڵام ئەو ڕۆژووەی کە هۆی نی‌یە، ئەوە بەبێ ئیختیلافی نێوان زانایان دروست نی‌یە لەو سێ ڕۆژەدا بەڕۆژوو بێت. وە ڕۆژووی ئەو سێ ڕۆژە کە نەهی کراوە لە ڕۆژوو گرتن تێیدا، هەروەك ئەو نوێژانەیان داناوە کە لەبەر هۆیەك لەوکاتانەدا دروستە بکرێت کە نەهی کراوە لە نوێژکردن تێیدا.

٣- جیاکردنەوەی ڕۆژی هەینی و بەتەنها بەڕۆژوو بوون تێیدا قەدەغەیە:

ڕۆژی هەینی جەژنی هەفتانەی موسڵمانانە، لەبەر ئەوە پێغەمبەر ﷺ ڕۆژوو گرتنی تێدا قەدەغە کردووە، وە جەماوەری زانایان بۆ ئەوە چوون کە ئەو قەدەغە کردنە بۆ کەڕاهەتە، نەك بۆ حەرامێتی، مەگەر ڕۆژێك پێش هەینی یا دوای هەینی بەڕۆژوو بوو، یا کەوتە ناو ئەوکاتانەی ئەو خوی پێوە گرتووە تێیدا بەڕۆژوو بێت، یا ڕۆژی عەرەفە بوو، یا عاشوڕا، ئەوە کەڕاهەتی نی‌یە ئەگەر کەسێك تێیدا بەڕۆژوو بێت، چونکە لە عبدالله ی کوڕی عومەرەوە رضي الله عنه هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ چوو بۆ ماڵی جوەیری‌یەی کچی (حارث) کە ڕۆژی هەینی بوو، سەیری کرد بەڕۆژووە، فەرمووی: (ئایا دوێنێ بەڕۆژوو بوویت؟) ووتی: نا. فەرمووی: (ئەی ئەتەوێ سبەینێ بەڕۆژوو بیت؟) ووتی: نا. فەرمووی: (کەواتە بیشکێنە). (بەززار بەسەنەدێکی حەسەن گێراویەتی‌یەوە)[٣].

لە عامیری ئەشعەری‌یەوە هاتووە ووتویەتی: گوێم لێ بووە پێغەمبەر ﷺ ئەیفەرموو: (إنَّ يَومَ الجُمُعَةِ عِيدُكُم فَلا تَصُومُوهُ، إلا أن تَصُومُوا قَبلَهُ أو بَعدَهُ) (رواه البزار بسند حسن). واتە: ڕۆژی هەینی جەژنی خۆتانە تێیدا بەڕۆژوو مەبن، بەڵام ئەگەر عادەتتان بوو ڕۆژێکی پێشووی یا دوایی بەڕۆژوو بوون، ئەوە بەڕۆژوو بن.

عەلی رضي الله عنه فەرموویەتی: هەرکەس لە ئێوە ئەیەوێت بەڕۆژووی سوننەت بێت با ڕۆژی پێنج شەممە بەڕۆژوو بێت، نەك ڕۆژی هەینی، چونکە ڕۆژی هەینی ڕۆژی خواردن وخواردنەوە ویادی خوایە.(ئیبنوئەبی شەیبە بە سەنەدێکی حەسەن ڕیوایەتی کردووە).

٣- وا دەرئەکەوێت بۆ خۆی سەرنجی ئەو کارەی داوە کە ئاماژەمان بۆ کرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ئەوەندەی باس کردووە لە ماناکەیدا کە نەکاڕەتی تێدا نەبێت. جا لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەم شێوەیە لەسەری دوواوە:

چوونە لای ژنی بە دەست بازی لەگەڵیدا لێك داوەتەوە بێ ئەوەی باسی نزیکی و جووت بوون بکات، کە زۆربەی مەبەستی دەست بازی هەر لەبەر ئەوەیە، وە بۆیەشەیە وای کردووە چونکە ئەو مانایە مونکەرە، جا ئەگەر ناوبراو ئاگای لە حەدیسە صەحیحەکان بووایە و ئاگای لە مەتن و لەوەی کە صەحیحە و لەوەی کە صەحیح نی‌یە لە زاراوەکانی، ئەوە ئاوها تووشی ئەم هەڵە زاراوەیی‌یەش نەدەبوو.

وە ئەم غەماری‌یەش چەندین هەڵەی هەیە، و چەندین حەدیسی بە صەحیح داناوە لە کەنزەکەیدا و لە کتێبی تریشیدا کە من بەسەر زۆریاندا ئاگاداریم هەیە، لەبەرگی و سێ و چواری (الأحاديث الضعيفة) دا باس کراوە جا بگەڕێرەوە بۆ پێشەکی‌یەکەیان.

(3) بوخاری لە خودی حەدیسی جوەیری‌یەوە ئەیگێڕێتەوە و حەدیسەکەش هەر یەکێکە لەگەڵ ئەوەی تریان، بەڵام ڕاوی‌یەکانیان جیاوازیان هەیە، چونکە هەندێکیان لە موسنەدی ئیبنوعەمردا ئەیگێڕێتەوە و هەندێکیان لە موسنەدی جوەیری‌یەوە.

و (حافظ) لە فەتحدا هەر ئەوەی پارسەنگ داوەتەوە، جا سەیری لێکۆڵینەوەکەی من بکە لەسەر صەحیحی ئیبنوخوزەیمە کە بە ژمارە (٢١٦٢) وە صەحیحی ئەبی داود (٢٠٩٣) (تمام المنة)

لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا لە جابیرەوە ﷺ هاتووە دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لا تَصُومُوا يَومَ الجُمُعَةِ، إلا وَقَبلَهُ يَومٌ ، أو بَعدَهُ يَومٌ). واتە: ڕۆژی هەینی بەڕۆژوو مەبن مەگەر ڕۆژی پێشووی یا دوای بەڕۆژوو بن.

وە لە (لفظ)ێکی موسلیمدا هاتووە فەرموویەتی: (وَلا تَخُصُّوا لَيلَةَ الجُمُعَةِ، بِقِيَامٍ مِن بَينِ اللَّيَالِي، وَلا تَخُصُّوا يَومَ الجُمُعَةِ، بِصِيَامٍ مِن بَينِ الأَيَّامِ، إلا أن يَكُونَ فِي صَومٍ يَصُومُهُ أحَدُكُم). واتە: شەوانی هەینی لەناو هەموو شەوەکاندا تایبەت مەکەن بۆ شەو نوێژ، وە ڕۆژانی هەینی لەناو هەموو ڕۆژەکاندا تایبەت مەکەن بۆ ڕۆژوو گرتن، مەگەر بکەوێتە ناو ڕۆژووی کەسێکتانەوە کە عادەتی وابێ بیگرێ.

٤- ڕۆژوو گرتنی ڕۆژی شەممە بە تەنها و جیاکردنەوەی قەدەغەیە:

بوسری سولەمی‌یەوە لە صەممائی خوشکی‌یەوە ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لا تَصُومُوا يَومَ السَّبتِ إلا فِيمَا افتَرَضَ عَلَيكُم، وَإن لَم يَجِد أحَدُكُم إلا لِحَا عِنَبٍ أو عُودَ شَجَرَةٍ فَلِيَمضَغهُ). (ئەحمەدو خاوەن سونەنەکان ریوایەتیان کردووە، وە حاکم ووتویەتی: صەحیحە لەسەر شەرتی موسلیم، وە (ترمذي) بە حەسەنی داناوە)[4]. واتە: ڕۆژی

([4]) زانایان جیاوازیان هەیە لەبارەی ئەم حەدیسەوە، ئەوانەی دانەر باسی کردن بەهێزیان کردووە، وە مالیك ووتویەتی ئەم حەدیسە درۆیە، و ئیمام ئەحمەدیش بە زەعیفی داناوە لە (تهذیب السنن)دا و نەسائی ووتویەتی: (مضطرب)ە، هەروەها (حافظ) یش وای ووتووە وە (حافظ) باسی (إضطراب)ەکەشی کردووە لە (التلخیص)دا، جا هەرکەس پێی خۆشە با بۆی بگەڕێتەوە (٦/٤٧٢) پاشان بۆم دەرکەوت کە حەدیسەکە صەحیحە، و ئەو (إضطراب)ەش لەسەر صیحەتی حەدیسەکە کاریگەر نی‌یە، چونکە هەندێك لە ڕێگاکانی سالمە، ئەمەشم لە (إرواء الغليل)دا ڕوون کردۆتەوە بە ژمارە (٩٦٠) بە شێوەیەك کە هیچ ڕێگا بۆ گومان کردن لە صەحیحی‌یەتەکەیدا ناهێڵێ.

وە مناکردنەوەی ئەم حەدیسە بە قەدەغە کردنی ڕۆژووی شەممە بە تەنها، بەم ڕستەیە لائەچێت کە فەرموویەتی: مەگەر ڕۆژووی فەرز نەبێت، چونکە ئەم حەدیسە وەکو ئیبنوقەییم لە (تهذیب السنن)دا باسی کردووە:

بەڵگەی قەدەغە کردنی ڕۆژووی سوننەتە، بە تەنیا بێت یان لەگەڵ ڕوژی تردا بێت وەك یەکە، چونکە ئەم جیا کردنەوەی ڕۆژووی فەرزە ئەوە ئەگەیەنێت کە قەدەغە کردنەکە هەموو جۆرەکانی ڕۆژووی سوننەت ئەگرێتەوە، جا ئەگەر هەر شێوەی تەنهایی شەممەی بگرتایەتەوە ئەوە ئەیفەرموو: ڕۆژی شەممە بە تەنیا جیا مەکەنەوە بە ڕۆژوو، مەگەر ڕۆژێك لە پێشیا یان لە دوایدا بەڕۆژوو بن، هەروەکو لەبارەی ڕۆژووی جومعەوە وای فەرمووە.

جا کاتێك ئەوە دەرکەوت ئینجا ئەم حەدیسە بەرهەڵستی لەگەڵ ئەو حەدیسانەدا ئەکات کە ڕۆژووی سوننەت لە شەممەدا بە ڕەوا دائەنێت، وەك حەدیسەکەی عبداللەی کوڕی عەمر کە لە پێشەوە هاتوە لە باسی نەی لە بەڕۆژوو بوونی ڕۆژی هەینیدا وە وێنەی ئەو کە ئیبنوقەییم لەژێر ئەم حەدیسەدا باسی کردووە لە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر گرنگ و بەسووددا، لەوێدا قسەی زانایانی باس کردووە، لە دواییدا گەیشتۆتە ئەو سەرەنجامەی کە قەدەغە کردنەکە بۆ بەڕۆژوو بوونە لە شەممەدا بە تەنها، وە ئەم حەدیسە و ئەوانەی تری یەك خستووە، جا منیش لە (الإرواء) دا هەر بەلای ئەم ڕایەدا چووم.

وە من پێم وایە یەك خستن و کۆکردنەوە لەنێوان ئەم حەدیسانەدا چاکە، ئەگەر دوو شت نەبێ:

یەکەم: ئەم حەدیسە بە صەراحەت بەرهەڵستی ئەم حەدیسە صەحیحانە نەکات وەك لە ئیبنوقەییمەوە باسم کرد.

دووەم: ڕێگایەکی تر هەیە بۆ یەك خستنی ئەم حەدیسانە و کۆکردنەوەیان، ئەگەر بمانەوێ کار بەو قاعیدە زانستیانە بکەین کە لە کتێبە ئوصولی‌یەکاندا باس کراوە، جا لەو قاعیدانە ئەمانەی خوارەوەن:

شەممە بەڕۆژوو مەبن جگە لە فەڕزەکان، جا ئەگەر هیچتان دەست نەئەکەوت کە بیخۆن جگە لە چێوکە ترێیەك نەبێت، ئەوە بیجون با ڕۆژووەکەتان بشکێ.

(ترمذي) ووتویەتی: واتای کەڕاهەت لێرەدا ئەوەیە کە ئەو کەسە بە تایبەتی هەر لە ڕۆژی شەممەندا بەڕۆژوو بێت، چونکە جولەکەکان ئەم ڕۆژە بە ڕۆژێکی مەزن دائەنێن.

ئومموسەلەمە فەرمویەتی: پێغەمبەر ﷺ ڕۆژی شەممان و یەك شەممان زۆرتر بەڕۆژوو ئەبوو، لەچاو ڕۆژانی تردا. وە ئەیفەرموو: ئەم دوو ڕۆژە جەژنی بێ باوەڕەکانە، بۆیە حەز ئەکەم پێچەوانەی ئەوان بم. (ئەحمەدو بەیهەقی و حاکم و ئیبنوخوزەیمە گێڕاویانەتەوە، وە حاکم و ئیبنوخوزەیمەش بە صەحیحیان داناوە).

مەزهەبی حەنەفیەکان و شافیعیەکان و حەنبەلیەکانیش ئەوەیە، کە ڕۆژوو گرتنی ڕۆژی شەممە بەتەنیا بە کەڕاهەت دائەنێن بەپێی ئەو بەڵگانە.

مالك بە پێچەوانەی ئەمانە ڕێی داوە بە بێ کەڕاهەت ڕۆژووی تێدا بگیرێت، بەڵام حەدیسەکە بەڵگەیە بەسەریەوە.

٥- قەدەغەیی ڕۆژوو گرتنی (یوم الشك):

عەمماری کوڕی یاسر فەرموویەتی: هەر کەس ئەو ڕۆژەی گومانی هەیە کە ڕەمەزان بێت، بەڕۆژوو بێت ئەوە سەرپێچی ئەبوقاسمی کردووە ﷺ. (خاوەن سونەنەکان گێڕاویانەتەوە). (ترمذي) ووتویەتی: حەدیسێکی حەسەن و صەحیحە، وە بەشی زۆری زانایان بەو حەدیسە کار ئەکەن، وە سوفیانی ثەوری و مالیکی کوڕی ئەنەس و عبداللّٰە‌ی کوڕی موبارەك و شافیعی و ئەحمەد و ئیسحاق ئەڵێن: کەڕاهەتی هەیە هەر کەس لەو ڕۆژەدا بەڕۆژوو بێت.

وە بەشی زۆری زانایان ڕایان وایە ئەگەر کەسێك لەو ڕۆژە گومان لێ کراوەدا بەڕۆژوو بێت واتە بە گومانەوە تێیدا بەڕۆژوو بێت و ڕەمەزانیش بێت، ئەوە ئەبێت ڕۆژێك دووای ڕەمەزان بەڕۆژوو بێت لەجیاتی ئەو ڕۆژە. وە ئەڵێن: بەڵام ئەگەر ئەو ڕۆژە بەر عادەتێکی ڕۆژووی خۆی کەوت، دروستە بەڕۆژوو بێ تێیدا.

١- زانایان ئەڵێن: ئەگەر قەدەغەکەرو ڕەواکەر کۆبوونەوە، ئەوە قەدەغەکەرەکە پێش ئەخرێت.

٢- ئەگەر قسە و کردەوە بەرهەڵستی یەکتریان کرد ئەوە قسەکە پێش کردەوەکە ئەخرێت.

وە هەرکەس لەو حەدیسانە وورد بێتەوە کە بەرهەڵستی ئەم حەدیسە ئەکەن، ئەبینێت کە دوو جۆرن:

١- حەدیسی یەکەم کردەوەی پێغەمبەر ﷺ و بەڕۆژوو بوونیەتی.

٢- حەدیسەکەی تر قسەی پێغەمبەرە ﷺ هەروەك لە حەدیسەکەی ئیبنوعەمردا هاتووە لەمەوبەر.

جا ئەوەی ئاشکرا و دیارە ئەوەیە، کە هەردووکیان ڕەوا بوون دەرئەخەن. کەواتە کۆ کردنەوە لە نێوان ئەواناو لەنێوان حەدیسی نەهی‌یەکەدا، ئەوە پێویست ئەکات کە ئەم حەدیسە پێش ئەوان بخرێت چونکە ئەم قەدەغەکەرە، وە ئەوان ڕەواکەرن، هەروەها فەرمودەکەی پێغەمبەر ﷺ کە بە جاریەکەی فەرموو: (أتريدين أن تصومي غداً) واتە: ئایا ئەتەوێ بەیانی بەڕۆژوو بیت؟ وە ئەوەی کە مانای ئەمی هەبێت، دووبارە ڕەوا بوون ئەگەیەنێت، کەواتە دووای حەدیسەکە ئەخرێت.

من ئاوام بۆ دەرکەوتووە. جا ئەگەر پێکابێتم ئەوە لە خواوەیەو سوپاس و ستیاشی ئەکەم لەسەر یارمەتی دانی و سەرخستنم، وە ئەگەر هەڵەشم کردبێت ئەوە لە خۆمەوەیە، وە داوای لێ خۆش بوونی گوناهم لە خوا ئەکەم. (تمام المنة ـ محمد ناصرالدين الألباني).

لە ئەبوهورەیرەوە هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (لا تُقَدِّمُوا صَومَ رَمَضَانَ بِيَومٍ وَلا بِيَومَينِ، إلا أن يَكُونَ صَومٌ يَصُومُهُ رَجُلٌ، فَلْيَصُم ذَلِكَ اليَومِ) (رواه الجماعة). واتە: ڕۆژێك یا دوو ڕۆژ پێش ڕەمەزان بەڕۆژوو مەبن، مەگەر کەسێك عادەتی بێت، ئەوکاتە با بەڕۆژوو بێت.

(ترمذي) ووتویەتی: ئەم حەدیسە حەسەن وصەحیحە، زانایان کردەوەی پێ ئەکەن، وە بە خراپیان داناوە کەسێك پەلە بکات لە بەڕۆژوو بوون پێش ئەوەی ڕەمەزان بێت لەبەر واتای ڕەمەزان.

بەڵام ئەگەر کەسێك ڕۆژوویێکی تایبەتی خۆی هەبێت و ئەو ڕۆژەشی بەر بکەوێت ئەو کاتە قەیناکە لایان.

٦- ڕۆژوو گرتنی هەموو ساڵ قەدەغەیە:

حەرامە کەسێك ساڵەکە هەمووی بەڕۆژوو بێت، بەو ڕۆژووانەشەوە کە پێغەمبەر ﷺ ڕۆژوو گرتنی تێیاندا قەدەغە کردووە. بەپێی حەدیسی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی: (لاصَامَ مَن صَامَ الأبَدَ) (رواه أحمد والبخاري ومسلم). واتە: ڕۆژووی ئەو کەسە گیرا نابێت کە ساڵ دوانزەی مانگ بەڕۆژوو ئەبێت.

بەڵام ئەگەر کەسێك دوو ڕۆژە جەژنەکەو سێ ڕۆژی دووای قوربان بەڕۆژوو نەبێت، ئیتر هەموو ڕۆژەکانی ساڵ بەڕۆژوو بێت جگە لەو ڕۆژانە کەڕاهەتی لەسەر نامێنێ[5]، بە مەرجێك لەو کەسانە بێت کە توانای بەڕۆژوو بوونیان هەبێت.

(ترمذي) ووتویەتی: کۆمەڵێك زانایان بە خراپیان داناوە بەڕۆژوو بوونی ساڵ دوانزە مانگە، ئەگەر ڕۆژەکانی جەژن و ڕۆژانی تەشریقیشی لەسەر بێت، جا ئەگەر کەسێك لەو ڕۆژانەدا بەڕۆژوو نەبێت ئەوە لەوکەڕاهەتە خۆی ڕزگار کردووە، وە لەو کەسانە نابێت کە ساڵ دوانزە مانگە بەڕۆژوو ئەبن.

وە ئەوەش لە مالیك و شافیعی و ئەحمەد و ئیسحاقەوە ئەگێڕنەوە.

پێغەمبەر ﷺ ئیقراری کرد لەسەر ئەوەی حەمزەی ئەسلەمی لەسەر یەك بەڕۆژوو بێت. وە پێی فەرموو: (صُم إن شِئتَ وَأفطِر إن شِئتَ)[6]. واتە: هەرکاتێك ویستت بەڕۆژوو بە و هەرکاتێك ویستت بیشکێنە.

([5]) ئەو لێکدانەوەیە جیاوازە لەگەڵ ڕواڵەتی حەدیسەکەدا، کە ئەفەرمووێت: (لا صام من صام الأبد) وە فەرموویەتی: (لا صام ولا أفطر) واتە: نە بەڕۆژوو بووە و نە ڕۆژووی شکاندووە، وە ئیبنوقەییمی زانا ئەمەی ڕوون کردۆتەوە لە (زاد المعاد)دا، بەشێوەیەك کە هەموو گومانێك لائەبات جا فەرموویەتی: مەبەستی ئەو حەدیسە ئەوکەسە نی‌یە کە ڕۆژە حەرامەکان بگرێت. هەروەها (حافظ) یش لە فەتحدا وەك ئەوەی باس کردووە (تمام المنة).

([6]) بەڵێ ئەم حەدیسە باس کرا لە ژێر قسە کردن لەبارەی ئەو کەسانەوە کە بۆیان هەیە بەڕۆژوو نەبن... بەڵام بە زاراوەیەکی تر کە باسی لەسەر یەك ڕۆژوو گرتنی تێدا نی‌یە. لە ریوایەتێکی موسلیمدا هاتووە بەم زاراوەیە:

ووتی: ئەی پێغەمبەری خوا! من پیاوێکم ڕۆژوو بە بەردەوامی ئەگرم؟ جا ئایا لە سەفەردا بەڕۆژوو ببم؟ ئەویش فەرمووی: ئەگەر پێت خۆش بوو بەڕۆژوو بە وە ئەگەر پێت خۆش نەبوو بەڕۆژوو مەبە، ئیبنوخوزەیمە گێڕاویەتی‌یەوە (٢١٥٣).

بەڵام ئەوە نابێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە دانەر باسی کردووە، چونکە هیچ پەیوەندی‌یەك لە نێوان ڕۆژوو گرتنی بەردەوام و ڕۆژوو گرتنی ساڵ دووازدەی مانگدا نی‌یە.

ئەمەش لە پێشەوە باس کرا.

وە باشتر وایە ئەو کەسە ڕۆژێك بەڕۆژوو بێت و ڕۆژێك بەڕۆژوو نەبێت، چونکە ئەم شێوەیە چاکترین ڕۆژووە لای خوا[٧]، وەك لە دواییدا باسی ئەکەین.

٧- ئافرەت کاتێك مێردەکەی ئامادە بێت نابێت بێ ئیزنی ئەو بەڕۆژوو بێت:

پێغەمبەر ﷺ قەدەغەی کردووە لە وەختی لە ماڵ بوونی مێردا ژن بێ پرسی مێردەکەی بەڕۆژوو بێت، هەتا ڕێی نەدات.

لە ئەبوهورەیرەوە هاتووە: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (لاتَصُمِ المَرأةُ يَوماً وَاحِداً وَزَوجُهَا شَاهِد إلا بِإذنِهِ إلا رَمَضَانَ) (رواه أحمد والبخاري ومسلم). واتە: ئافرەت نابێت هەتا یەك ڕۆژیش بەڕۆژوو بێت بێ پرسی مێردەکەی، ئەگەر مێردەکەی ئامادە بوو -یەعنی لە ماڵ بوو- جگە لە ڕەمەزان.

زانایان ئەو قەدەغەیی‌یەیان حەمل کردووە لەسەر حەرامێتی، وە ڕێیان داوە بە پیاو ئەگەر ڕازی نەبوو ڕۆژووەکە بە ژنەکەی بشکێنێ، چونکە دەست درێژی کردووە لە مافی مێردەکەیدا. ئەمە ئەگەر ڕەمەزان نەبوو وەك لە حەدیسەکەدا هاتووە، چونکە ڕەمەزان پێویست ناکات پیاو ڕازی بێت. هەروەها ژن بۆی هەیە بێ پرسی مێردەکەی بەڕۆژوو بێت بە مەرجێك پیاوەکەی ئامادە نەبێت -لە سەفەر بێت- بەڵام کاتێ هاتەوە بۆی هەیە ڕۆژووەکەی پێ بشکێنێت، وە نەخۆشی مێردو نەبوونی توانای چوونە لای ژنەکەی، وەك لە ماڵ نەبوونیان داناوە، لە دروستی بەڕۆژوو بوونی بەبێ پرسی مێردەکەی، واتە: ژن ئەگەر پیاوەکەی بەو شێوەیە بوو ئەتوانێ پرسی پێ نەکات و بەڕۆژوو بێت.

دانە دەم یەکی ڕۆژوو (وصال) قەدەغەیە:

١- لە ئەبوهورەیرەوە هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (إيَّاكُم وَالوِصال، ـ قَالَهَا ثَلاثَ مَرَّاتٍ ـ قَالُوا: فَإنَّكَ تُوَاصِلُ يَا رَسُولَ الله؟ قَالَ: إنَّكُم لَستُم فِي ذَلِكَ مِثلِي، إنِّي أَبِيتُ يُطعِمُنِي رَبِّي وَيَسقِينِي، فَاكلُفُوا مِنَ الأعمَالِ مَا تُطِيقُونَ) (رواه البخاري ومسلم). واتە: نەکەن ڕۆژوو بدەنە دەم یەك، سێ جار ئەمەی فەرموو، ووتیان: تۆ خۆت ڕۆژوو ئەدەیتە دەم یەك ئەی

وە (حافظ) لە فەتحدا بەڵگەی هەندێك زانا باس ئەکات لە دروستی بەڕۆژوو بوونی ساڵ دووازدەی مانگ بەم حەدیسەی حەمزە، لە دواییدا قسەی لەسەر کردووە و فەرموویەتی:

وە ووتویانە پرسیار کردنەکەی حەمزە لەبارە ڕۆژوو گرتنی سەفەرەوە بووە، نەك لەبارەی ڕۆژوو گرتنی ساڵ دووازدەی مانگ، وە لەمەدا مانای ڕۆژوو گرتنی ساڵ دووازدە مانگی تێدا نی‌یە.

چونکە ئوسامەی کوڕی زەید ئەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ بە بەردەوامی بەڕۆژوو ئەبوو تاوەکو ئەیان ووت ئیتر ڕۆژوو ناشکێنێ، ئەحمەد لە موسنەدەکەیدا تەخریجی کردوە. وە ئاشکراشە کە پێغەمبەر ﷺ هەموو ساڵەکە بەڕۆژوو نەئەبوو، کەواتە کاتێك باسی بەردەوام بوون لە ڕۆژوودا ئەکرێت، ئەوە ناگەیەنێت کە مانای ڕۆژوو گرتنی هەموو ساڵەکە بێت (تمام المنة)

([٧]) ئەمە لەو بەڵگانەیە کە کەراهەتی هەیە هەموو ساڵ ڕۆژوو بگیردرێت، لەگەڵ جیاکردنەوەی ڕۆژە حەرامەکاندا، چونکە ئەگەر ڕۆژوو گرتنی هەموو ساڵ دروست بووایە، یان پەسەند بووایە ئەوە لە هەموو شت زۆرتر کاری پێ ئەکرا، وە لە هەموو شت باشتر ئەبوو، چونکە تەنها عیبادەت بەهێز ئەبێت، وە ئەگەر عیبادەت بووایە شتی تر لەو بەهێزتر نەئەبوو، هەروەك لە ئیبنوقەییمەوە باس کرا (تمام المنة).

نێرراوی خوا؟ فەرمووی: ئێوە لەمەدا وەك من نین، من ئەمێنمەوە پەروەردگارم خواردن و خواردنەوەم پیٚ ئەبەخشێت، ئێوە كارێك مەگرنە ئەستۆ كە لە تواناتانا نەبێت.

وە زانایان ئەم قەدەغە كردنەیان لەسەر كەراهەت داناوە.

ئەحمەدو ئیسحاق و ئیبنومونذیر ڕیٚیان داوە بە دانە دەم یەكی ڕۆژوو (وصال) هەتا پارشێو، بە مەرجێك لەسەر ڕۆژوو گرەكە گران نەبێت.

بەپیٚی ئەوەی بوخاری ئەگێڕێتەوە لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە رضي الله عنه كە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی: (لا تُوَاصِلُوا، فَأَيُّكُم أَرَادَ أن يُوَاصِلَ، فَلِيُوَاصِل حتى السَّحَرِ). واتە: ڕۆژوو مەدەنە دەم یەك، وە هەركەس لە ئێوە بیەویٚ ڕۆژوو بداتە دەم یەك با هەتا پارشێو بێت.

==================

سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نویٚ

ئەو شتانەی بۆ ڕۆژووان ڕەوایە

لەکاتی بەڕۆژوو بووندا ڕەوایە ئەم شتانەی خوارەوە بکرێت:

١-خۆخستنە ناو ئاوو خۆ نوقم کردن تێیدا:

بەپێی ئەوەی ئەبوبەکری کوڕی عبدالرحمن لە هەندێ صەحابەوە گێڕاویەتی‌یەوە کە بۆیان باس کردوە: پێغەمبەر ﷺ بەڕۆژوو بووە و ئاوی کردەوە بە سەریا لە گەرما، یا لە تینوا. (ئەحمەد و مالیك و ئەبوداوود بە ئیسنادێکی صەحیح گێڕاویانەتەوە).

لە صەحیحی بوخاری و موسلیمدا هاتووە لە عائیشەوە ڕەزای خوای لێ بێت کە پێغەمبەر ﷺ ڕۆژی ئەکردەوە بە لەشگرانی‌یەوە وبەڕۆژووش ئەبوو، لەپاشاندا خۆی ئەشۆری.

جا ئەگەر ئاو بچێتە ناو سکی ڕۆژووانەوە بەبێ ویستی خۆی ڕۆژووەکەی دروستە و ناشکێت.

٢- چاو ڕشتن بە کل و دڵۆپە (قطره) لە چاوکردن:

کل و قەترە و ئەو جۆرە شتانە کە بکرێتە چاوەوە ڕۆژوو ناشکێنن، چ تامەکەی لە قورگیا هەست پێ بکات یا هەستی پێ نەکات، چونکە چاو ڕێگایەك نی‌یە بۆ ناو سك.

لە ئەنەسەوە هاتووە ووتویەتی: پێغەمبەر ﷺ بەڕۆژوو بووە و چاوی ڕشتووە بە کل.

وە شافیعی‌یەکانیش هەر لەسەر ئەوەن، وە ئیبنومونذیرلە (عطاء) و حەسەن و نەخەعی و ئەوزاعی و ئەبوحەنیفە و ئەبوثەورەوە گێڕاویەتی‌یەوە.

هەروەها لە صەحابەکان ئیبنوعومەر و ئەنەس و ئیبنوئەبی ئەوفاوە ریوایەت کراوە، وە مەزهەبی داوودیشە. بەڵام لە پێغەمبەرەوە ﷺ لەم بارەیەوە بە صەحیحی هیچ نەهاتووە، وەك (ترمذي) ئەڵێ.

٣- ماچ کردن:

ماچ کردن بۆ کەسێك کە توانای بە سەر خۆیەوە هەبێت ڕەوایە.

چونکە ثابتە لە عائیشەوە ڕەزای خوای لێ بێت فەرمویەتی: پێغەمبەر ﷺ بەڕۆژوو بووە و ماچی کردووە، وە هەروەها یاری کردووە لەگەڵ ژنەکانیدا و بەڕۆژوو بووە، وە پێغەمبەر ﷺ لە هەموو کەس بە تواناتر بووە بە سەر خۆیدا.

لە عومەرەوە رضي الله عنه هاتووە فەرمویەتی: ڕۆژێك ئارەزوم جوڵا و خێزانم ماچ کرد و بەڕۆژووش بووم، هاتم بۆ لای پێغەمبەر ﷺ پێم ووت: ئەمرۆ کارێکی گەورەم کردووە، بە زمانی بەڕۆژووەوە ماچم کردووە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (أرأيتَ لَو تَمَضمَضتَ وَأنتَ صَائِمٌ؟ قُلتُ: لابَأسَ بِذلِكَ. قَالَ: فَفِيمَ). واتە: ئەی ئەگەر بەڕۆژوو بیت و ئاوت لە دەمت ڕادا چی ئەبێت؟ ووتم: ئەوە قەیناکە. فەرمووی: ئەی بۆ چی پرسیار ئەکەیت، ئەوەش وەك ئەوەیە.

ئیبنومونذیر ووتویەتی: عومەرو ئیبنوعەبباسو ئەبوهورەیرەو عائیشەو (عطاء)و شەعبی و حەسەن و ئەحمەد و ئیسحاق ڕێی ماچ کردنیان داوە بە ڕۆژووان.

وە مەزهەبی حەنەفی‌یەکان و شافیعی‌یەکان ئەوەیە: ماچ کردن بە زمانی بەڕۆژووەوە کەراهەتی هەیە بۆ کەسێك ئارەزووی بجوڵێت بە ماچ کردن، بەڵام بۆ جگە لەوانە کەراهەتی نی‌یە، بەڵام نەکردنی چاکترە، وە لەم کارەدا جیاوازی

نی یە ئەو کەسە گەنج بێت یا پیر، وە تەنها بە جوڵاندنی ئارەزوو و ترسی ئاوهاتنەوە ئیعتیبار ئەکرێت لەمەدا، بۆیە ئەگەر ئارەزوی گەنج و پیری بەهێزی جوڵاند ئەوە کەڕاهەتی هەیە، بەڵام ئەگەر ئارەزووی پیر و گەنجی لاوازی پێ نەجوڵا ئەوە کەڕاهەتی نی یە، بەڵام نەکردنی باشترە، جا ماچ کردنەکە هی دەم بێت یان هی کولّم وەك یەکە، بەو پێ یە دەست کردنە مل و دەست لێدان حوکمی ماچ کردنیان هەیە.

٤- دەرزی لێدان:

دەرزی بە گشتی ڕەوایە لە خۆ بدرێ، خۆراکی بێت یا جۆری تر، لە دەمار بدرێت یا لە ژێر پێست، ئەگەر بگاتە ناو سکیش قەیناکە، چونکە لەو دەرگایانەوە ناچێت کە دەرگای سروشتین.

٥- کەڵەشاخ گرتن:

پێغەمبەر ﷺ کەڵەشاخی-خوێنی سەری- لە خۆی گرتووە و بەڕۆژووش بووە. (ئەمەش بوخاری ڕیوایەتی کردووە). بەڵام ئەگەر ببێتە هۆی لاواز کردنی ڕۆژووانەکە کەڕاهەتی هەیە.

ثابتی بونانی بە ئەنەسی ووت: ئایا ئێوە لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ بە خراپتان ئەزانی ڕۆژووان کەڵە شاخ لە خۆی بگرێ؟ ووتی: نە، تەنها مەگەر لەبەر لاوازی ڕۆژووانەکە بێت کە مەترسی لاواز کردنی لێ بکرێت. (بوخاری وغەیری ئەو گێڕاویانەتەوە). وە خوێن گرتنیش لە هەر ئەندامێکی لەش جگە لە سەر هەر حوکمی کەڵە شاخی هەیە.

٦- ئاولەدەم ولوت ڕادان:

ئاو لە دەم ولوت ڕادان ڕەوایە بۆ کەسێك بەڕۆژوو بێت، بەڵام زۆر بردنی بۆ ناو قورگ و لوت کەڕاهەتی هەیە. لە (لقیط) ی کوڕی صەبورەوە هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (فَإذَا استَنشَقتَ فَأبلِغ، إلا أن تَكُونَ صَائِماً) (رواه أصحاب السنن، وقال الترمذي: حسن صحيح). واتە: ئەگەر ئاوت لە لوتت ڕادا زۆری هەڵمژە، مەگەر بەڕۆژوو بیت.

زانایان بە کەڕاهەتی ئەزانن کە ڕوژرووان قەترە بکاتە لوتی، وە ئەڵێن: ڕۆژووی پێ ئەشکێت، وە لە حەدیسدا بەڵگەی ئەوە هەیە کە قسەکەیان بە هێز ئەکات.

ئیبنوقودامە ووتویەتی: ئەگەر کەسێك کاتی دەست نوێژەکە ئاوی ڕادا لە لوت و دەمی، و ئاو پەڕی یە قورگی بێ ئەوەی خۆی مەبەستی بوو بێت هیچی لەسەر نی یە.

ئەوزاعی و ئیسحاق و شافیعی لە یەکێ لە ڕاکانیاندا هەر وایان ووتوە، وە ئەوەش لە ئیبنوعەبباسەوە ڕیوایەت کراوە.

مالیك و ئەبوحەنیفە ووتویانە: بەو شێوەیە ڕۆژوو ئەشکێنێ، چونکە ئاو چۆتە ناو سکی و بیری هەبووە کە بەڕۆژوو بووە، وەك کەسێك بە قەستی ئاو بخواتەوە.

ئیبنوقودامە ڕای یەکەم پێش ئەخات ئەداتەوە و ئەڵێت: لای ئێمە ئەو کەسەی ئاوەکە گەیشتۆتە قورگی بێ ئیسراف و بێ مەبەست وەك ئەوە وایە مێشێك پەڕیبێتە قورگی، بەوە جیائەکرێتەوە لە کەسێك کە بە قەستی ئاوی خواردبێتەوە.

٧- وە هەروەها ڕەوایە ئەو شتانەی کە ناتوانرێت خۆیان لێ بپارێزرێت وەك قووت دانی تف و تۆز و خۆڵی ڕێگا و بان و تۆزی ئاردی بێژراوو تۆزی پوش و کاو ئەم جۆرە شتانە:

ئیبنوعەبباس ووتویەتی: خراپ نی‌یە تامی ترشیات و شتێك كە بیەوێ بیكڕێت بكات، بە مەرجێك قووتی نەدا.

حەسەن گوێزی بۆ منداڵێكی كوڕەكەی ئەجو و ئەیدایە و بەڕۆژووش بوو، وە ئیبراهیمیش ڕێ ی بەوانە داوە.

بەڵام بنێشت جون كەڕاهەتی هەیە، ئەگەر پارچەشی لێ نەبێتەوە، وە ئەوەی ئەڵێت كەڕاهەتی هەیە شەعبی و نەخەعی و حەنەفیەكان و شافیعی و حەنبەلی‌یەكانە.

عائیشە و عطاء ڕێیان داوە بە بنێشت جون، چونكە ناچێتە ناو سكەوە، ئەڵێن: وەك چەوێك وایە بخرێتە ناو دەمەوە.

ئەمە ئەگەر بنێشتەكە پارچەی لێ نەبۆوە، بەڵام ئەگەر پارچەی لێ بێتەوە و بچێتە خوارەوە بۆ ناو سكی ئەوە ڕۆژوو ئەشكێنێت.

ئیبنوتەیمی‌یە ووتویەتی: قەیناكە بۆ كەسێك بەڕۆژوو بێت بۆنی شتی خۆش بكات. وە ووتویەتی: بەڵام كل و حۆقنە و ئەو قەترەیەی ئەخرێتە مەجرای میزەوە و تەداوی كردنی برینی قووڵی سك و شكانی قووڵی سەر، ئەمانە زانایان كێشەیان هەیە لەسەری، جا هەیانە ئەڵێن: ئەوانە هیچی ڕۆژوو ناشكێنن، وە هەشیانە ئەڵێن: بەوانە هەمووی ئەشكێت، جگە لە كل، وە هەیانە ئەڵێن: بەوانە هەمووی ئەشكێت جگە لە قەترە، وە هەیانە ئەڵێن: نە بە كل ئەشكێت نە بە قەترە، وە بەجگە لەو دووانە ئەشكێت.

پاشان ئیبنوتەیمی‌یە پارسەنگی قەولی یەكەم ئەكات و ئەڵێت: وا دەرئەكەوێ بە هیچ كام لەوانە ڕۆژوو ناشكێ، لەبەر ئەوەی ڕۆژوو لە ئایینی ئیسلامە، كە خاص و عام پێویستی‌یان بەوەیە شارەزایی یان لێ‌ی هەبێت، جا ئەگەر ئەو شتانە لەوانە بوونایە كە خوا و پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژوو دا حەرامی كردوون و ڕۆژوویان پێ بەتاڵ ئەبێتەوە، ئەوە پێویست بوو لەسەر پێغەمبەر ﷺ ڕوونی بكاتەوە، وە ئەگەر باسی ئەوانەی بكردایە صەحابە ئەیان زانی و ئەیان گەیاند بە ئوممەت، وەك چۆن هەموو شەرع و یاسای ئیسلامیان گەیاندووە، جا كە هیچ كەسێك لە ئەهلی عیلم ئەمانەی لە پێغەمبەرەوە ﷺ نەقڵ نەكردووە، نە بە حەدیسێكی صەحیح، نە بە زەعیف، نە بە موسنەد، نە بە مورسەلی، ئەوە زانراوە كە ئەمانە شتێك بوون ئینكاری لە بەكارهێنانیان نەكراوە.

وە ووتویەتی: دوای ئەوە حوكمی هەر شتێك كە بڵاوە لەناو خەڵكدا پێغەمبەر ﷺ ڕوونی كردۆتەوە بە شێوەیەكی گشتی، وە ئەوەی ئەویش ڕوونی كردبێتەوە، ئەبێت موسڵمانەكان نەقڵیان كردبێت، وە مەعلووم و ئاشكراشە كە كل و ئەو جۆرە شتانەی پێشو بڵاو لەناو خەڵكدا، وەك چۆن بۆن لە خۆدان و خۆشتن و خۆ بخوركردن و خوچەوركردن بڵاوە لەناو هەموو خەڵكیدا، جا ئەگەر ئەو شتانە ڕۆژوویان بشكاندایە پێغەمبەر ﷺ ڕوونی ئەكردنەوە، وەك چۆن شكاندنی بە شتەكانی تر روون كردۆتەوە، ئیتر مادام باسی نەكردوون، ئەزانرێت كە كل و ئەو جۆرە شتانە هەروەك بۆنی خۆش و بوخور و چەوركردن وایە. وە جاری وا هەیە بوخور بە لوتا ئەڕواتە سەر و ئەچێتە ناو مێشكەوەو قەبارەش دروست ئەكات؛ هەروەها چەوری‌یەكەش بەدەن هەڵیئەمژێ و ئەچێتە ناوی‌یەوە و مرۆڤیش پێ‌ی بەهێز ئەبێت، وە هەروەها بە بۆنی خۆش چاك بەهێز ئەبێت، جا لە كاتێكدا ڕۆژووان نەهی لێ نەكراوە لەو شتانە ئەوە بەڵگەیە لەسەر دروستی‌یەتی بۆن لە خۆدان و بوخوركردن و چەوركردن و چاوڕشتن بە كل بۆ ڕۆژووان.

موسڵمانەکان لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ دا لە جیهاددا بوایە یا لە شتی تردا بریندار ئەبوون و توشی برینی قووڵی سك و شكانی قووڵی سەر ئەبون، خۆ ئەگەر تەداوی کردنی ئەو برینانە ڕۆژووی بشکاندایە ئەوە بۆی ڕوون ئەکردنەوە، جا مادام قەدەغەی نەکردووە، ئەزانرێت کە لەوانەی دانەناوە ڕۆژوویان پێ ئەشکێت.

لە پاشاندا ووتویەتی: کل، بە هیچ جۆرێك خۆراك نادات بە لەش، وە کەسیش کل ناخاتە ناو سکی، نە لە لوتی‌یەوە نە لە دەمی‌یەوە، هەروەها حۆقنەکردن خواردن نی‌یە، بەڵکو ئەبێتە هۆی دەرچوونی ئەو شتانەی لەناو ریخۆڵەدا هەن، وەك چۆن کەسێك بۆنی شتێك بکات کە سك بچێنێت، یا بە شێوەیەك بترسێ سکی پێی بچێت، ئەبینین ئەمانە ناچنە ناو گەدەوە، جا ئەوانەی تریش هەر وەهان.

وە ئەو دەرمانەی بە هۆی تەداوی کردنی قڵشی ناو سەرو برینی قوڵ بۆ ناو سك، بگاتە گەدە هەرگیز وەك ئەوە نابێت کە خواردن بکاتە گەدەیەوە، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ﴾ (البقرة/١٨٣). واتە: ڕۆژوو لەسەر ئێوە فەرز کراوە وەك چۆن لەسەر ئوممەتەکانی پێش ئێوە فەرز کراوە.

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (الصَّوْمُ جُنَّةٌ) واتە: ڕۆژوو قەڵغانە.

وە ئەفەرموویت: (إنَّ الشَّيْطَانَ يَجرِي مِنِ ابنِ آدَمَ مَجرى الدَّمِ فَضَيِّقُوا مَجارِيَهُ بِالجُوعِ وَالصَّوْمِ). واتە: شەیتان لەناو دەمارەکانی ئادەمیزاد وەك خوێن ئەگەڕێت، ئێوەش بە برسێتی و ڕۆژووگرتن دەمارەکانی لێ تەسك بکەنەوە.

پاشان ڕۆژووان بۆیە خواردن و خواردنەوەی لێ قەدەغەکراوە، چونکە ئەوە هۆی تەقوایە، جا وازهێنان لە خواردن و خواردنەوە کە خوێنی زۆر پێك ئەهێنن، ئەو خوێنەی کە شەیتان پێیدا ئەڕوات، لە خواردن دروست ئەبێت، نەك لە حۆقنە و کل و ئەو دەرمانە قەترانەی ئەکرێنە ناو زەکەرەوە، وە نەك لەو دەرمانانەی کە تەداوی قڵشی قوڵی سەر و برینی گەیەنەر بۆ ناو سکی پێ ئەکرێ. تەواو.

٨- ڕەوایە بۆ ڕۆژووان بخوات و بخواتەوە و جیماع بکات هەتا طلوعی فەجر، جا کاتێ فەجر طلوعی کرد و پارویەك لەناو دەمیدا بوو پێویستە لەسەری تفی بکاتەوە، وە ئەگەر خەریکی جیماع کردن بوو پێویستە خۆی بکێشێتەوە[1].

([1]) ئەمە چاولێکەری هەندێك لە کتێبە فیقهی‌یەکانە، کە هیچ بەڵگەیەکیشی لە سوننەتی موحەممەدیدا لەسەر نی‌یە، بەڵکو پێچەوانەی ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەرە ﷺ: (إذا سمِعَ أحدُكُمُ النِّداءَ وَالإناءُ على يَدِه، فلا يَضعْهُ حتى يَقضِيَ حاجَتَهُ مِنهُ) واتە: هەرکام لە ئێوە لە پارشێودا گوێی لە بانگ بوو، وە جامەکەشی بەدەستەوە بوو، با دای نەنێت هەتاوەکو ئەوەی پێویستی‌یەتی لێی نەخوات.

ئەحمەد و ئەبو داود و حاکم تەخریجیان کردووە، وە حاکم و (ذهبي) بە صەحیحیان داناوە. وە ئیبنوحەزمیش تەخریجی کردووە و ئەم زیادەیەشی باس کردووە:

عەممار ووتویەتی: -مەبەستی ئیبنوئەبی عەممارە کە لە ئەبو هورەیرەوە ئەگێڕێتەوە- کاتێك بەرەبەیان دەر ئەکەوت بانگیان ئەدا.

وە حەمماد -واتە: ئیبنوسەلەمە- لە هیشامی کوڕی عوروەوە ئەگێڕێتەوە کە ووتویەتی: باوکم هەر بەوە فەتوای ئەدا.

ئەم ریوایەتەش چەند شایەتێکی هەیە کە لە (التعليقات الجياد)دا باسم کردووە پاشان لە (الصحيحة)دا بە ژمارە (١٣٩٤).

جا ئەگەر خواردنەکەی تف کردەوە یا خۆی کێشاوە ئەوە ڕۆژووەکەی دروستە، بەڵام ئەگەر خواردنەکەی ناو دەمی بە ئارەزووی خۆی قوت دا، یا بە ئارەزووی خۆی جیماعەکەی تەواو کرد ڕۆژووەکەی دروست نییە.

بوخاری و موسلیم لە عائیشەوە ڕەزای خوای لێ بێت ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (إنَّ بِلالاً يُـؤَذِّنُ بِلَيـلٍ، فَكُلُـوا وَاشـرَبُوا، حتى يُـؤَذِّنَ ابـنُ أُمِّ مَكتُـوم). واتـە: بیلال شـەوی ئـەمێنێ بـانگ ئـەدات، ئێوەش بخـۆن و بخۆنـەوە هـەتا ئیبنوئوممی مەکتوم بانگ ئەدات.

٩- ڕەوایە بۆ ڕۆژووان ڕۆژ بکاتەوە بە لەشی گرانەوە، وەك لە پێشەوە باس کرا لە حەدیسەکەی عائیشەدا.

١٠- هەروەها ژنی بێ نوێژ و زەیستان ئەگەر لە شەودا پاك بوونەوە دروستە بۆیان خۆشتن دوا بخەن هـەتا بـەیانی، وە بەڕۆژوو بوونیان دروستە، پاشان لەسەریانە خۆیان بشۆرن بۆ نوێژەکانیان.

===================

سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

وە بەڵگەی ئەوەشی تێدایە کە هەرکەس تلوعی فەجری بەسەردا هات و جامی خواردن یا خواردنەوەی بەدەستەوە بوو، بۆی هەیە کە دایەنێت هەتا پێویستییەکەی لێ وەرنەگرێت. جا ئەم شێوەیە لە ئایەتەکە جیا کراوەتەوە کە ئەفەرموێت: ﴿وكلوا واشربوا حتى يتبين لكم الخيط الأبيض من الخيط الأسود من الفجر﴾ واتە: بخۆن و بخۆنەوە هەتا هێڵی سپی بەرەبەیان لە هێڵی تاریکی شەودا دەرئەکەوێت.

کەواتە هیچ بەرەنگارییەك لەنێوان ئەم ئایەتەو ئەو حەدیسەدا نییە، وە هیچ ئیجماعێکیش نییە کە بەرهەڵستی بکات، هەروەها ئەو حەدیسانەش کە مانای ئەم ئایەتەیان هەیە.

بەڵکو کۆمەڵێك لە صەحابە و کەسانی تر بۆ لێکدانەوەیەك چوون کە لە مەبەستی حەدیسەکەش زیاترە، ئەویش ئەوەیە کە بە ڕەوایان داناوە پارشێو بکرێت هەتا بەرەبەیان دەرئەکەوێت و ڕێگاوبان سپی ئەبنەوە. جا بگەڕێرەوە بۆ فەتح (٤/١٠٩-١١٠).

وە یەکێ لەو سوودانەی کە ئەم حەدیسە ئەیگەیەنێت پوچەڵ کردنەوەی بیدعەی ئیمساکە کە لە پێش بەرەبیاندا نزیکەی چارەکە سەعاتێك خۆیان لە خواردن ئەگرنەوە، بۆیە ئەو کارە ئەکەن لەوە ئەترسن کە بەیان پێیان بگات لە کاتێکدا ئەمان خەریکی پارشێون، جا ئەگەر بەم ڕێ پێدانەیان بزانیایە، نەئەکەوتنە ئەم بیدعەتەوە جا وورد بەرەوە. (تمام المنة).

ئەوانەی ڕۆژوو بەتاڵ ئەکەنەوە

ئەو شتانەی ڕۆژوو بەتاڵ ئەکەنەوە دوو بەشن:

یەکەم: ئەوەی بەتاڵی ئەکاتەوە و تەنها گرتنەوەی ڕۆژووەکە پێویست ئەکات.

دووەم: ئەوەی بەتاڵی ئەکاتەوە وگرتنەوە و کەفارەت پێویست ئەکات.

ئەمما ئەوەی ڕۆژوو بەتاڵ ئەکاتەوە و تەنها گرتنەوەی پێویستە ئەمانەن:

(١و٢) خواردن و خواردنەوە بە قەستی:

بەڵام ئەگەر کەسێك لە یادی نەبوو، یا بە هەڵە، یا زۆری لیٚ کرا شتێکی خوارد یا خواردیەوە، ئەوە نەگێڕانەوەی لەسەرە نە کەفارەت.

لە ئەبوهورەیرەوە ﵁ هاتووە دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (مَن نَسِيَ ـ وَهُوَ صَائِمٌ ـ فَأكَلَ أو شَرِبَ، فَليُتِمَّ صَومَهُ، فَإنَّمَا أطعَمَهُ اللهُ وَسَقَاهُ) (رواه الجماعة). واتە: کەسێك لە یادی نەبوو ـ لە کاتێکدا بەڕۆژوو بوو ـ شتێکی خوارد یا شتێکی خواردەوە، با ڕۆژووەکەی تەواو بکات، چونکی خوا خواردن وخواردنەوەی پیٚ داوە.

(ترمذي) ووتویەتی: بەشی زۆری زانایان بەوە کار ئەکەن، وە سوفیانی ثەوری و شافیعی و ئەحمەد وئیسحاقیش بەپیٚی ئەو حەدیسە قەول ئەکەن.

دارقطني و بەیهەقی وحاکم، کە ئەڵێت: صەحیحە لەسەر مەرجی موسلیم لە ئەبوهورەیرەوە ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (مَن أفطَرَ فِي رَمَضَانَ ـ نَاسِياً ـ فَلا قَضَاءَ عَلَيهِ وَلا كَفَّارَةَ) (قال الحافظ ابن حجر إسناده صحيح). واتە: هەرکەس لە ڕەمەزاندا ـ لە بیری نەبوو بە ڕۆژووە ـ شتێکی خوارد یا خواردیەوە نە گێڕانەوەی لەسەرە ونە کەفارەت.

لە ئیبنوعەبباسەوە خوا لێیان ڕازی بێت هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (إنَّ اللهَ وَضَعَ عَن أُمَّتِي الخَطَأَ وَالنِّسيَانَ، وَمَا استُكرِهُوا عَلَيهِ) (رواه ابن ماجه والطبراني والحاكم) واتە: خوا تاوانی هەڵە کردن ولە بیر چوونەوەو بە زۆر پیٚ کردنی لەسەر ئۆممەتەکەم هەڵگرتووە.

٣- خۆڕشاندنەوە:

بەڵام ئەگەر کەسێك ڕشانەوە زۆری بۆ هێنا و ڕشایەوە، ئەوە نەگێڕانەوەی لەسەرە، نە کەفارەت.

چونکە لە ئەبوهورەیرەوە هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (مَن ذَرَعَهُ القَيءُ فَلَيسَ عَلَيهِ قَضَاءٌ، وَمَنِ استَقَاءَ عَمداً فَلْيَقضِ) (رواه أحمد وأبوداود والترمذي وابن ماجه وابن حبان والدارقطني والحاكم وصححه). واتە: هەرکەسێك بەڕۆژوو بوو ڕشانەوە زۆری بۆ هێنا و ڕشایەوە گێڕانەوەی لەسەر نییە، وە هەرکەس بە قەستی خۆی ڕشاندەوە ئەبیٚ ئەو ڕۆژە بگرێتەوە.

(خطابي) ووتویەتی: هیچ جیاوازییەك نازانم لە نێوان زانایاندا هەبێت، لەسەر ئەوەی کە کەسێك ڕشانەوە زۆری بۆ هێنا وڕشایەوە قەزای لەسەر نییە، وە ئەوەی خۆی بڕشێنێتەوە قەزای لەسەرە.

(٤و٥) – بیٚ نوێژی وزەیستانی، ئەگەرچی لە دەقیقەکانی دوایی ڕۆژدا بێت پێش ئەوەی خۆر ئاوا بێت، ئەمەش ڕای هەموو زانایانی لەسەرە.

٦- ئاو هێنانەوە:

بە هۆی ماچ کردنی ژنەوە بێت، یا بە هۆی خۆپێوە نوسانییەوە، یا بە دەست بێ، ئەوە ڕۆژووی پێ ئەشکێت وگێڕانەوەشی پێویستە[1]، بەڵام ئەگەر هۆی ئاو هاتنەوەکە تەنها سەیر کردن بێت، یا بیر لێ کردنەوە بێت، ئەوە ڕۆژوو ناشکێت وهیچیشی لەسەر نابێت، وە هەروەها هاتنەدەری مەذی کار ناکاتە سەر ڕۆژوو کەم بێت یا زۆر.

([1]) هیچ بەڵگەیەك نی یە کە بڵێین ڕۆژوو بەتاڵ ئەکەنەوە، وە وا دەرناکەوێت کە وەك جیماع دابنرێت، هەر لەبەر ئەوەصەنعانی ئەڵێت:

وا دەرئەکەوێت کە کەفارەت و ڕۆژوو گرتنەوە تەنها لەسەر ئەو کەسەیە کە جیماع بکات، وە ئەمە دوورە لە ڕاستی‌یەوە ئەگەر کەسێك جیماعی نەکردبێت وەك ئەو کەسەی دابنێین کە جیماعی کردبێت.

شەوکانیش هەر بەلای ئەم بۆچووندا چووە، وە ئەمەش بۆچوونی ئیبنوحەزمە، جا سەیری (المحلی ٦/١٧٥-١٧٧و٢٠٥) بکە.

وە ئەوەی ڕێنمونیت ئەکات لەسەر ئەوەی کە قیاس کردنی ئاو هێنانەوە لەسەر جیماع کردن قیاس کردنێکە کە جیاوازی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە هەندێك لەوانەی قیاسیان کردووە بە جیماعەوە نەیان ووتووە کەفارەتیشی لەسەرە، وە وتویانە: جیماع کردن حوکمەکەی توندترە لە ئاوهێنانەوە، وە ئەصلیش لە ئاوهێنانەوەدا ئەوەیە کەفارەتی لەسەر نی‌یە، سەیری (المهذب) بکە لەگەڵ شەرحەکەی نەوەوی دا (٦/٣٨٦).

ئێمەش هەروا ئەڵێین، ئەصل ئەوەیە کە ڕۆژوو ناشکێنێ، وە جیماعیش حوکمەکەی توندترە لە ئاوهێنانەوە کەواتە قیاس ناکرێتە سەری جا وورد بەرەوە.

ڕافعی ووتویەتی (٦/٣٩٦):

ئەگەر مەنی بە دەست بێتەوە ئەوە ڕۆژوو ئەشکێنێت، لەبەر ئەوەی ئامێری پیاو ئەگەر بخرێتە ناو لەشی ئافرەتەوە بێ ئەوەی ئاوی بێتەوە ڕۆژوو بەتاڵ ئەکاتەوە، جا ئاوهاتنەوە بە جۆرێك ئارەزووەوە نزیکترە لەوەی ڕۆژوو بەتاڵ بکاتەوە.

منیش ئەڵێم ئەگەر ئەم قسەی ڕاست بووایە ئەوە ئەبوایە کەفارەت دان لە ئاوهێنانەوە بە دەست نزیکتر بووایە لە واجبێتی کەفارەت دان لە خستی ئامێری پیاو بۆ ناو لەشی ئافرەت. ئەوانیش دان بەم قسەیەدا نانێن، جا سەیری دژایەتی (تناقض)ی ئەم دو قیاسە بکە.

لەگەڵ ئەوەشدا تەماشای بەرهەڵستی ئەوکەسانە بکە لەگەڵ هەندێك ئاسار کە لە سەلەفەوە هاتووە و ئەڵێت: باوەش پیا کردنی ئافرەت ئەگەر ئاو بهێنێتەوە ڕۆژوو بەتاڵ ناکاتەوە، جا من هەندێکم لەم ئاسارانە باس کردووە لە (سلسلة الأحاديث الصحيحة) دا لەژێر حەدیسی ژمارە (٢١٩-٢٢١) جا لەوانە قسەی عائیشەیە ڕەزای خوای لێ بێت دەربارەی ئەو کەسەی پرسیاری لێ کرد ، پیاو ئەگەر بەڕۆژوو بو، چی بۆی حەڵاڵە لەگەڵ ژنەکەیدا بیکات؟ ئەویش فەرمووی هەموو شتێك دروستە جیماع نەبێت.

عبد الرزاق لە (مصنف)ەکەیدا تەخریجی کردووە (٤/١٩٠/٨٤٣٩) بە سەنەدێکی صەحیح هەروەك (حافظ) لە فەتحدا ئەمەی ووتووە، ئیبنوحەزمیش کردویەتی‌یە بەڵگە جا سەیری ئەوانەی تر لەوێدا بکە کە باسمان کرد.

وە ئیبنوخوزەیمە تەرجومەی هەندێك حەدیسی کردووە، کە لەم بەشەدا هاتووە بەوە کە لە صەحیحەکەیدا (٣/٢٤٢) ووتویەتی:

ئەمە بابێکە لەبارەی ئەو باوەش پیاکردن و خۆپێوە نوساندنەی کە بە جیماع دانانرێت بۆ ڕۆژووان، وە بەڵگەی ئەوەی کە هەندێك ناو، جاری وا هەیە بە دوو شت ئەووترێت، یەکیان حەرامە و ئەوی تریان حەڵاڵ، چونکە ناوی (مباشرة) نزیکی کردن خوای گەورە لە کتێبەکەیدا بە جیماع ناوی بردووە، وە کیتابی خوا بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە جیماع لەکاتی ڕۆژوودا حەرامە.

پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (إِنَّ الجِماعَ يُفطِّرُ الصَّائِمَ) واتە: جیماع ڕۆژووی ڕۆژووان ئەشکێنێ.

وە پێغەمبەریش ﷺ بە کردەوەکەی بەڵگەی ئەوەی نیشان داوە کە ئەو (مباشرة) نزیکی کردنەی کە جیماع نی‌یە و کەمترە لە جیماع ڕەوایە بۆ ڕۆژووان و کەراهەتی نی‌یە.

٧- خواردنی شتێك كه به موغەززی دانەنرێت، له شوێنی سروشتی‌یەوه كه دەمه وگەیشتنی به گەده، وەك خواردنی خوێی زۆر، ئەمەش ڕۆژوو ئەشكێنێ به قسەی هەموو زانایان.

٨- هەركەس نییەتی شكاندنی ڕۆژووەكەی هەبێت . له كاتێكدا كه بەڕۆژووه . ئەو كەسه ڕۆژووەكەی ئەشكێت.

با هیچیش نەخوات، چونكه نییەت هێنان پایەیەكه له پایەكانی ڕۆژوو، جا ئەگەر ئەو نییەتەی هەڵوەشاندەوه -به مەبەستی ڕۆژوو شكاندن به قەستی- ڕۆژووەكەی بەتاڵ ئەبێتەوه بەبێ شك.

٩- ئەگەر كەسێك شتێكی خوارد یا خواردی‌یەوه یا جیماعی كرد وای ئەزانی ڕۆژ ئاوا بووه یا وای ئەزانی ڕۆژ نەبۆتەوه دوایی پێچەوانەی ئەوه دەركەوت، ئەوه قەزای لەسەره لای جەماوەری زانایان، لەوانه هەر چوار ئیمامه خاوەن مەزهەبەكانن.

وه ئەوەی پێویسته ئاگاداری لەسەر بكەینەوه دوو شته:

یەكەم: ئاوهاتنەوه به بێ جیماع ڕۆژوو ناشكێنێ، وه (مباشرة) نزیكی كردنی ڕۆژووان شتێكی تره، ئەوەی هەیه ئێمه ئامۆژگاری ڕۆژووان ئەكەین ئەگەر هات و ئارەزووەكەی بەهێز بوو ئەگەر بەڕۆژوو بوو ئەو موباشەرەیه نەكات. نەوەكو بكەوێته حەرامەوه كه جیماعە، ئەمەش بۆ ئەو دەرگا داخستنەیەكه بەرەو حەرام ئەڕوات، كه له زۆر بەڵگەكانی شەریعەتدا بەكار دێت. لەوانه فەرموودەی پێغەمبەره كه فەرموویەتی: (ومَن حَامَ حَولَ الحمى أوشَكَ أن يَقعَ فِيهِ) واته: هەركەس بەدەوری سنووری حەرامدا بڕوات نزیكه بكەوێته ناویەوه.

لەوانەشه عائیشه مەبەستی ئەوه بووبێت كاتێ باسی موباشەره كردنەكەی پێغەمبەر ﷺ ئەكات لەكاتی ڕۆژوودا وئەفەرموویت: بەڵام كێتان هەیه كه به ئەندازەی ئەو دەسەڵاتی بەسەر خویدا هەبێت.

دووەم: كاتێك دانەر باسی ئەو ئاوهێنانەوەی كردووه بەدەست، نابێت كەسێك نیسبەتی ڕەوایی بداته پاڵ دانەر لەبەر ئەوەی دانەر بۆیه باسی كردووه بۆ ئەوەی ڕوونی بكاتەوه كه ئاوهێنانەوه به دەست لای ئەو ڕۆژوو باتڵ ئەكاتەوه.

ئەمما حوكمی خودی ئاوهێنانەوه به دەست، ئەوه باسەكەی له شوێنێكی تردا هەیه، وه دانەر به شی‌كراوەیی باسی لێوه كردووه له (كتاب النكاح) دا و باسی قسەی زانایانی كردووه لەوبارەیەوه، و باسی جیاوازی‌یەكەیانی كردووه، هەرچەنده خوێنەر لەوێدا ڕایەكی ڕوونی بۆ دەرناكەوێت كه دانەر ووتبێتی، هەروەك دانەر پێشەیەتی لەزۆربەی ئەو كێشانەدا كه جیاوازی لەسەر هەیه.

بەڵام ئێمه لەگەڵ ئەوكەسانەداین كه به حەرامیان داناوه، به بەڵگەی فەرموودەی خوای گەوره: ﴿وَٱلَّذِينَ هُمۡ لِفُرُوجِهِمۡ حَـٰفِظُونَ ۝ إِلَّا عَلَىٰٓ أَزۡوَٰجِهِمۡ أَوۡ مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَـٰنُهُمۡ فَإِنَّهُمۡ غَيۡرُ مَلُومِينَ ۝ فَمَنِ ٱبۡتَغَىٰ وَرَآءَ ذَٰلِكَ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡعَادُونَ﴾ واته: وه ئەوانەی كه پارێزەری داوێن و پاكی خۆیانن، مەگەر لەگەڵ ژنانی خۆیان یا كەنیزەكانیان، جا بێ گومان (لەمەدا) لۆمه ناكرێن.

وه ناڵێین بۆ ئەو كەسانەی كه له زینا مەترسییان هەیه دروسته، بەڵكو ئێمه پێی ئەڵێین با پزیشكایەتی‌یەكەی پێغەمبەر ﷺ بەكاربێنێت كه له حەدیسه بەناوبانگەكەیدا به گەنجەكان ئەفەرموویت: (ومَن لَم يَستَطِع فَعلَيهِ بِالصَّومِ فَإنَّهُ لَهُ وِجاءٌ) واته: وه هەركەس توانای ژن هێنانی نەبوو با بەڕۆژوو بێت چونكه ڕۆژوو ئارەزووەكەی ئەشكێنێت.

وه هەروەها ئێمه زۆر به توندی ئینكاری ئەوكەسانه ئەكەین كه بۆ گەنجەكان لەبەر مەترسی زینا حەڵاڵی ئەكەن، بێ ئەوەی بەم پزیشكی‌یەی پێغەمبەری بەڕێز ﷺ فەرمانیان پێ بكەن (تمام المنة).

بەڵام ئیسحاق و داود و ئیبنوحەزم و (عطاء) و عورووەو حەسەنی بەصری و موجاهید، ڕایان وایە ئەو كەسە ڕۆژووەكەی دروستە وگێڕانەوەی لەسەر نییە، بەپێی فەرموودەی خوای گەورە: ﴿وَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَآ أَخْطَأْتُم بِهِۦ وَلَـٰكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ﴾ (الأحزاب/٥). واتە: لەسەر ئەوانەی بە هەڵە ئەیكەن تاوانبار نابن، بەڵام لەسەر ئەوانەی بە قەستی دڵ ئەیان كەن تاوانبار ئەبن.

وە بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ كە فەرموویەتی: (إنَّ اللهَ وَضَعَ عَن أُمَّتِي الخَطأَ الخ...) كە لەپێشەوە باس كراوە.

(عبدالرزاق) ئەگێڕێتەوەو ئەڵێت: مەعمەر لە ئەعمەشەوە بۆمان ئەگێڕێتەوە لە زەیدی كوڕی وەهەبەوە كە ووتویەتی: لەسەردەمی عمری كوڕی (خطاب) دا خوا لێی ڕازی بێت خەڵك ڕۆژوویان شكاند، من بە چاوی خۆم ئەم بینی دۆڵچەیان لە ماڵی حەفصەوە ئەهێنایە دەر لێیان ئەخواردەوە، پاشان ڕۆژ لە ژێر هەورەكەوە دەركەوت، لای خەڵكەكە زۆر ناخۆش بوو، ووتیان: ئەم ڕۆژە ئەگرینەوە، عمر رضي الله عنه فەرمووی: بۆ چی؟ سوێند بە خوا مەبەستمان نەبووە ئەو تاوانە بكەین.

بوخاری لە ئەسمای كچی ئەبوبەكرەوە ڕەزای خوایان لێ بێت ئەگێڕێتەوە ووتویەتی: لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ ڕۆژێكی ڕەمەزان هەور بوو، ئێوارە وامان ئەزانی ڕۆژ ئاوا بووە، ڕۆژوومان شكاند لەپاشاندا ڕۆژ دەركەوت.

ئیبنوتەیمیەیە ووتویەتی: ئەوە ئەبێتە بەڵگەی دوو شت:

(یەكەم)– ئەوە ئەگەیەنێت ئەگەر ڕۆژەكە هەور بوو، موستەحەب نییە ڕۆژوو شكاندن دوا بخرێت هەتا دڵنیا ئەبن لە ڕۆژ ئاوابوون، چونكە ئەوان وایان نەكردووەو پێغەمبەریش ﷺ فەرمانی پێ نەكردون وا بكەن، وە صەحابە لەگەڵ پێغەمبەرەكەیاندا لە هەموو كەس شارەزاتروو مل كەچی فەرمانی خواو پێغەمبەرەكەیان بوون لە ئوممەتەكانی دوایی.

(دووەم)– ئەوە ئەگەیەنێت ئەگەر شتی وا كرا ئەوە ئەو ڕۆژە ناگێڕێتەوەو قەزا ناكرێتەوە، چونكە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی قەزا كردنەوەی پێ نەكردون، وەئەگەر فەرمانی پێ بكردنایە بڵاو ئەبۆوە، وەك چۆن ڕۆژوو شكاندنەكەیان بۆ نەقڵ كردوین، جا چونكە نەقڵ نەكراوە ئەبێتە بەڵگەی ئەوەی فەرمانی گرتنەوەی ئەو ڕۆژەی پێ نەكردون.

ئەمما ئەو شتەی كە ڕۆژوو بەتاڵ ئەكاتەوە وگێڕانەوە وكەفارەت پێویست ئەكات تەنها جیماعە وهیچی تر نییە لای جەماوەری زانایان.

لە ئەبوهورەیرەوە هاتووە فەرمویەتی: پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر ﷺ ووتی: فەوتام ئەی نێرراوی خوا! فەرمووی: چی فەوتاندتی؟ ووتی: توخنی ژنەكەم كەوتم لە ڕەمەزاندا، فەرمووی: ئەوەندەت هەیە بەندەیەكی پێ ئازاد بكەیت؟ ووتی: نەء، فەرمووی: ئەی ئەتوانی دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بیت؟ ووتی: نەء، فەرمووی: ئەی ئەوەندەت هەیە شەصت هەژار تێر بكەیت؟ ووتی: نەء، ئەڵێ: لە پاشاندا دانیشت، ئەوەندەمان زانی(عرق)ێك خورمایان هێنا بۆ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەوە ببە بیكە بە خێر، كابرا ووتی: بۆ چی كەس هەیە لە ئێمە هەژارتر؟ لەنێوان ئەم دۆڵەی مەدینەدا خێزان نییە ئەوەندەی ئێمە موحتاجی ئەو خێرە بێت، پێغەمبەر ﷺ پێكەنی هەتا دانەكانی دەركەوت وفەرمووی: برۆ بیدە بە خێزانەكەت.(جەماعەت گێڕاویانەتەوە).

ڕای جومهوری زانایان ئەوەیە کە ژن و پیاو هەر دوو وەك یەکن لە پێویست بوونی کەفارەت لەسەریان، بە مەرجێك هەردووکیان بە قەستی ئەوەیان کرد و بە ئارەزوی خۆیان بوو لە ڕۆژی ڕەمەزاندا، وە نییەتیشیان بووبێت کە بەڕۆژوو بن.

بەڵام ئەگەر ئەوەیان کردو بیریان نەبوو بەڕۆژوون، یا بە ئارەزووی خۆیان نەبوو، وەك ئەوەی زۆریان لیّ بکرێت بۆ ئەو کارە، یا نییەتی ڕۆژوویان نەهێنابوو و بەڕۆژوو نەبوبن، ئەوە کەفارەت لەسەر هیچ کامیان نابێت.

جا ئەگەر ژنەکە لە لایەن پیاوەکەوە زۆری لیّ کرا، وە یا بەهۆی مەعزەرەتێکی شەرعیەوە بەڕۆژوو نەبوو، ئەوە تەنها کەفارەت لەسەر پیاوەکەیە نەك ژنەکە.

مەزهەبی شافیعی لە مەدا ئەوەیە کە کەفارەت لەسەر ژن نیيە بە هیچ جۆرێك، نە لەحاڵەتێکدا خۆی ڕازی بێت، نە لە حاڵەتێکدا زۆری لیّ کرا بێت، بەڵکو تەنها گرتنەوەی ڕۆژووەکەی لەسەرەو بەس.

نەوەوی ووتویەتی: ڕاستتر ئەوەیە یەك کەفارەت پێویست ئەبێت لەسەر پیاوەکە بە تایبەتی، تەنها لە جیاتی خۆی ئەیدات، وە ژنەکە هیچی لەسەر نابێت، چونکە ئەوە مافێکە تایبەتە بە جیماعەوە، وە لەسەر پیاوە بە تەنها وەك مارەیی.

ئەبوداود ووتویەتی: لە ئەحمەدیان پرسی کەسێك لە ڕەمەزاندا جیماع لەگەڵ ژنی خۆی بکات، ئایا ژنەکە کەفارەتی لەسەر ئەبێت؟ ووتی: نەمان بیستووە ژن کەفارەتی لەسەر پێویست بێت.

لە (المغني)دا هاتووە: ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی دا بە پیاوەکە کە جیماعەکەی کردبوو لە ڕەمەزاندا بەندەیەك ئازاد بکات، بەڵام هیچی بە ژنی کابرا نەفەرموو، لەگەڵ ئەوەشدا ئەی زانی ژنەکەش هاوبەش بووە تیّیدا.

کەفارەتەکەش هەر بەو شێوەو تەرتیبەی لە فەرموودەکەدا باس کراوە ئەبیّ جیّبەجیّ بکرێت لای جەماوەری زانایان، جا پێویستە یەکەم جار بەندە ئازاد کردنەکە بەجیّ بێت، جا ئەگەر توانای نەبوو ئەبیّ دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بێت، جا ئەگەر نەیتوانی شەصت هەژار تێر بکات لەوەی ئەیدات بە خێزانەکەی خۆی بە شێوەیەکی مام ناوەندی، وە دروست نیيە لە کەفارەتێکەوە باز بدات بۆ کەفارەتێکی تر مەگەر توانای نەبێت، بەڵام ئەگەر توانای هەر کامیانی هەبوو ئەبیّ بە جیّی بهێنێت.

مالیکیيەکان وڕیوایەتێکی ئەحمەد بۆ ئەوە چوون کە ئەو کەسە ئارەزوی خۆیەتی لەو سیّ کەفارەتە کامیان هەڵئەبژێرێت وبە جیّی ئەهێنیّ دروستە بۆی.

بەپیّی ئەوەی مالیك و ئیبنوجورەیج ئەگێڕنەوە لە حومەیدی کوڕی عبدالرحمنەوە لە ئەبوهورەیرەوە فەرمویەتی: پیاوێك لە ڕەمەزاندا (بە جیماع) ڕۆژووەکەی شکاند، پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پیّ کرد کە یان بەندەیەك ئازاد بکات یا دوو مانگ لەسەریەك بەڕۆژوو بێت یا شەست هەژار تێر بکات. (موسلیم گێراویەتیيەوە). وە (أو) واتە: یان ، کە لە قسەکەی ئەبوهورەیرەدا هاتووە لە زمانی عەرەبی دا بۆ هەڵبژاردنە. وە لەبەر ئەوەی کەفارەت بە هۆی سەرپێچی کردنەوەیە، جا ئەو کەسە ئارەزوی خۆیەتی کامیان ئەدات، وەك کەفارەتی سوێند.

شەوكانی ووتویەتی: ئەوەی لە ڕیوایەتەكاندا هاتوە ئەبێتە بەڵگە بۆ هەردوكیان، هەم بە تەرتیب كەفارەتەكە بدرێت، هەم بە غەیری تەرتیب، جا ئەوانەی تەرتیبەكەیان گێڕاوەتەوە زۆرترن و زیادە (لفظ)ی حەدیسیان بەدەستەوەیە.

موهەللەب و (قرطبي) ڕیوایەتەكان جەمع ئەكەنو وای دائەنێن كە هەر ڕیوایەتە بۆ ڕووداوێكە.

بەڵام حافظ ئەڵێت: ئەمە دورە، چونكە بەسەرهاتەكە هەر یەك بەسەرهات بووەو شوێنی دەرچونەكەش یەكە، ئەصلیش ئەوەیە كە هەر یەك بەسەرهات بێت.

بەڵام هەندێك ئەڵێن: تەرتیبەكە لە پێشترەو هەڵبژاردن تەنها دروستە. وە هەندێكی تریان بە پێچەوانەوە ئەڵێن. ـ قسەی شەوكانی تەواو بوو ـ .

ئەگەر كەسێك بە ئەنقەست جیماعی كرد لە ڕۆژووی ڕەمەزاندا وكەفارەتی نەدا، پاشان ڕۆژێكی تریش هەر ئەو كارەی دووبارە كردەوە، لای حەنەفیەكان هەر یەك كەفارەتی لەسەر ئەبێت، وە ڕیوایەتێكی ئەحمەدیش هەر وا ئەڵێ، چونكە تۆڵەی تاوانێكە سەبەبەكەی دووبارە بۆتەوە پێش ئەوەی كەفارەتەكە بدرێت، هەر بۆیە هەر دووكیان ئەچنە ناو یەك.

مالیك و شافیعی و ڕیوایەتێك لە ئەحمەدەوە هاتووە كە ووتویانە: ئەو كارە دوو كەفارەتی لەسەرە، چونكە هەر ڕۆژە خوا پەرەستی‌یەكی سەر بە خۆیە، جا ئەگەر بە تێك دانی ڕۆژێك، كەفارەت پێویست بوو ناچێتە ناو ڕۆژێكی ترەوە، وەك ئەوە وایە لە دوو ڕەمەزاندا ئەوكارە بكرێت.

زانایان هەموو لەسەر ئەوەن ئەگەر كەسێك لە ڕۆژگاری ڕەمەزاندا بە قەستی جیماعی كرد وكەفارەتەكەی دا، پاشان ڕۆژێكی تر دووبارەی كردەوە پێویستە لەسەری كەفارەتێكی تریش بدات.

هەروەها هەموو لەسەر ئەوەن كە كەسێك لە ڕۆژێكی ڕەمەزاندا جیماع بكات وكەفارەتەكەی نەدات، پاشان هەر لەو ڕۆژەدا جیماع بكاتەوە هەر یەك كەفارەتی لەسەر ئەبێت، وە ئەگەر كەفارەتی جاری یەكەمی دابوو، جاری دووەم كەفارەت نادات، وە لای جەماوەری پێشواكان كەفارەتی جاری یەكەم كافیە.

ئەحمەد ئەڵێ: ئەبێ بۆ جاری دووەمیش كەفارەت بدات.

گێڕانەوەی ڕۆژووی ڕەمەزان:

گرتنەوەی ڕۆژووی ڕەمەزان پێویست نی‌یە بە پەلە بێت، بەڵكو هەركاتێ بۆی لوا بیگرێتەوە، وە هەروەها كەفارەتیش وایە[2].

([2]) ئەم قسەیە لەگەڵ فەرموودەی خوای گەورەدا نایەتەوە كە ئەفەرموویت: ﴿وَسَارِعُوٓاْ إِلَىٰ مَغۡفِرَةٖ مِّن رَّبِّكُمۡ﴾ (آل عمران/١٣٣). واتە بۆ لێخۆشبوونی پەروەردگارتان پەلە بكە، جا ئەوەی حەق بێت ئەوەیە كە پێویستە پەلە بكرێت بۆ گرتنەوەی ئەو ڕۆژانە هەركاتێك توانای هەبێت، ئەمەش مەزهەبی ئیبنوحەزمە (٦/٢٦٠) و هیچ حەدیسێكی صەحیحیش نەهاتووە كە بەرهەڵستی ئەم قسەیە بكات.

ئەمما بەڵگە هێنانەوەكەی دانەر كە عائیشە ئەو ڕۆژووەی كە لە ڕەمەزاندا لەسەری بووایە لە شەعباندا ئەیگرتەوە...

چونکی بەصەحیحی هاتووە لە عائیشەوە: کە ئەو هەر چی ڕۆژووێکی ڕەمەزانی لەسەر بوایە لە مانگی شەعباندا ئەیگرتەوە، و بەپەلە نەیئەگرتەوە (ئەحمەد و موسلیم گێڕاویانەتەوە).

گرتنەوەی ڕۆژووش وەك ئەوە وایە کاتی خۆی بەڕۆژوو بێت، بە واتای ئەوەی ئەگەر کەسێك چەند ڕۆژێکی نەگرتبێت هەر ئەو ڕۆژانە ئەگرێتەوە بێ ئەوەی لێی زیاد کات. وە گێرانەوە لەگەڵ ڕۆژوو گرتنی حازردا جیاوازیان ئەوەیە کە گێرانەوەکە بەسەریەکەوەش نەبێت دروستە، بەپێی فەرمووەدەکەی خوای گەورە: ﴿فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ (البقرة/١٨٤). واتە: هەرکەس نەخۆش بوو یا لە سەفەردا بوو، وەبۆی نەگیرا لە چەند ڕۆژێکی تردا بیان گرێتەوە.

جا چ بە دوای یەکدا بیان گرێتەوە یان جیا جیا و ماوەیان بەین بخات، چونکە خوای گەورە ڕۆژوو گرتنەوەکەی بە (مطلق) ی باس کردووە و نەیبەستۆتەوە بە هیچ شتێکەوە.

ئەم قسەیە ڕاست نیە چونکە لە حەدیسەکەی عائیشەدا نەهاتووە کە عائیشە دەست بەجێ توانای گرتنەوەی هەبووە، بەڵکو پێچەوانەی ئەوەی تێدا هاتووە، چونکە زاراوەی حەدیسەکە لەلای موسلیم (٣/١٥٤-١٥٥) عائیشە فەرمویەتی: جاری وا هەبوو ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانم لەسەر ئەبو، نەم ئەتوانی بیگرمەوە لە شەعباندا نەبێت. ئەویش بەهۆی پێغەمبەری خواوە ﷺ کە پیوەی سەرگەرم ئەبووم و نەم ئەتوانی بیگرمەوە.

هەروەها بوخاریش بەم شێوەیە تەخریجی کردووەلە صەحیحەکەیدا بە پێچەوانەی ئەو گومانەی کە دانەر کردویەتی، وە لە ڕیوایەتێکی موسلیمدا هاتووە عائیشە فەرمویەتی: جاری وابووە یەکێك لە ئێمە لەڕەمەزاندا بەڕۆژوو نەئەبوو، جا نەیئەتوانی لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بیگرێتەوە هەتا مانگی شەعبان ئەهات.

جا حەدیسەکە بە هەردوو ڕیوایەتەکەوە دان بەوەدا ئەنێت کە نەیتوانیوە لە پێش شەعباندا ئەو ڕۆژووانە بگرێتەوە، وە ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات ئەگەر بیتوانیایە دوای نەئەخست، جا ئەم حەدیسە بەڵگەیە بەسەر دانەر و ئەوانەی پێش ئەوەوە، هەر لەبەر ئەوە زەینی کوڕی مونەییر ڕەحمەتی خوای لێ بێت ووتویەتی:

لە حەدیسەکەی عائیشەوە وا دەرئەکەوێت کە وای بەباشتر زانیوە پەلە لە گرتنەوەی ڕۆژووەکاندا بکات، ئەگەر مەشغەڵەتەکەی نەبوایە، جا وا دەرئەخات کە هەرکەس مەعزەرەتی نەبێت بۆی نی یە گرتنەوەی دووا بخات.

بشزانە کە ئیبنوقەییم و (حافظ) و جگە لەوانیش ڕوونیان کردۆتەوە کە ئەو قسەیەی لە حەدیسەکەدا هاتووە کە عائیشە ووتبێتی: لەبەر مەشغول بوون بە پێغەمبەرەوە نەیتوانیوە بیان گرێتەوە، ئەم ڕستەیە (مدرج)ە لە حەدیسەکەدا، و لە قسەی عائیشە نییە. بەڵکو لە قسەی یەکێك لە گێڕەرەوەکانی ئەم حەدیسەیە، ئەویش یەحیای کوڕی سەعیدە، بەڵگەی ئەم قسەیەش قسەی یەحیا خۆیەتی کە لە ڕیوایەتەکەی موسلیمدا ووتویەتی: من وام زانیوە کە ئەو مەشغەڵەتە و بۆنەکرانە لەبەر نزیك بوونی پلەی عائیشە بووە لە پێغەمبەرەوە ﷺ.

بەڵام ئەمە بەڵگەکەی ئێمە لەکەدار ناکات، لەبەر ئەوەی ئێمە بەڵگەمان ئەم ڕستە (مدرج)ە نەبووە، بەڵکو بەڵگەی ئێمە ئەو قسەیە کە ووتویەتی: نەم ئەتوانی ئەو ڕۆژووانە بگرمەوە، وە ئەو ڕستە (مدرج)ە هۆی ئەو نەتوانینە ڕوون ئەکاتەوە، ئەمەش لەم باسەی ئێمەدا گرینگ نی یە، جا من نازانم چۆن ئەمە لە (حافظ) شاراوە بووە کە لە کۆتایی مانای ئەم حەدیسەدا ووتویەتی:

لەم حەدیسەدا بەڵگەی دروستی دووا خستنی ڕۆژوو گرتنەوەی ڕەمەزانی تێدایە بە (مطلق)ی، جا لەبەر مەعزەرەت بوبێت یان بێ مەعزەرەت بووبێت، لەبەر ئەوەی ئەو زیادەیە وەك باسمان کردووە (مدرج)ە...

جا لە (حافظ) شاراوە بووە کە نەتوانینی عائیشە لەبەر مەعزەرەت بووە، جا وورد بەرەوە. (تمام المنة).

دارەقوطني لە ئیبنوعومەرەوە ﵁ ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی گرتنەوەی ڕۆژووی ڕەمەزان فەرموویەتی: (إن شَاءَ فَرَّقَ، وَإن شَاءَ تَابَع)[٣]. واتە: ئەوکەسە ئارەزوی خۆیەتی بەسەریەکەوە ئەیان گرێتەوە یا جیا بە جیا.

---

(3) کورتەی قسەی شێخ ئەلبانی ئەمەیە: ئەگەر ئەو حەدیسە صەحیح بووایە ئەبووە بەڵگەیەك کە ئەم ناکۆکی‌یەی بنەبڕ ئەکرد (ئینجا بەڵگەی صەحیح نەبوونی ئەهێنێتەوە و لەدوای لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەم باسەوە ئەفەرموویێت:) قسەی کۆتایی لەم باسەدا ئەوەیە هیچ حەدیسێك لەم بەشەدا نی‌یە کە صەحیح بێت نە بە (سلب)ی نە بە (إيجاب)ی، واتە: نە بە بون، نە بە نەبون، وە ئەو فەرمانەی کە لە قوڕئاندا هاتووە وا پێویست ئەکات کە دەست بەجێ بگیرێتەوە، مەگەر لەبەر مەعزەرەتێك نەبێ، ئەمەش مەزهەبی ئیبنوحەزمە (٦/٢٦١) کە ئەفەرموێت:

جا هەرکەس بەسەریەکە نەیکرد ئەوە جیا جیا ئەیگێڕێتەوە و بری ئەکەوێت، لەبەر فەرموودەی خوای گەورە ﴿فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ چونکە خوای گەورە لەو ڕۆژوو گرتنەوەدا کاتێکی وای دانەناوە کە ئەگەر ئەوکاتە تەواو بێت ڕۆژووەکە نەگێڕێتەوە، ئەمە قسەی ئەبو حەنیفەشە.

سودێك: دانەر باسی ئەو کەسەی نەکردووە ئەگەر بە عەمدی ڕۆژووی ڕەمەزان بخوات، و باسی ڕۆژوو گرتنەوەکەی نەکردووە ئایا بۆی هەیە بیگێڕێتەوە یان نا، وە وا دەرئەکەوێت کە نەیگێڕێتەوە، ئەمەش هەڵبژاردەی (شیخ الإسلام) ئیبنوتەیمی‌یەیە، چونکە لە (الإختيارات) (ل٦٥) دا ئەفەرموویێت: هەرکەس نوێژ بە عەمدی بچوێنێت یان ڕۆژوو بە عەمدی نەگرێت نە نوێژەکە بگێڕێتەوە نە ڕۆژووەکە بگرێتەوە، وە ئەوەی ریوایەت کراوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی بەوپیاوە دا کە لە ڕۆژی ڕەمەزاندا لەگەڵ خێزانیدا نزیکی کردبوو کە ڕۆژووەکەی بگرێتەوە، ئەو ریوایەتە زەعیفە، چونکە بوخاری و موسلیم لیٚیان لاداوە.

وە ئەمە مەزهەبی ئیبنوحەزمە و لە ئەبوبەکریشەوە ریوایەتی کردووە، هەروەها لە عومەری کوڕی (خطاب) و عەلی کوڕی ئەبو (طالب) و ئیبنومەسعود و ئەبوهورەیرەوە ریوایەتی کردووە، جا بگەڕێرەوە بۆ (المحلى ٦/١٨٠-١٨٥).

بەڵام لاواز کردنی ئیبنوتەیمی‌یە بۆ ئەو حەدیسەی کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کردووە بەو پیاوەی کە لە ڕۆژی ڕەمەزاندا نزیکی خێزانی کردبوو، لەبەر لادانی بوخاری و موسلیم لیٚی، من پێم وایە ئەو بەڵگەیە هیچ نی‌یە، چونکە چەندین حەدیس هەیە کە دوو شەیخ لیٚیان لاداوە بەڵام صەحیحە، حەقیش ئەوەیە کە ئەو حەدیسە بە کۆی ڕێگاکانی‌یەوە صەحیحە و سابتە، هەروەك (حافظ) ئیبنوحەجەر باسی کردووە، ویەکێکیشیان صەحیحە و مورسەلە، هەروەك لە لیٚدووانەکەمدا لەسەر نامیلکەکەی ئیبنوتەیمی‌یە بەناوی (الصيام) باسم کردووە (ل٢٥-٢٧) پاشان لە (إرواء الغليل) دا (٤/٩٠-٩٢) چونکە گرتنەوەی ڕۆژوو لەلایەن ئەوکەسەوە کە نزیکی خێزانی کردووە لە ڕۆژی ڕەمەزاندا لە تەواوێتی کەفارەتەکەیەتی. بەڵام ئەو کەسانەی تر کە بە عەمدی ڕۆژوویان شکاندووە، لە حوکمی گرتنەوەدا شوێن ئەم ناخرێن، وە قسەکەی شێخ لە کەسانی تردا جگە لەمەیان ڕاستە و دروستە.

بەڵام نوێژ نەگێڕانەوەکە ئەوە هەڵبژاردەی قسەی خودی دانەرە کە شوێن ئیبنوحەزم کەوتووە، قسەکەشی بە کورتی لەباسی نوێژدا کەمێك لەپێش باسی جومعەدا باس کردووە، وە ئەبووایە لەبارەی ڕۆژوو گرتنەوەکەشدا هەروای هەڵبژاردایە، چونکە بەڵگەی نەگرتنەوەی ئەو ڕۆژووەش هەروەك نەگێڕانەوەکەی ئەو نوێژە وایە بەتایبەت کە ئەویش هەر مەزهەبی ئیبنوحەزمە، چونکە ووتویەتی: بەڵگەی ئەو قسەیەشمان ئەوەیە کە واجبێتی ڕۆژوو گرتنەوە بۆ ئەو کەسەی بە عەمدی خۆی بڕشێنێتەوە بە صەحیحی لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە، بەڵام لەبارەی ئەو کەسەی کە ڕۆژووی خۆی ئەشکێنێت بە خواردن یان بە خواردنەوە یان بە نزیکی خێزانی، دەقێکی وا نەهاتووە کە واجبێتی گرتنەوەی بگەیەنێت، بەڵکو خوای گەورە تەنها ڕەمەزانی واجب کردووە و هیچی تر ئەویش لەسەر کەسێك کە لەش ساغ و نیشتەجێ و ژیرو بالغ بێت، جا واجب کردنی ڕۆژوو لەسەر کەسێکی تر لەجیاتی ئەو، دانانی شەرعێکە کە خوای گەورە ڕێی پێ نەداوە، کەواتە باتڵە، جا جیاوازی نی‌یە لەنێوان ئەوەی کە خوا ڕۆژوی مانگێکی ناوبراو واجب بکات، جا کەسێك بڵێت: ڕۆژووی جگە لەو مانگە بری ئەکەوێت، وە لەنێوان ئەوکەسەی بڵێت: حەج کردن بۆ غەیری مەککە شوێنی حەج

بەڵام ئەگەر گێرانەوەکەی دووا خست و ڕەمەزانێکی تر هات ئەبێ ئەم ڕەمەزانەی هەموو بگرێ، پاشان ئەوەی لەسەریەتی ئەیگرێتەوە، وە کەفارەتیشی لەسەر نابێت، دوا خستنەکەی بە مەعزەرەتی شەرعی بێت یان نا.

ئەوەش مەزهەبی حەنەفیەکان و حەسەنی بەصریە: وە مالیك و شافیعی و ئەحمەدو ئیسحاق و حەنەفیەکان لەسەر ئەوەن کە ئەوکەسە فدیەی لەسەر نابێت ئەگەر دواخستنەکەی بە هۆی مەعزەرەت بێت، بەڵام جیاوزایان هەیە لەگەڵ حەنەفیەکان و حەسەنی بەصری لەوەدا کە دوا خستنەکە بە مەعزەرەتەوە نەبێت جا ووتویانە: ئەبێ ئەو ڕەمەزانەی هاتەوە هەمووی بگرێت ولەپاشاندا چی لەسەر بوو بیگرێتەوە وفدیە بدات لە جیاتی هەر ڕۆژێك مستێك خواردن. بەڵام ئەمانە شتێکی وایان نییە کە بۆ بەڵگە هێنانەوە دەست بدات.

چونکە زاهیرەن ڕاست ئەوەیە کە حەنەفیەکان بۆی چوون، چونکە ئەو شەرعەی کە دەقێکی لە قورئان و حەدیسی صەحیح لەسەر نەبێت شەرع نییە.

کەسێك مرد و ڕۆژووی لەسەر بوو:

زانایان هەموو لەسەر ئەوەن ئەگەر کەسێك مردو نوێژی لەسەر بوو، واتە قەرزار بوو، نە وەلیەکەی نە کەس بۆی نییە ئەو نوێژانەی بۆ بگرێتەوە، وە هەروەها کەسێك لە ژیاندا مابێت و نەتوانێ ڕۆژوو بگرێت کەس بۆی نییە لە جیاتی ئەو بەڕۆژوو بێت(٤).

کردن بۆ مەککە ئەگرێتەوە، یان نوێژ کردن بۆ غەیری کەعبە شوێنی نوێژ کردن بەرەو کەعبە ئەگرێتەوە وەبەو شێوەیە لە هەموو شتێکدا، خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا﴾ واتە: ئەوانە سنوری خوان جا تخونیان مەکەون.

وە خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ ٱللَّهِ فَقَدْ ظَلَمَ نَفْسَهُۥ﴾ واتە: هەرکەس لە سنوری خوا لابدات ئەوە ستەمی لە خۆی کردووە.

ئینجا ئیبنوحەزم دەست ئەکات بە ڕەد دانەوەی ئەوکەسانەی کە هەرکەسێك نوێژ و ڕۆژوو بە عەمد بچوێنێت قیاسی ئەکەنە سەر ئەوکەسەی کە بە ڕشانەوە ڕۆژوەکەی بشکێنێت و ئەو کەسەی کە لە ڕەمەزاندا جیماع ئەکات.

ئینجا وەك ئەو قسەیەی خۆی لە خەلیفە ڕاشیدەکانەوە ئەگێڕێتەوە جگە لە عوسمان نەبێت، هەروەها لە ئیبنومەسعود و ئەبوهورەیرەشەوە، جا بۆی بگەڕێرەوە.

بەڵام لە وەڵامی ئەو قسەیەی سەرەوەدا ئەڵێم کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی داوە بەوکەسەی جیماعی کردووە لە ڕەمەزانا کە ئەویش ڕۆژووەکەی بگرێتەوەو ریوایەتەکەشی صەحیحە.

(4) وادەرئەکەوێت لەم باسەیاندا ئیجماع نییە، چونکە ئیبنوتەیمیە جیاوازی کردووە تییدا لە (الإختيارات)دا ئەفەرموێت:

ئەگەر کەسێك لەبری کەسێك کە نەتوانێ بەڕۆژوو بێت لەبەر پیری یان شتی تر، یان لە جیاتی مردویەك بەڕۆژوو بێت، وە ئەو دووانە پیرەکە و مردووەکە دەستیان کورت بوو بۆ کەفارەت دان ئەوە ڕۆژوو گرتن لە جیاتی ئەوان ڕێی تێ ئەچێ کە دروست بێت چونکە ئەمیان لە قەرز دانەوەی ماڵ لەپێشتر و نزیکترە، هەروەها (قاضي)یش لەبارەی ڕۆژووی نەزرەوە لەکاتی ژیانی نەزرکەردا هەروەکو ئەمی ووتووە.

منیش ئەم قسەیەم تەنها لەبەر نیشان دانی ئەو ڕایە باس کردووە نەك لەبەر هەڵبژاردن، چونکە من پێم وایە ئەو قسەیەی نەپێکاوە، لەبەر ئەوەی لەگەڵ فەرموودەی خوای گەورەدا نایەتەوە کە ئەفەرمووێت: ﴿وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَـٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ﴾ واتە بۆ ئادەمیزاد تەنها پاداشتی کردەوەی خۆی ئەدرێتەوە وە جگە لە پاداشتی ئەو کردەوەیە هیچی تری بۆ نییە.

بەڵام ئەگەر کەسێك مرد و ڕۆژوو قەرزار بوو، وە لەکاتێدا لە ژیاندا بووە توانای گرتنی هەبووە، زانایان لە حوکمی ئەمەدا جیاوازیان هەیە:

جومهوری زانایان لەوانە ئەبوحەنیفە ومالیك و ئەوەی لە شافیعیەوە بەناوبانگ بێت بۆ ئەوە چوون، کە وەلی‌یەکەی ناتوانێ ئەو ڕۆژووانەی بۆ بگرێتەوە، بەڵکو لە جیاتی هەر ڕۆژێك یەك مست خواردن ئەدات بە هەژار.

مەزهەبی هەڵبژێرراو لای شافیعی‌یەکان ئەوەیە کە موستەحەببە بۆ (ولي) سەرپەرشتیاری ئەو مردووە لە جیاتی ئەو بەڕۆژوو بێت و ئەو ڕۆژانە لە ئەستۆی مردووەکەدا نەمێنێ، ئیتر پێویست بە خواردن دان بە هەژار ناکات.

مەبەست لە (ولي) سەرپەرشتی کەری مردوو خزم و کەسی‌یەتی، جا چ (عصبة) بێت، یان میراتگر بێت، یان بێجگە لەوان، وە ئەگەر بێگانەیەکیش لە جیاتی بەڕۆژوو بوو هەر دروستە، ئەگەر بە فەرمانی سەرپەرشتی کەرەکە بێت، وەگەرنا دروست نی‌یە.

بەڵگەشیان ئەوەیە کە ئەحمەدو هەر دوو شێخ (بوخاری ومسلم) لە عائیشەوە ئەگێرنەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (مَن مَاتَ وَعَلَيهِ صِيامٌ صَامَ عَنهُ وَلِيُّهُ). واتە: هەرکەسێك بمرێت و ڕۆژوو قەرزار بێت سەرپەرشتی کەرەکەی بۆی بگرێتەوە.

لە لای بەززار لەگەڵ حەدیسەکەدا ئەم لەفظەش هەیە: (إن شاء) واتە: ئەگەر ویستی. (وە سەنەدەکەی حەسەنە)[٥].

ئەحمەدو خاوەن سونەنەکان لە ئیبنوعەبباسەوە ئەگێرنەوە کە پیاوێك هاتە لای پێغەمبەر ﷺ ووتی: ئەی نێرراوی خوا، دایکم کۆچی دوایی کردووەو مانگێ ڕۆژووی لەسەرە، ئایا من بۆی بگرمەوە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەگەر دایکت قەرزێکی لەسەر بووایە بۆت ئەداوە؟ ووتی: بەڵێ، فەرمووی: دەی قەرزی خوا لەپێشترە بدرێتەوە[٦].

ئەمما ئیبنوتەیمی‌یە بە شێوەیەك ئایەتەکەی لێك داوەتەوە کە لەگەڵ مەزهەبەکەی خۆیدا ئەگونجێت، ورێگای نی‌یە کە ئەم قسەیە شی بکەینەوە، جا هەرکەس پێی خۆشە بۆ زانستی زیاتر با بگەڕێتەوە بۆی. (تمام المنة).

(5) شێخ ئەلبانی ئەفەرموێت: ئەم زیادەیە زەعیفە و مونکەرە و پاشان دەفەرموێت: حەنبەلی‌یەکان ئەم حەدیسەیان لەسەر ڕۆژووی نەزر لێك داوەتەوە، چونکە ڕۆژووی نەزرە کە سەرپەرشت لە جیاتی ئەو ئەیگرێتەوە، ئەمما ڕۆژووی فەرز ئەوە کەس لەبری کەس نایگرێتەوە، ئەمەش بۆچونی گێڕەرەوەی حەدیسەکەیە کە عائیشەیە، هەروەها بۆچونی ئیبنوعەبباسە کە گێڕەرەوەی حەدیسەکەی دوای ئەمەیە.

جا من قسەی ئەو دوانەم باس کردووە لەو بارەیەوە لە (أحكام الجنائز) لە باسی (١٠٦)دا، وە هەرئەوەشە کە ئوصولی شەریعەت و حیکمەتەکەی داوای ئەکەن، و ئیبنوقەیمیم لە (تهذيب السنن) دا پارسەنگی ئەم ڕایەی کردووە، وە هەروەها لە (إعلام الموقعين)دا، وە من لەو کتێبەدا کە باسم کرد قسەیەکم هێناوە، ئەو قسەیەش بەسوودە، با گەڕانەوەی بۆ بکرێت.

(6) وا دەری ئەخات کە جگە لەوکەسانەی باسی کردوون، کەسانێکی لەوان بەرزتر ئەم حەدیسەیان تەخریج نەکردووە، ئەم قسەیەش وانی‌یە، چونکە شەیخەین (بوخاری و موسلیم) لە (الصوم) دا لە ئیبنوعەبباسەوە تەخریجیان کردووە، وە لە یەکێك لە ریوایەتەکانیدا ئەم زاراوەیە هاتووە: کە ئەو ئافرەتە مردبوو وە ڕۆژووی نەزری لەسەر بوو.

جا کەواتە ئەم حەدیسە لەبارەی ڕۆژووی نەزرەوە هاتووە، وە نابێت بکرێتە بەڵگە لەسەر ڕۆژووی فەرز هەروەك دانەر وای کردووە، وە بە زاراوەیەکی تر حەدیسەکە بەڵگەیە بۆ حەنبەلی‌یەکان نەك بۆ شافیعی‌یەکان. جا ئاگادار بە!

نەوەوی ووتویەتی: ئەو قسەیە ڕاست وهەڵبژاردەیە، وە ئێمەش باوەڕمان پێی هەیە، وە هەر ئەو قسەیەیە کە لێکۆڵەرەوەکان لە هاوڕێکانمان بە ڕاستیان داناوە ئەوانەی کە لەنێوان فیقهو حەدیسدا ڕێك خستن ئەکەن، بەپێی ئەو فەرموودە صەحیح و صەریحانە.

دانانی ماوەی بەڕۆژوو بوون لەو شوێنانەی ڕۆژیان درێژەو شەویان کورت:

زانایان جیاوازیان هەیە لەو دانانەدا بۆ ئەو وولاتانەی ڕۆژیان درێژەو شەویان کورتە، وە ئەو وولاتانەی کە ڕۆژیان کورتە وشەویان درێژە، ئایا ئەم وولاتانە لەسەر کام وولات دائەنرێن؟

ووتراوە لەسەر ئەو وولاتانە دائەنرێن کە شەو و ڕۆژیان ناوەندەو شەریعەتی ئیسلامی تێدا هاتۆتە خوارەوە، وەك مەککەو مەدینە، وە ووتراوە: کام وولات شەوو ڕۆژی مام ناوەندە و نزیك ترە لێیانەوە لەسەر ئەوە دائەنرێت.

==================

سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

نوسینەوەی بەشی سێیەم تەواو بوو لە بەرواری (١٩/٨/٧٣) ی کۆچیدا، کە ئاخرین بەش بوو لام لە لێکۆڵینەوە لەسەر (فقه السنة)، وە لە خوای گەورە داواکارم کە بیکات بە یارمەتیدەری قوتابیانی زانستی، وە ببێتە مەنهەجێك کە خەڵك بەسەریا بڕۆن بۆ ئەوەی لە دیندا فێر بن، وە لێم وەربگرێت بەڕاستی خوای گەورە بیسەر و زانایە. (تمام المنة في التعليق علي فقه السنة / محمد ناصر الدين الألباني).

ئیعتیکاف

١- واتای ئیعتیکاف چی‌یە؟

ئیعتیکاف یەعنی: پەیوەست بوون بە شتەوەو مانەوە لەسەری، جا ئەو شتە خێر بێت، یا شەڕ. خوای گەورە فەرمویەتی: ﴿مَا هَٰذِهِ ٱلتَّمَاثِيلُ ٱلَّتِيٓ أَنتُمۡ لَهَا عَٰكِفُونَ﴾ (الأنبياء/٥٢). واتە: ئەو پەیکەرانە چین ئێوە ئیعتیکافیان بۆ ئەکەن. واتە: ئەیان پەرەستن وبەلایانەوە ئەمێننەوە.

بەڵام مەبەست لە ئیعتیکاف لێرەدا ئەوەیە کە مانەوە لە مزگەوتا بکرێ بە نیازی خوا پەرەستی وخۆ نزیك کردنەوە لە خوای گەورە.

٢- مەشروعی‌یەتی ئیعتیکاف:

زانایان هەموو لەسەر ئەوەن کە ئیعتیکاف مەشروعە، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ لە هەموو ڕەمەزانێکدا دە ڕۆژ ئیعتیکافی ئەکرد، بەڵام ئەو ساڵەی کۆچی دوایی کرد تیایدا بیست ڕۆژ ئیعتیکافی کرد. (بوخاری و ئەبوداود و ئیبنوماجە گێڕاویانەتەوە).

هاوەڵەکانی و خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ خۆیدا و دوای خۆی ئیعتیکافیان کردووە.

ئیعتیکاف هەرچەندە عیبادەتێکەو خۆ نزیك کردنەوەیە لە خوا بەڵام دەربارەی چاکێتی ئەو کارە حەدیسێکی صەحیح نەهاتووە.

ئەبوداود ووتویەتی: بە ئەحمەدم ووت: دەربارەی چاکێتی ئیعتیکاف حەدیس ئەزانیت؟ ووتی: نە، مەگەر حەدیسێکی زەعیف.

٣- جۆرەکانی ئیعتیکاف:

ئیعتیکاف ئەکرێت بە دوو بەشەوە: سوننەت و واجب. سوننەت ئەوەیە موسڵمانێك خۆی بە ئارەزووی خۆی بچێتە ئیعتیکافەوە بە مەبەستی نزیك بوونەوە لە خواو پاداشتەکەی، وە بۆ شوێن کەوتن و ئیقتیدا بە پێغەمبەر ﷺ، وە ئەو ئیعتیکافە واباشە لە دە ڕۆژی دوایی مانگی ڕەمەزاندا بێت، وەك لە پێشەوە باس کرا.

ئیعتیکافی واجب ئەوەیە کەسێك نەزری موطلەق بکات ولەسەرخۆی پێویست بکات بچێتە ئیعتیکافەوە، وەك ئەوە بڵێت: بۆ خوا لەسەرم پێویست بێت کە ئەوەندە ڕۆژ ئیعتیکاف بکەم، یا نەزری موعەللەق بکات و بیبەستێت بە شتێکەوە، وەك ئەوەی بڵێت: ئەگەر خوا نەخۆشی‌یەکەمی چاك کردەوە ئەبێ ئەوەندە ڕۆژە ئیعتیکاف بکەم. وە لە صەحیحی بوخاری دا هاتووە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (مَن نَذَرَ أن يُطِيعَ اللهَ فَلْيُطِعْهُ) واتە: هەرکەس نەزری کرد خوا پەرەستی‌یەك بکات با بیکات.

وە هەر لەو حەدیسەدا هاتووە کە عومەر رضي الله عنه فەرمویەتی: ئەی نێرراوی خوا من نەزرم کردووە شەوێك لە مزگەوتی حەرامدا ئیعتیکاف بکەم، فەرمووی: نەزرەکەت بەجێ بهێنە.

٤- کاتی ئیعتیکاف:

ئیعتیکافی واجب بەجیٚ دێت بەپیٚی ئەوەی نەزرکەر لەسەر خۆی نەزرکردووەو ناوی هێناوە. جا ئەگەر نەزری کرد ئیعتیکاف بکات بۆ ماوەی ڕۆژێك یا زیاتر پێویستە وەفا بە نەزرەکەی بکات و بەجیٚی بهێنێت.

بەڵام ئیعتیکافی سوننەت کاتی دیاری کراوی نییە، بەجیٚ دێت بە مانەوە لە مزگەوتدا بە نیازی ئیعتیکاف، جا زۆر بخایەنیٚ یا کەم، وە چەندە لە مزگەوتدا بمێنێتەوە پاداشتی بۆ ئەنوسرێت.

وە ئەگەر لە مزگەوت هاتە دەرو پاشان هاتەوە ناو مزگەوت بە مەبەستی ئیعتیکاف ئەبێت نییەتەکەی تازە بکاتەوە.

لە یەعلای کوڕی ئومەییەوە هاتووە ووتویەتی: من ساتێك لە مزگەوتدا بمێنمەوە بە مەبەستی ئیعتیکاف نەبێت نامێنمەوە.

(عطاء) ووتویەتی: چەند لە مزگەوتدا بمێنێتەوە بە ئیعتیکاف بۆی ئەژمێررێت، وە ئەگەر کەسێك لە مزگەوتدا مایەوە بە هیوای پاداشتی خوایی ئەوە بە ئیعتیکاف بۆی ئەژمێررێت، بەڵام ئەگەر بەو نیازە نەبێت بۆی ناژمێرێت.

خاوەن ئیعتیکافی سوننەت هەرکاتیٚ بیەویٚ بۆی هەیە ئیعتیکافەکەی بپچڕێنێت پێش ئەوەی ئەو ماوەیە تەواو بکات کە بە نیاز بووە بمێنێتەوە.

لە عائیشەوە هاتووە کە فەرمویەتی: هەرکاتێك پێغەمبەر ﷺ بیویستایە بچێتە ئیعتیکافەوە نوێژی بەیانی ئەکرد و ئەچووە ناو شوێنی ئیعتیکافەوە، وە جارێك لە دە ڕۆژی دوایی ڕەمەزاندا وویستی ئیعتیکاف بکات، جا فەرمانی دا شوێنێکیان بۆ دروست کرد[1]، ئەڵیٚ: کاتیٚ ئەوەم بینی داوام کرد شوێنێکیشیان بۆ من دروست کردو خێزانەکانی تریشی هەریەك داوایان کرد شوێنێکیان بۆ دروست کردن، جا کاتیٚ پێغەمبەر ﷺ نوێژی بەیانی کرد ئەو شوێنانەی بینی فەرمووی: ئەوە چییە؟ ئایا داوای خێر ئەکەن؟ جا فەرمانی دا شوێنەکەی خۆی لابرد، وە هەروەها فەرمانی دا خێزانەکانی شوێنەکانیان لابرد[2] پاشان ئیعتیکافەکەی خستە دە ڕۆژی یەکەمی مانگی شەووالەوە.

ئەبینین کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی دا بە خێزانەکانی شوێنەکانیان لابەرن و واز لە ئیعتیکاف بهێنن، دوای ئەوەی نییەتی ئیعتیکافیان هێنا بوو، ئەمەش ئەبێتە بەڵگەی ئەوە کە دروستە ئیعتیکاف بپچڕێنرێت دوای دەست پیٚ کردن.

([1]) ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بۆی هەیە لە مزگەوتدا شوێنێکی تایبەتی بۆ خۆی بسازێنیٚ بۆ ئەوەی لە ماوەی ئیعتیکافەکەدا تیٚیدا بمێنێتەوە، بەمەرجێك جێگا لە خەڵك تەسك نەکات، بەڵام ئەو شوێنە با لە دوای مزگەوتەوە یان لە دەورووپشتی بێت، بۆ ئەوەی خەڵکی نارەحەت نەکا، و بۆ ئەوەی دەوری چۆڵتر بێت و تەنیاییەکەی تەواتر بێت.

([2]) لە شەرحی موسلیمدا ئەڵیٚ: بۆیە پێغەمبەر ﷺ ئەمەی کرد، ترسا کە خێزانەکانی خالیصانە نییەتی ئیعتیکافیان نەبووبیٚ، بەڵکو ویستبێتیان لەبەر غیرەتیان نزیك بن لە پێغەمبەرەوە ﷺ لەبەر ئەوە پیٚی خۆش نەبوو لە مزگەوتدا بمێننەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە شوێنی کۆ کردنەوەی خەڵکەو عەرەبی دەشتەکی و دوو ڕووی بۆ ئەهاتن، وە ئەوانیش پێویستیان بە دەرو ژوور هەیە جا دەرئەکەون، یان لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ ئەوانی بینی لە مزگەوتدا لەلای بون، ئیتر وەك ئەوەی لیٚ هات لە ماڵەوە بێت و ژنەکانی لە دەوربن و ئەوەی کە گرینگ بوو لە مەبەستی ئیعتیکاف نەمێنێت، کە ئەویش دوور کەوتنەوەیە لە ژنان و ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە دنیاوە هەیە، یان لەبەر ئەوە بووە کە مزگەوتەکەیان بەو مەنزڵانە تەنگ کردبێتەوە.

لە حەدیسەکەدا بەڵگەی ئەوە هەیە کە پیاو بۆی هەیە ڕێ لە ژنەکەی بگرێت ئیعتیکاف بکات، ئەگەر خۆی لەسەرەتاوە ڕێی نەدابێت پێی، وە زانایان هەموو بۆ ئەو ڕەئیە چوون. بەڵام جیاوازیان هەیە لەوەدا ئەگەر خۆی ڕێی پێ دابێ ئایا بۆی هەیە نەیەڵێت تەواوی کات؟

لای شافیعی و ئەحمەدو داود پیاو بۆی هەیە ڕێ لە ژنەکەی بگرێت و لە شوێنی ئیعتیکافەکە دەری بهێنێت، ئەگەر ئیعتیکافەکەی سوننەت بوو.

٥- مەرجەکانی ئیعتیکاف:

مەرجە خاوەن ئیعتیکاف موسڵمان بێت وباڵق بێت وخاوێن بێت لە لەش گرانی و بێ نوێژیو زەیستانی، کەواتە دروست نی‌یە بێ باوەڕ و منداڵو لەش گران و بێ نوێژ و زەیستان ئیعتیکاف بکات.

٦- پایەکانی ئیعتیکاف:

حەقیقەتی ئیعتیکاف مانەوەیە لە مزگەوتدا بە نیيەتی نزیك بوونەوە لە خوای گەورەوە، بەڵام ئەگەر مانەوە لە مزگەوتدا نەبێت، یا نیازی خوا پەرەستی تێدا نەبوو، ئیعتیکاف پێك نایەت، جا نییەت بۆیە پێویستە چونکە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ﴾ (البينە/٥) واتە: تەنها ئەوەی کە فەرمانیان پێ کراوە ئەوەیە بە ئیخلاصەوە خوا بپەرەستن.

وە بەپێی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی: (إنَّمَا الأعمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإنَّمَا لِكُلِّ امرِئٍ مَا نَوَى). واتە: هەموو کردەوەیەك پاداشتەکەی بەپێی نیازەکەیەتی، جا هەرکەس نیازی چی هەبوو ئەوەی بۆ ئەبێت.

بەڵام ئەوە کە هەر ئەبێت لە مزگەوتدا بێت بەپێی فەرمودەی خوای گەورەیە کە فەرمویەتی: ﴿وَلَا تُبَٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمۡ عَٰكِفُونَ فِي ٱلۡمَسَٰجِدِۗ﴾ (البقرة/١٨٧) واتە: ئەوکاتەی ئێوە لە مزگەوتدا خەریکی ئیعتیکافن نزیکی خێزانەکانتان مەکەن.

بەڵگە هێنانەکەش لەو ڕووەوەیە، ئەگەر ئیعتیکاف لە غەیری مزگەوتدا دروست بووایە خوای گەورە حەرامی نزیکی کردنی لەکاتی ئیعتیکافدا تایبەت نەئەکرد بە مزگەوتەوە، چونکە نزیکی کردنی خێزان لەگەڵ ئیعتیکافدا یەك نایەتەوە، جا بەوە دەرئەکەوێت کە ئەم مانا کردنەوەیە ئەوە ڕوون ئەکاتەوە کە ئیعتیکاف تەنها تایبەتە بە مزگەوتەوە.

٧- ڕای زانایان دەربارەی ئەو مزگەوتەی کە دروستە ئیعتیکافی تێدا بکرێت:

زانایان دەربارەی ئەو مزگەوتەی کە ئیعتیکافی تێدا دروستە جیاوازیان هەیە، ئەبو حەنیفە و ئەحمەد و ئیسحاق و ئەبوثەور بۆ ئەوە چوون کە ئیعتیکاف لە هەموو مزگەوتێکدا کە پێنج نوێژەکانی تێدا بکرێت دروستە.

بەپێی ئەو حەدیسەی لە پێغەمبەرەوە ﷺ ریوایەت کراوە فەرمویەتی: (كُلُّ مَسجِدٍ لَهُ مُؤَذِّنٌ وإمَامٌ فَالإعتِكَافُ فِيهِ يَصلُحُ) واتە: هەر مزگەوتێك بانگبێژو ئیمامی هەبێت، ئیعتیکافی تێدا دروستە.

(دارقطني) ئەم حەدیسەی گێڕاوەتەوە، ئەمەش حەدیسێکی مورسەل و زەعیفە و بو بەڵگە هێنانەوە نابێت.

مالیك و شافیعی و داود بۆ ئەوە چوون کە ئیعتیکاف لە هەموو مزگەوتێکدا دروستە، چونکە هیچ شتێك دەربارەی تایبەت کردنی چەند مزگەوتێك بە صەحیحی نەهاتووە.

شافیعی‌یەکان ئەڵێن: واباشە ئیعتیکاف لە مزگەوتی جامیعدا (کە جومعەی تێدا ئەکرێت) بکرێت، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ﷺ لە مزگەوتی جامیعدا ئیعتیکافی کردووە، وە لەبەر ئەوەی لەو مزگەوتەدا کە جەماعەتی نوێژەکانی تێدا ئەکرێت خەڵك زۆرتر ئامادە ئەبن، وە نابێت لە مزگەوتی تردا ئیعتیکاف بکات ئەگەر لە کاتی ئەو ئیعتیکافەدا نوێژی جومعە ئەکرا، بۆ ئەوەی جومعەکەی لە دەست نەچێت، وە بۆ موعتەکیف هەیە کە لە مزگەوتدا بانگ بدات بە مەرجێك ئەو شوێنەی کە بانگی تێدا ئەدات دەرگاکەی لە مزگەوتەکەدا بێت یان لەسەر بانی مزگەوتەکە بێت، جا بوی هەیە بچێتە سەر بانی مزگەوت چونکە هەموو ئەوانە هەر لەسەر مزگەوتەکەیە، بەڵام ئەگەر دەرگای ئەو شوێنەی بانگی تێدا ئەدات لەدەرەوەی مزگەوت بێت ئەویش بە قەستی بچێت بۆ ئەوێ، ئیعتیکافەکەی بەتاڵ ئەبێتەوە.

لای حەنەفی‌یەکان و شافیعی‌یەکان حەوشە و دەشتایی مزگەوت هەر لەسەر مزگەوت حیساب ئەکرێ، وە ئەم قسەیە ریوایەتێکیشە لە ئەحمەدەوە، بەڵام لای مالیك و ریوایەتێکی تری ئەحمەد حەوشە و دەشتایی مزگەوت لەسەر مزگەوت حیساب ناکرێن، جا بۆ ئەوکەسەی ئیعتیکاف ئەکات دروست نی‌یە بچێت بۆ ئەو شوێنانە و لە مزگەوت بێتە دەر.

جومهوری زانایان لەسەر ئەو ڕایەن کە بۆ ئافرەت دروست نی‌یە لە مزگەوتی ماڵەکەی خۆیدا ئیعتیکاف بکات، لەبەر ئەوەی مزگەوتی سەرماڵ ناوی مزگەوتی بەسەردا نایات.

وە هیچ جیاوازی نی‌یە لەوەدا کە دروستە مزگەوتی سەرماڵ بفرۆشرێت. وە بە صەحیحی هاتووە کە خێزانەکانی پێغەمبەر ﷺ لە مزگەوتی پێغەمبەردا ﷺ ئیعتیکافیان کردووە.

ڕۆژووی ئەوکەسەی ئیعتیکاف ئەکات:

ئەگەر ئەوکەسەی ئیعتیکاف ئەکات بەڕۆژوو بێت ئەوە کارێکی باشە، وە ئەگەر بەڕۆژووش نەبێت هیچ گوناهێکی لەسەر نی‌یە.

بوخاری لە ئیبنوعومەرەوە ئەگێڕێتەوە کە عومەر بە پێغەمبەری ﷺ ووت: لە سەردەمی نەفامیدا نەزرم کردبوو شەوێك لە مزگەوتی حەرامدا ئیعتیکاف بکەم، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: (أوفِ بِنَذرِكَ) واتە: نەزرەکەت بەرەسەر.

جا لەم فەرماندانەی پێغەمبەردا ﷺ بۆ عومەر بەڵگەی ئەوە هەیە کە ڕۆژوو گرتن مەرج نی‌یە لە دروستی ئیعتیکافدا، چونکە ئیعیتکاف لە شەودا دروست نی‌یە.

سەعیدی کوڕی مەنصور لە ئەبو سەهلەوە ئەگێڕێتەوە ووتویەتی: لەسەر ژنێك لە کەس‌وکارەکەم ئیعتیکافێکی واجب هەبوو منیش لەوبارەوە پرسیارم لە عومەری کوڕی عبد العزیز کرد فەرمووی: ڕۆژووی لەسەر نی‌یە مەگەر خۆی لەسەر خۆی دانابێت. زوهریش ووتی: ئیعتیکاف بێ بەڕۆژووبون دروست نی‌یە. عمر پێی فەرموو: ئایا لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتووە؟ ووتی: نا، ووتی: ئەی لە ئەبوبەکرەوە؟ ووتی: نا. ووتی: ئەی لە عمرەوە؟ ووتی نا -وابزانم ووتی: لە عثمانەوە هاتووە؟ ووتی: نا- ئەڵێ: پاشان هەڵسام چوومە دەرەوە، گەیشتم بە عەطاء و طاوس، لەو بارەیەوە پرسیارم لێ کردن، (طاوس) ووتی فلانەکەس ڕای وابوو ڕۆژووی لەسەر نییە مەگەر خۆی لەسەر خۆی دانابێت. عەطائیش ووتی: ڕۆژوی لەسەر نییە مەگەر خۆی لەسەر خۆی دانابێت.

(خطابی) ووتویەتی: خەڵك لەم مەسەلەیەدا ئیختلافیان هەیە، حەسەنی بەصری ووتویەتی: ئەگەر کەسێك بەبێ بەڕۆژوو بوون ئیعتیکاف بکات دروستە، وە شافیعیش هەر بۆ ئەوە چووە.

وە لە عەلی و ئیبنومەسعودەوە ریوایەت کراوە کە ووتویانە: ئارەزووی خۆیەتی بەڕۆژو ئەبێت یان نا.

ئەوزاعی و مالیك ووتویانە: ئیعتیكاف بێ بەرۆژووبوون دروست نیيە. ئەمەش مەزهەبی ئەهلی ڕەئیيە، وە هەر ئەوەش لە ئیبنو عومەرو ئیبنوعەبباسو عائیشەوە ڕەزای خوایان لیٚ بیٚ ریوایەت كراوە، وە هەروەها قسەی سەعیدی كوڕی موسەییبو عورِوەی كوڕی زوبەیرو زوهریيە.

كاتی چوونە شوێنی ئیعتیكافو هاتنە دەرەوە لیٚ ی:

لە پێشەوە باس كرا كە ئیعتیكافی سوننەت كاتی دیار كراوی نیيە، هەركاتێك كەسێك چووە ناو مزگەوتو بەنیازی نزیك بونەوە لە خواوە تیٚیدا مایەوە، ئەو كەسە بۆتە خاوەن ئیعتیكاف هەتا دێتە دەر.

بەڵام ئەگەر كەسێك نیازی ئیعتیكافی هەبوو لە دەرۆژی دوایی مانگی ڕەمەزاندا ئەوە پێش خۆرئاوابوون بچێتە شوێنی ئیعتیكافەكەی. لای بوخاری لە ئەبو سەعیدەوە هاتووە ووتویەتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (مَن كَانَ اعتَكَفَ مَعِي فَلِيَعتَكِف العَشرَ الأوَاخِرَ) واتە: هەركەس لەگەڵ مندا ئیعتیكاف ئەكا با دەرۆژی دوایی ڕەمەزان ئیعتیكاف بكات.

(العشر) ئەو دەیە، ناوێكە بۆ شەوەكانی داویی، وە یەكەم شەو لە دەشەوەكە شەوی بیستو یەكە، یان شەوی بیستە، وە ئەوەی گێڕراوەتەوە لە پێغەمبەر ﷺ (ئەگەر ویستبێتی بچێتە ئیعتیكافەوە نوێژی بەیانی كردووە، پاشان چووەتە شوێنی ئیعتیكافەكەیەوە)، مانای ئەوەیە: چۆتە ئەو شوێنەی كە لە مزگەوتدا ئامادەی كردبو بۆ ئیعتیكاف. بەڵام چوونە مزگەتەوە بۆ ئیعتیكاف لەسەرەتای شەوەوە بووە.

وە هەركەس دەرۆژەی دوایی ڕەمەزان بچێتە ئیعتیكافەوە، ئەوە كاتیٚ ڕۆژ ئاوا بوو لە دوایەمین ڕۆژی ڕەمەزاندا بێتە دەرەوە، بەڕای ئەبو حەنیفە و شافیعی.

مالیكو ئەحمەد ووتویانە ئەگەر دوای ڕۆژ ئاوابونیش هاتە دەرەوە بۆی دروستە، وە وا پەسەندە لای ئەمان كە لە مزگەوتدا بمێنێتەوە هەتا ئەچێتە دەر بۆ نوێژی جەژن.

أثرم بە ئیسنادی خۆی ئەگێڕێتەوە لە ئەبی ئەییوبەوە لە ئەبی قولابەوە كە ئەو لە مزگەوتدا ئەمایەوە شەوی جەژنی ڕەمەزان، پاشان ئەچو بۆ نوێژی جەژن بەو شێوەیە، وە لە ئیعتیكافەكەیدا نە حەسیرێك نە بەرماڵێكی لانەبوە لەسەری دابنیشێت، كاتیٚ لەناو خەڵكەكەدا دا ئەنیشت وەك ئەوان وابوو. ئەڵیٚ ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان چووم بۆلای سەیرم كرد كیژۆڵەیەكی بە ڕازاوەیی لەباوەشدا بوو، وام ئەزانی یەكێكە لە كچەكانی كەچی كەنیزی بوو، جا ئازادی كرد ، وە بەو شێوەیە چوو بۆ نوێژی جەژن.

ئیبراهیم ووتویەتی: ئەوان حەزیان ئەكرد ئەو كەسەی ئیعتیكاف ئەكا لە دە ڕۆژی دوایی ڕەمەزاندا، شەوی جەژن لە مزگەوتدا بمێنێـەوە، پاشان بەیانی بچێت بۆ نوێژی جەژن لە مزگەوتەوە.

وە هەركەس نەزری كرد لە ڕۆژێكی دیاری كراودا كەخۆی دیاری كردبێت ئیعتیكاف بكات، یا بیەوێ بەسوننەت بیكا، ئەوە پێش طلوعی فەجر بچێتە شوێنی ئیعتیكافەكەیەوە، وە ئەگەر ویستی بێتە دەرەوە ئەبیٚ بە تەواوی ڕۆژ ئاوا بوبێت، جا ئیعتیكافەكەی چ لە ڕەمەزاندا بێت یا لەكاتێكی تردا بێت.

وە ئەگەر كەسێك نەزری كرد شەوێك لە شەوان كە خۆی دیاری كردبێت ئیعتیكاف بكات، یا بیەوێ سوننەت بكا، ئەوە پیش ئەوەی بە تەواوی خۆر ئاوا بێت بچێتە شوێنەكەیەوە، جا كە بۆی دەركەوت ڕۆژ بۆتەوە بێتە دەرەوە.

ئیبنو حەزم ووتویەتی: ئەوەش لەبەر ئەوەیە سەرەتای شەو لەدووای ڕۆژ ئاوابونەوە دەست پێ ئەكاتو بە طلوعی فەجر كۆتایی دێت، وە سەرەتای ڕۆژ لە دەركەوتنی فەجرەوە دەس پێ ئەكاتو بە خۆر ئاوابوون كۆتایی دێت، وە كەس لەسەری نیيە ئیعتیكاف بكات مەگەر بۆ خۆی بیەوێ. جا ئەگەر كەسێك نەزری كرد مانگێك بچێتە ئیعتیكافەوە، یا ویستی سوننەت بكا ئەوە سەرەتای مانگەكە لە یەكەم شەوی مانگەكەوە دەست پێ بكات. جا ئەبێ بچێتە شوێنەكەی پێش ئەوەی خۆر بە تەواوی ئاوا بێت، وە كاتێ ویستی بێتە دەرەوەو مانگەكەی تەواو كرد ئەبێت ڕۆژ ئاوا بوبێت، جا لە مانگی ڕەمەزاندا بێت یا لەكاتی تردا بێت.

چی پەسەندە بۆ خاوەن ئیعتیكافو چی كەراهەتی هەیە بۆی :

پەسەندە بۆ خاوەن ئیعتیكاف زۆر نوێژی سوننەتو خواپەرستی بكات، وە خۆی خەریك بكات بە نوێژ كردنو قورئان خوێندنەوە، وە زۆر یادی خوا بكاتو زۆر (سبحان الله) و (الحمد لله) و (لا إله إلا الله) و (الله أكبر) و (أستغفر الله) بكات، وە زۆر سڵاوات لەسەر پێغەمبەر ﷺ بدات و زۆر بپارێتەوە، وە زۆر ئەو جۆرە خوا پەرستیانە بكات كە بەندە لە خوانزیك ئەكاتەوە، وە ئەوانەی بەندە ئەگەیەنن بە پەروەردگاری خۆی. وە فێر بوونی زانستی ئاینی و خەریك بوون بە كتێبی تەفسیر و حەدیس و ژیان نامەی پیغەمبەران و پیاوچاكان و كتێبی فیقهی و ئایینی هەر ئەچنە ناو ئەو بەشەوە، وە پەسەندە پەناگایەك (چادرێك) لەناو مزگەوتدا بكات بۆ خۆی، وەك پێغەمبەر ﷺ ئەیكرد.

كەراهەتی هەیە بەكارو قسەیەكەوە خۆی مەشغوڵ بكات كە پەیوەندی بەوەوە نەبێت، بەپێی ئەوەی (ترمذي)و ئیبنوماجە ئەگێڕنەوە لە (ابو بسرة)وە كە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (مِن حُسنِ إسلامِ المَرءِ تَركُهُ مَالا يَعنيهِ) واتە: یەكێك لە خەصڵەتە جوانەكانی موسڵمان بوونی ئینسان ئەوەیە كە واز لەو شتانە بهێنێت كە پەیوەندی بەوەوە نیە.

كەراهەتی هەیە واز لە قسەكردن بێنێ وا بزانێت بەوە لە خوای گەورە نزیك ئەبێتەوە.

بوخاری و ئەبوداود و ئیبنوماجە لە ئیبنوعەبباسەوە ئەگێڕنەوە فەرمویەتی: پێغەمبەر ﷺ لەكاتێكدا ووتاری ئەدا پیاوێكی بینی وەستابوو پرسی ئەوە كێيە؟ ووتیان: ئەوە ئەبوئیسرائیلە نەزری كردووە هەر بەپێوە بوەستێت و دانەنیشێت و نەچێتە بن سێبەر و قسە نەكات و بەڕۆژوو بێت، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: (پێی بڵێن با قسەبكات و بچێتە سێبەر و دانیشێت، بەڵام با ڕۆژوەكەی بباتە سەر).

ئەبو داود لە عەلیەوە ئەگێڕێتەوە كە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی (لا يُتَمَ بَعدَ احتلامٍ وَلا صُماتَ يومٍ إلى اللَّيلِ) واتە: دوای باڵق بوون هەتیوی نامێنێ، وە ڕۆژێك هەتا شەو نابێت كەس قسە نەكات.

ئەوەی ڕەوایە بۆ خاوەن ئیعتیكاف :

ئەم شتانەی خوارەوە بۆ خاوەن ئیعتیكاف ڕەوایە:-

١- هاتنە دەرەوە لە شوێنی ئیعتیكافەكەی بۆ بەرێ كردنی كەسوكاری، (صفية) ووتی: پێغەمبەر ﷺ لە ئیعتیكافدا بوو، شەوێك چوم بۆ دیدەنی، دانیشتم قسەم لەگەڵدا كرد، پاشان هەڵسام بێمەوە بۆ ماڵەوە، ئەویش هەڵسا لەگەڵمدا هات بۆ ئەوەی بم گەیەنێتە ماڵەوە[٣]، ماڵەكەی لە خانووی ئوسامەی كوڕی زەیدا بوو، جا دو پیاوی ئەنصار بەوێدا تێپەڕین، كاتێ پێغەمبەریان ﷺ بینی پەلەیان كرد، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: (على رِسلِكُمَا إنَّها صَفِيَّةُ بنتِ حُيَيٍّ قالا: سُبحَانَ اللهِ يَا رَسُولَ اللهِ! قَالَ: إنَّ الشَّيطَانَ يَجرِي مِنَ

(3) (خطابی) ئەڵێ: ئەمە ئەوە ئەگەیەنێ كە پێغەمبەر ﷺ لە مزگەوت دەرچوو تاوەكو بیگەیەنێتە ماڵەوە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەو كەسانەی كە ڕەئیيان وایە خاوەن ئیعتیكاف ئیعتیكافەكەی تێك ناچێت بۆ شتێكی واجب دەربچێ، وە مەنع ناكرێ لە كاری چاكە.

الإنسَانِ مَجرى الدَّمِ، فَخَشِيتُ أن يَقذِفَ فِي قُلُوبِكُمَا شيئاً ـ أو قال ـ شَرّاً) (رواه البخارى ومسلم وأبوداود). واته: لەسەر خۆ بن ئەوە صەفییەی کچی حویەی خێزانمە ووتیان.: سبحان الله ئەی نێرراوی خوا، فەرمووی: شەیتان لەناو دڵی مرۆڤدا وەك خوێن لە دەمارەکانیدا ئەگەڕێت، ترسی ئەوەم هەبوو شتێك یا شەڕێك بخاتە دڵتانەوە(٤).

٢- سەر شانەکردنو سەرتاشین و نینۆك کردن و خۆ پاك کردنەوە لە چڵك و پیسی و لەبەر کردنی چاکترین جلوبەرگ و خۆ بۆن خۆش کردن.

عائیشە فەرمویەتی: (پێغەمبەر ﷺ) لە مزگەوتدا ئیعتیکافی ئەکرد، لە پەنجەرەکەی ژوورەکەوە سەری ئەهێنایە دەرەوە منیش سەریم بۆ ئەشۆری، وە موسەددید ئەڵێت: عائیشە فەرمویەتی: وە بۆم شانە ئەکرد، لەوکاتەشدا بێنوێژ بوم) بوخاری و موسلیم و ئەبوداود گێراویانەتەوە.

٣- چونە دەر بۆ ئەو شتێك کە پێویست بێت، عائیشە ووتویەتی فەرمویەتی: (پێغەمبەر ﷺ) ئەگەر بچوایە ئیعتیکافەوە سەری ئەهێنایە پێشەوە بۆم شانە ئەکرد، وە نەئەهاتە ماڵەکەوە مەگەر بۆ شتێك نەبوایە کە ئادەمیزاد پێویستی‌یەتی. بوخاری و موسلیم و غەیری ئەوان گێراویانەتەوە.

ئیبنومونذیر ووتویەتی: زانایان کۆن لەسەر ئەوەی کە خاوەن ئیعتیکاف بۆی هەیە بێتە دەرەوە بۆ چونە سەرئاو، چونکە ئەوە شتێکە کە هەر ئەبێ بکرێت، وە ناتوانرێت لە مزگەوتدا بکرێت، وە لەو مانایەدایە بۆ خواردن و خواردنەوە ئەگەر کەسێکی نەبێت بۆی بهێنێت، وە ئەگەر لە پڕدا ڕشایەوە بۆی هەیە بچێتە دەر بۆ ئەوەی لە دەرەوەی مزگەوتەکە بڕشێتەوە، وە هەروەها بۆ هەموو کارێك کە پێویستی پێی هەبێت و ئەنجامدانی لە مزگەوتدا نەکرێت بۆی هەیە لە مزگەوت بێتە دەر و بەوە ئیعتیکافەکەی هەڵناوەشێتەوە ئەگەر زۆر نەخایەنێت -تەواو- .

هەروەها ڕەوایە چونە دەر بۆ خۆشۆردن لە لەش گرانی و خۆ پاك کردنەوە و جلوبەرگ پاك کردنەوە لە پیسی.

سەعیدی کوڕی مەنصور ئەگێڕێتەوەو ئەڵێت: عەلی کوڕی ئەبی طالیب فەرمویەتی: ئەگەر کەسێك چووە ئیعتیکافەوە بۆی هەیە بچێت بۆ نوێژی هەینی و ئامادەی مردوو شاردنەوە بێت و سەردانی نەخۆش بکات و بچێتە ماڵەوە داوای پێویستی خۆی لە خێزانەکانی بکات هەر بەپێوە، وە خۆی خوا لێی ڕازی بێت یارمەتی خوشکەزاکەی دا بە حەوت سەد درهەم بۆ ئەوەی خزمەت کارێکی پێ بکرێت، خوشکەزاکەی ووتویەتی: من لای خۆی لە ئیعتیکافدا بووم عەلی فەرموی: ئەگەر بچویتایە بۆ بازاڕیش خزمەت کارەکەت بکڕیایە هیچت لەسەر نەئەبوو.

لە قەتادەوە هاتووە: کە ئەو ڕێی داوە خاوەن ئیعتیکاف شوێن جەنازە بکەوێت و سەردانی نەخۆش بکات بەڵام دانەنیشێت.

ئیبراهیمی نەخەعی ووتویەتی: پێشینان بە پەسەندیان دائەنا خاوەن ئیعتیکاف ئەم خەصلەتانە بکات بە مەرج ـ و بۆی هەیە بیانکات یا بە مەرجیشی دانەنابێت ـ ئەوانیش ئەمانەن:

لە نەخۆش پرسین، بەڵام نەچێتە ژوورێکەوە کە سەری گیرابێت، وە ئامادەی جومعە ببێت، و شوێن جەنازە بکەوێت بۆ شاردنەوەی؛ وە بۆ کاری پێویست بچێتە دەر، وە ووتویەتی: ئەو کەسەی ئیعتیکاف ئەکات نابێت بچێتە ژورێکی تر بۆ پێویستی نەبێت.

([4]) لە شافیعیەوە گێڕراوەتەوە کە ووتویەتی: ئەم فرمایشتەی پێغەمبەر ﷺ کە بەو دووانەی فەرموو لەڕووی بەزەیی‌یەوە بووە پێیاندا، چونکی ئەگەر بێتو گومانی خراپیان پێ ببردایە کافر ئەبوون، جا بۆیە یەکسەر پێی ڕاگەیاندن تاوەکو بەهۆی گومانی خراپەوە نەفەوتێن.

(خطابي) ووتویەتی: كۆمەڵێك ووتویانە بۆی هەیە ئامادەی نوێژی هەینی بێتو سەردانی نەخۆش بكات و ئامادەی جەنازە بێت. وە ئەوە لە عەلیی‌یەوە گێڕراوەتەوە، هەروەها ڕای سەعیدی كوڕی جوبەیر و حەسەنی بەصری و نەخەعیە.

ئەبوداود لە عائیشەوە ئەگێڕیتەوە كە پێغەمبەر ﷺ لەكاتی ئیعتیكافدا بەلای نەخۆشدا تێ ئەپەڕی و لای نەئەمایەوە هەواڵی ئەپرسی، وە ئەوەش كە لە عائیشەوە ڕیوایەت كراوە كە: سوننەت وایە ئەوكەسەی ئیعتیكاف ئەكات سەردانی نەخۆش نەكات، مەبەست لەوە ئەوەیە كە لە شوێنی ئیعتیكافەكەی دەر نەچێ بە مەبەستی سەردانی، وە ئەوەندە بەرتەسك نەكراوەتەوە لەسەری كە بەلای نەخۆشدا بڕوات و هەواڵی بپرسێ، بێ ئەوە لای بمێنێتەوە.

٤- وە بۆی هەیە لە مزگەوتدا خواردن بخوات و بخواتەوە و بخەوێت بە مەرجێك پارێزگاری پاك و خاوێنی مزگەوت بكات و بیپارێزێت، وە بۆی هەیە پەیمان ببەستێت، وەك پەیمان بەستنی ژن مارەكردن و كڕین و فرۆشتن و ئەوجۆرە شتانە.

ئەو شتانەی ئیعتیكاف هەڵئەوەشێنێتەوە

ئیعتیكاف بە كردنی شتێك لەمانە هەڵئەوەشێتەوە:

١- دەرچون لە مزگەوت بە قەستی، بێ ئەوەی پێویستی هەبێت بەو دەرچونە با ئەو دەرچونە كەمیش بێت، چونكە بەو دەرچونە مانەوەكەی نامێنێ، وە مانەوەش پایەیەكە لە پایەكانی ئیعتیكاف.

٢- هەڵگەڕانەوە لە ئایین. كە پێچەوانە و لابەری خوا پەرستی‌یە، بەپێی فەرمودەی خوای گەورە كە فەرمویەتی: ﴿لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ﴾ (الزمر/٦٥). واتە: ئەگەر هاوبەشت بۆ خوا دانا كردەوەكانت هەڵئەوەشێتەوە.

(٥،٤،٣) نەمانی هۆش بە شێت بوون یان بە سەرخۆش بون، هەروەها بێ‌نوێژیو زەیستانی، لەبەر نەمانی مەرجی تەمییز لە بێهۆش و سەرخۆشداو مەرجی پاكی‌یەتی لە بێ‌نوێژو زەیستاندا.

٦- جیماع كردن. بە پێی فەرمودەی خوا گەورە: ﴿وَلَا تُبَـٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمْ عَـٰكِفُونَ فِى ٱلْمَسَـٰجِدِ ۗ تِلْكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَقْرَبُوهَا ۗ﴾ (البقرة/١٨٧). واتە: لەژنەكانتان نزیكی مەكەن لە كاتی ئیعتیكاف لە مزگەوتدا، ئەوە سنووری خوایە لێی نزیك مەبنەوە.

بەڵام دەست دان لە ژن بەبێ ئارەزوو جوڵاندن قەیناكە. پێغەمبەر ﷺ لە حاڵەتی ئیعتیكافا بووە و یەكێ لە ژنەكانی سەری بۆ داهێناوە بە شانە، بەڵام ماچ كردن و دەست لێ دان بە ئارەزووەوە، ئەبو حەنیفە و ئەحمەد ئەڵێن: شتێكی خراپی كردووە چونكە شتێكی كردووە كە حەرامە لەسەری بیكات، بەڵام ئیعتیكافەكەی هەڵناوەشێتەوە مەگەر ئاوی بێتەوە.

مالیك ووتویەتی: ئیعتیكافەكەی هەڵئەوەشێتەوە چونكە نزیك بوونەوە و بە یەك گەیشتنێكی حەرامە، وە ئیعتكافەكەی فاسید ئەبێت و وەك ئەوە وایە ئاوی بێتەوە.

لە شافیعی‌یەوە دوو ڕیوایەتی وەك ئەو دوو بۆچوونە هەیە.

ئیبنوڕوشد ووتویەتی: هۆی ئەو جیاوازی‌یە ئەوەیە كە ئایا ئەو ناوەی كە هاوبەشە لە نێوان حەقیقەت و مەجازدا، گشتی‌یەتی بۆ هەیە یان نا، وە ئەو دەست لێ دان بە ئارەزووەوە یەكێكە لەو ناوانەی كە هاوبەشە لەنێوان حەقیقەت و مەجازدا. جا هەركەس بۆ ئەوە بچێت

که ووشەی دەست لێدان گشتییە، ئەڵێت: (مباشرة) که لە فەرمودەکەی خوای گەورەدا هاتووە: ﴿وَلَا تُبَٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمۡ عَٰكِفُونَ فِي ٱلۡمَسَٰجِدِۗ﴾ بە جیماع و کەمتر لەو ئەوترێت.

وە هەرکەس بڵێت: ئەو دەست لێدانە عموم ناگەیەنێت ـ کە ئەمەشیان بەناوبانگو زۆرترە ـ ئەڵێت: ئەو دەست لێدانە یان جیماع ئەگەیەنێت، یان کەمتر لەویش ئەگرێتەوە.

جا ئەگەر وتمان: جیماع ئەگەیەنێت بەڕای هەمووان، ئەو ڕایە پوچەڵ ئەبێتەوە کە ئەڵێت ئەو دەست لێدانە بە ئارەزووەوە مەبەستی غەیری جیماعە، چونکە تەنها ناوێك حەقیقەت و مەجازیش ناگەیەنێت لە یەك کاتدا، وە هەرکەس ئاو هاتنەوە بخاتە جێی چونەلا، ئەوە لەبەر ئەوەیە مانای ئەوە ئەبەخشێ، وە هەرکەس بە پێچەوانەوە بێت ئەوە لەبەر ئەوەیە ئەو ناوەی پێ ناوترێ بە حەقیقەت.

گێڕانەوەی ئیعتیکاف :

هەرکەس بە ئارەزوی خۆ دەستی کرد بە ئیعتیکاف لە پاشاندا ئیعتیکافەکەی بڕی وا باشە ئەو ئیعتیکافە بگێڕێتەوە، و هەندێك ووتویانە: گێڕانەوەو قەزای ئەو ئیعتیکافە واجبە.

(ترمذي) ووتویەتی: زانایان جیاوازیان هەیە دەربارەی ئەو کەسەی ئیعتیکاف ئەکات ئەگەر ئیعتیکافەکەی ببڕێ پێش ئەوەی تەواوی بکات وبەو ئەندازەیە بگات کە نیەتی لێ هێناوە.

مالیك ووتویەتی: ئەگەر کەسێك ئیعتیکافەکەی بڕی پێویستە لەسەری قەزای بکاتەوە، وەئەو فەرمودەیەیان کردۆتە بەڵگە کە پێغەمبەر ﷺ لە شوێنی ئیعتکاف هاتەدەر و دە شەو لە مانگی شەوال لە جیاتی ئەو دەڕۆژە کە لە ئیعتیکاف هاتبوە دەر، ئیعتیکافی کردەوە.

شافیعی ووتویەتی: ئەگەر ئیعتیکافەکەی نەزر نەبوو یا لەسەر خۆی دانەنابوو بەڵکو بەئارەزوی خۆی بوو، وە پێش تەواو کردنی هاتە دەر، ئەوە قەزا کردنەوەی لەسەر نییە مەگەر خۆی بە ئارەزوی خۆی قەزای بکاتەوە.

هەروەها ووتویەتی: هەموو کارێك کە هێشتا دەستت پێ نەکردووە بۆت هەیە نەیکەیت، جا کاتێ دەستت پێ کرد و پێش تەواو کردنی دەستی لێ هەڵبگریت ئەوە گێڕانەوەت لەسەر نییە، جگە لە حەج و عومرە نەبێت.

بەڵام ئەگەر کەسێك نەزری کرد ڕۆژێك یان چەند ڕۆژێك ئیعتیکاف بکات و دەستی پێ کرد و پاشان وازی لێ هێنا، لەسەری پێویستە قەزای بکاتەوە هەرکاتێ توانی، بەڕای هەموو پێشەوایان، بەڵام ئەگەر مرد پێش ئەوەی قەزای بکاتەوە ئەوە کەس لەبری ئەو قەزای ناکاتەوە.

لە ئەحمەدەوە هاتووە کە لەسەر کەس‌وکار و وەلی‌یەکەی پێویستە بۆی بگرێتەوە.

(عبدالرزاق) ئەگێڕێتەوە لە عبدالکریم ی کوڕی ئومەییەوە ووتویەتی: گوێم لە عبدالله ی کوڕی عبد الله ی کوڕی عوتبە بووە ئەیوت: دایکمان مردو ئیعتیکافی لەسەر بوو، لە ئیبنو عەبباسم پرسی، فەرموی: لە جیاتی دایکت ئیعتیکاف بکە و بەڕۆژوو ببە.

سەعیدی کوڕی مەنصور ئەگێڕێتەوە ئەڵێت: عائیشە لە جیاتی براکەی کە کۆچی دوایی کردبوو ئیعتیکافی کردووە.

ئەو کەسەی ئیعتیکاف ئەکا شوێنێك لە مزگەوتدا جیا ئەکاتەوە و خێمەیەك هەڵئەدا:

١- ئیبنوماجە لە ئیبنوعومەرەوە ڕەزای خوایان لێ بێت ئەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ لە دە شەوی دوایی ڕەمەزاندا ئیعتیکافی ئەکرد، نافیع ئەڵێت: عبد الله ی کوڕی عومەر ئەو شوێنەی نیشان دام کە پێغەمبەر ﷺ ئیعتکافی تێدا ئەکرد.

٢- ریوایەت كراوە لە ئیبنو عومەرەوە كە پێغەمبەر ﷺ ئەگەر ئیعتیكافی بكردایە جێگای بۆ ڕائەخرا، یا نوێنی بۆ دائەنرا لە پشت كۆڵەكەی تۆبەوە[٥].

٣- لە ئەبی سەعیدی خودریەوە گێڕراوەتەوە كە پێغەمبەر ﷺ لەناو كەپرۆكەیەكدا ئیعتیكافی ئەكرد و پارچە حەسیرێكی بەسەر دەرگاكەیەوە بوو ـ بۆ ئەوەی كەس چاوی لێ‌ی نەبێت ـ .

نەزر كردنی ئیعتیكاف لە مزگەوتێكی دیاری كراودا:

هەركەس نەزری كرد كە لە مزگەوتی حەرام یا لە مزگەوتی پێغەمبەردا یا لە مزگەوتی ئەقصادا ئیعتیكاف بكات، واجبە وەفا بەو نەزرەی بكات لەو مزگەوتەدا كە دیاری كردووە. بە پێ‌ی فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ كە فەرمویەتی: (لا تُشَدُّ الرِّحَالُ إلا إلى ثلاثة مَسَاجِدَ: المَسجِدُ الحَرَامِ وَالمَسجِدُ الاقصى وَمَسجِدِي هَذَا) واتە: باروبنە ناپێچرێتەوە بۆ سێ مزگەوت نەبێت: مزگەوتی حەرام و مزگەوتی ئەقسا و ئەم مزگەوتەی من.

بەڵام ئەگەر نەزری كرد لە مزگەوتێكی تردا بێت جگە لەو سێ مزگەوتە لەسەری پێویست نیە نەزرەكەی بەجێ بهێنێت لەو مزگەوتەدا كە دیاری كردووە، وە لەسەریەتی ئیعتیكاف بكات لە هەر مزگەوتێكی تردا بیەوێت، چونكە خوای گەورە شوێنێكی تایبەتی دانەناوە بۆ پەرستنی، وەلەبەر ئەوەی هیچ مزگەوتێك چاكتر نیە لە مزگەوتێكی تر ئەوسێ مزگەوتە نەبێت.

چونكە سابتە كە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (صَلاةٌ فِي مَسجِدِي هَذَا أفضَلُ من ألفِ صَلاةٍ فِيمَا سِوَاهُ مِنَ المَسَاجِدِ إلا المَسجِدَ الحَرَامَ، وَصَلاةٌ فِي المَسجِدِ الحَرَامِ أفضَلُ مِن صَلاةٍ فِي مَسجِدِي هَذا بِمائةِ صَلاةٍ) واتە: نوێژێك لەم مزگەوتەی مندا چاكترە لە هەزار نوێژی مزگەوتەكانی تر جگە لە مزگەوتی حەرام، وە نوێژێك لە مزگەوتی حەرامدا چاكترە لەسەد نوێژی ئەم مزگەوتەی من.

ئەگەر كەسێك نەزری كرد لە مزگەوتی پێغەمبەردا ﷺ ئیعتیكاف بكات، بۆی هەیە بچێت لە مزگەوتی حەرامدا نەزرەكەی بباتە سەر، چونكە (مسجد الحرام) لەو چاكترە.

===================

سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

---

(5) ئەو كۆڵەكەیە بو كە صەحابەیەك خۆی پێوە بەستەوە هەتا خوا تۆبەكەی وەرگرت.

ڕۆژووی سوننەت

پێغەمبەر ﷺ هانی خەڵکی ئەدا بۆ بەڕۆژوو بوون لەم ڕۆژانەدا:

ڕۆژووی شەش ڕۆژ لە مانگی شەواڵ:

جەماعەت ئەگێڕنەوە –جگە لە بوخاری و نەسائی– لە ئەبو ئەییوبی ئەنصارییەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (مَن صَامَ رَمضَانَ ثُمَّ أتبعَهُ ستاً مِن شَوَّال، فكَأنَّمَا صَامَ الدَّهر). واتە: هەرکەس مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بوو، وە شەش ڕۆژیش لە شەوال بە دوایدا بەڕۆژوو بێت، وەك ئەوە وایە کە ساڵێك بەڕۆژوو بووبێت.

وە لای ئەحمەد ئەو شەش ڕۆژە بەسەریەکەوە بێت، یان بەسەریەکەوە نەبێت هەر ئەبێت، وە هیچیان لە هیچیان چاکتر نین و وەك یەکن.

بەڵام لای حەنەفیەکان و شافیعییەکان چاکتر وایە بە سەریەکەوە بێت یەکسەر دوای جێژن.

ڕۆژووی دە ڕۆژ لە مانگی (ذي الحجة) وە تەئکیدی ڕۆژی عەرەفە بۆ جگە لە حاجی:

١– لە ئەبو قەتادەوە ﷺ هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (صَومُ يومِ عَرَفَةَ، يُكفِّرُ سَنَتَينِ، مَاضِيَةً وَمُستَقبلةً، وَصَومُ يومِ عَاشُوراءَ يُكفِّرُ سَنَةً مَاضِيَةً) (رواه الجماعة إلا البخاري والترمذي). واتە: ڕۆژووی ڕۆژی عەرەفە کەفارەتی گوناحی دوو ساڵە، ساڵی پێشوو ساڵی داهاتوو، وە ڕۆژووی ڕۆژی عاشورا کەفارەتی گوناحی ساڵی پێشووە.

٢– لە حەفصەوە هاتووە فەرمویەتی پێغەمبەر ﷺ وازی لە چوار شت نەئەهێنا: ڕۆژووی عاشورا، و دە ڕۆژ لە مانگی (ذي الحجة)، و لە هەرمانگێکدا سێ ڕۆژو، وە دوو ڕکاتی پێش نوێژی بەیانی (ئەحمەدو نەسائی گێڕاویانەتەوە).

٣– لە عوقبەی کوڕی عامیرەوە هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (يومُ عَرَفَةَ، وَيومُ النَّحرِ، وَأيَّامُ التَّشرِيقِ، عِيدُنَا – أهلَ الإسلامِ– وَهِيَ أيَّامُ أكلٍ وَشُربٍ) (رواه الخمسة، إلا ابن ماجه وصححه الترمذي). واتە: ڕۆژی عەرەفە و ڕۆژی قوربانی کردن و سێ ڕۆژی دوای قوربانی کردن، جەژنی ئێمەی موسوڵمانە، وە ئەم ڕۆژانە ڕۆژی خواردن وخواردنەوەن.

٤– لە ئەبوهورەیرەوە هاتووە کە فەرمویەتی: پێغەمبەر ﷺ ڕۆژوو گرتنی ڕۆژی عەرەفەی –بۆ حاجی– قەدەغە کردبوو[1] (ئەحمەدو ئەبوداوودو نەسائی و ئیبنوماجە گێڕاویانەتەوە).

(ترمذي) ووتویەتی: زانایان ڕۆژوو گرتنی ڕۆژی عەرەفەیان بە موستەحەب دائەنا جگە لەو کەسانەی کە لە عەرەفەن.

٥– لە (أم الفضل)ەوە هاتووە: ڕۆژی عەرەفە گومانمان لە بەڕۆژوو بوونی پێغەمبەر ﷺ هەبوو، منیش قاپێك شیرم بۆ نارد، ئەویش خواردییەوە، لەکاتێکدا ووتاری ئەدا لە عەرەفە (موسلیم و بوخاری گێڕاویانەتەوە).

([1]) کورتەی قسەی شێخ ئەلبانی ئەوەیە: سەنەدیەکەی زەعیفە کەسێکی مەجهولی تێدایە و لە (الأحاديث الضعيفة) دا تەخریج کراوە بە ژمارە (٤٠٤).

ڕوژووی مانگی موحەڕڕەم و تەئکیدی ڕۆژی عاشوڕاو ڕۆژێکی پێش عاشوڕاو ڕۆژێك پاش عاشوڕا:

١- لە ئەبوهورەیرەوە هاتووە کە فەرمویەتی: لە پێغەمبەریان ﷺ پرسی چاکترین نوێژ دوای نوێژە فەڕزەکان کام نوێژەیە؟ فەرمووی: (الصَّلاةُ فِي جَوفِ اللَّيلِ). واتە: ئەو نوێژەی لە نیوە شەودا بکرێت.

پاشان لێیان پرسی: ئەی چاکترین ڕۆژوو دوای ڕۆژووی ڕەمەزان کام ڕۆژووەیە؟ فەرمووی: (شَهرُ اللهِ الَّذِي تَدعُونَهُ المُحَرَّم). واتە: ڕۆژووی ئەو مانگەی خوایە کە پێی ئەڵێن موحەڕڕەم (ئەحمەد و موسلیم و ئەبوداود گێڕاویانەتەوە).

٢- لە موعاوییەی کوڕی ئەبوسوفیانەوە هاتووە فەرمویەتی: گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بوو ئەیفەرموو: (إنَّ هَذا يَومُ عَاشُوراءَ، وَلَم يُكتَب عَلَيكُم صِيامُهُ، وأنا صَائِمٌ، فَمَن شَاءَ صَامَ، وَمَن شَاءَ فَليُفطِر) (متفق عليه). واتە: ئەم ڕۆژە ڕۆژی عاشورایە، خوا لەسەری نەنووسیون بەڕۆژوو بن تێیدا، وە من بەڕۆژووم، جا هەرکەس حەز ئەکات بەڕۆژوو بێت، وە هەر کەس حەز ناکات بەڕۆژوو نەبێت.

٣- لە عائیشەوە خوای لێ ڕازی بێت هاتوە کە فەرمویەتی: ڕۆژی عاشورا ڕوژێك بوو قوڕەیش لەسەردەمی نەزانیدا تێیدا بەڕۆژوو ئەبوون، وە پێغەمبەر ﷺ تێیدا بەڕۆژوو ئەبوو، کاتێ هاتینە مەدینە هەر بەڕۆژوو ئەبوو، وە فەرمانی بە خەڵکەکەش ئەکرد کە بەڕۆژوو بن، بەڵام کاتێ ڕەمەزان فەرز کرا فەرموی: (مَن شَاءَ صَامَهُ وَمَن شَاءَ تَرَكَهُ) (متفق عليه). واتە: هەرکەس حەز ئەکات بەڕۆژوو بێت تێیدا، وە هەر کەس حەز ناکات با وازی لێ بێنێت.

٤- لە ئیبنوعەبباسەوە خوا لێیان ڕازی بێت هاتووە کە فەرمویەتی: پێغەمبەر ﷺ کاتێ هاتە مەدینە سەیری کرد جولەکە ڕۆژی عاشورا بەڕۆژوو ئەبن، فەرمووی: (ئەمە چییە؟) ووتیان: ڕۆژێکی پیرۆزە خوا لەم ڕۆژەدا موسا و بەنی ئیسرائیلی لە دوژمن ڕزگار کردووە، بۆیە موسا تێیدا بەڕۆژوو بووە، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: (أنَا أحَقُّ بِمُوسى مِنكُم). واتە: من لە پێش ترم بۆ موسا لە ئێوە.

جا پێغەمبەر ﷺ تێیدا بەڕۆژوو بوو، وە فەرمانی ئەکرد خەڵکیش بەڕۆژوو بن تێیدا (بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە).

٥- لە ئەبوموسای ئەشعەرییەوە رضي الله عنه هاتووە فەرمویەتی: جولەکە ڕێزیان لە ڕۆژی عاشورا ئەگرت و کردبویانە جەژنی خۆیان، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (صُومُوهُ أنتُم) واتە: ئێوە تێیدا بەڕۆژوو بن (موسلیم و بوخاری گێڕاویانەتەوە).

٦- لە ئیبنوعەبباسەوە خوایان لێ ڕازی بێت هاتووە ووتویەتی: پێغەمبەر ﷺ ڕۆژی عاشورای گرت و فەرمانی دا بەگرتنی، ووتیان: ئەی نێرراوی خوا، ئەوە ڕۆژێکە جولەکە وگاور ڕێزی ئەگرن، فەرمووی: (إذَا كَانَ العَامَ المُقبِل -إن شاءَ الله- صُمنَا اليَومَ التَّاسِعَ). (رواه مسلم وأبوداود). واتە: خوا بیەوێ ساڵی داهاتوو نۆهەمیش ئەگرین. جا ساڵ نەگەڕایەوە کۆچی دوایی کرد.

وە لە (لفظ)ێکی تردا هاتووە فەرموویەتی: (لَئِن بَقِيتُ إلى قَابِلٍ لأصُومَنَّ التَّاسِعَ) (رواه أحمد ومسلم) واتە: ئەگەر بمێنم ساڵێکی تر نۆهەمیشی لێ ئەگرم- واتە: لە گەڵ دەیەمدا-.

زانایان ئەڵێن: بەڕۆژوو بوونی ڕۆژی عاشورا سێ جورە:

یەکەم: ڕۆژوو گرتنی سێ ڕۆژی نۆهەم و دەیەم و یانزەهەمی.

دووەم: گرتنی نۆیەم و دەیەمی.

سێیەم: گرتنی دەیەمی بەتەنها.

فراوانی کردن لە ڕۆژی عاشورادا:

لە جابیری کوڕی عبدالله وە خوایان لێ ڕازی بێت هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (مَن وَسَّعَ على نَفسِهِ وَأهلِهِ يَومَ عَاشُوراءَ، وَسَّعَ اللهُ عَلَيهِ سَائِرَ سَنَتِهِ) (رواه البيهقي في الشعب وابن عبدالبر). واتە: هەرکەس لەڕۆژی عاشورادا فراوانی بکات بۆ خۆی و خێزانی، خوا ئەو ساڵە ماڵ و سامانی فراوان ئەکات.

ئەم حەدیسە ڕێگای تریشی هەیە، هەموویان لاوازن، بەڵام ئەگەر بخرێنە پاڵ یەك هێز پەیدا ئەکەن، وەك سەخاوی ووتویەتی[(٢)].

ڕۆژووی بەشی زۆری مانگی شەعبان:

پێغەمبەر ﷺ بەشی زۆری مانگی شەعبان بەڕۆژوو ئەبوو، عایشە فەرمویەتی: پێغەمبەرم ﷺ نەبینیوە هیچ مانگێك تا سەر بەڕۆژوو بێت تیایدا جگە لە ڕەمەزان، وە نەم بینیوە هیچ مانگێك ئەوەندەی شەعبان زۆر تیایدا بەڕۆژوو بوو بێت. (بوخاری وموسلیم گێڕاویانەتەوە).

وە لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوە خوایان لێ ڕازی بێت هاتووە فەرمویەتی: ووتم: ئەی نێرراوی خوا نەم بینیوە لە هیچ مانگێکدا ئەوەندەی مانگی شەعبان بەڕۆژوو بیت تیایدا؟ فەرمووی: (ذَلِكَ شَهرٌ يَغفَلُ النَّاسُ عَنهُ، بَينَ رَجَبٍ وَرَمَضَانَ،

---

(2) کورتەی قسەی شێخ ئەوەیە: ئەوە قسەی سەخاوی خۆیەتی کە ئەڵێت: یەکتر بەهێز ئەکەن، و ئێمە پێمان وایە کە وانەبێت.

شێخ لێکۆڵینەوە لەسەر حەدیسەکە ئەکات و باسی عیللەتەکانی ئەکات و قسەی زانایانی لەسەر ئەهێنێتەوە. پاشان ئەفەرمووێت:

هەموو ڕێگاکانی کۆمەڵێك مەتروك و مەجهول ئەیگێڕنەوە، لەوانەشە ئەوانە لە دوژمنەکانی حوسەینی کوڕی عەلی بن ڕەزای خوایان لێ بێت، کە حەدیسیان لەسەر فەزڵ و چاکی خواردن دان و چاو ڕشتن و جگە لەوانەشیان هەڵبەستوە لە ڕۆژی عاشورادا، بۆ بەرهەڵستی کردن لەگەڵ ئەو شیعانەدا کە ئەو ڕۆژەیان کردووە بە ڕۆژی ماتەم لەسەر حوسەین ڕەزای خوای لێ بێت، چونکە حوسەین لەو ڕۆژەدا کوژرا، هەر لەبەر ئەوە (شیخ الإسلام) ڕەحمەتی خوای لێ بێت، بڕیویەتیەوە کە ئەم حەدیسە درۆیە.

وە باسی ئەوە ئەکات کە لەبارەی ئەم حەدیسە لە ئیمام ئەحمەدیان پرسی ئەویش پێی وابوو کە هیچ نییە، وە بەوەش پاڵپشتی بۆ ئەم قسەیەی خۆی هێناوە کە هیچ کام لە سەلەف فراوانیان لە ڕۆژی عاشورادا بە موستەحەب نەزانیوە، وە هیچ کام لەم حەدیسانە لەسەردەمی قەرنە چاکەکاندا نەناسراون (کە پێغەمبەر ﷺ دانی بە چاکیاندا ناوە) و شێخی ئیسلام بەدرێژی باسی لەسەر کردووە لە (الفتاوی) دا (٢/٢٤٨-٢٥٦) جا بۆی بگەڕێرەوە.

وە مەناوی لە مەجدی لوغەویەوە ئەگێڕێتەوە کە ووتویەتی:

ئەوەی لەبارەی ڕۆژی عاشوراوە ئەگێڕنەوە لەڕۆژوو گرتن و نەفەقە کردن و خەنە بەکارهێنان و سەروریش چەور کردن و چاو ڕشتن، لەو بیدعانەیە کە قاتلەکانی حوسەین ڕەزای خوای لێ بێت دروستیان کردووە (تمام المنة).

وَهُوَ شَهرٌ تُرفَعُ فِيهِ الأعمَالُ إلى رَبِّ العَالَمِينَ؛ فَأُحِبُّ أن يُرفَعَ عَمَلِي وَأنَا صَائِمٌ). (رواه أبوداود والنسائي وصححه ابن خزيمه)[٣]. واتە: ئەوە مانگێكە لە نێوان مانگی ڕەجەب و ڕەمەزاندایە خەڵك تێیدا بێ ئاگان، وە ئەوە مانگێكە كردەوەی تێدا بەرز ئەكرێتەوە بۆ لای پەروەردگاری جیهانیان، منیش حەز ئەكەم كاتێ كردەوەكانم بەرز ئەكرێتەوە بەڕۆژوو بم.

وە تایبەت كردنی نیوەی مانگی شەعبان بەڕۆژوو گرتن وا بزانرێ كە فەضیلەتی هەیە بەسەر ڕۆژەكانی تردا، ئەوە هیچ بەڵگەیەكی ڕاستی لەسەر نییە.

ڕۆژووی مانگە حەرامەكان:

مانگە حەرامەكان بریتین لە ذولقەعیدە و ذولحیججە و موحەڕڕەم و ڕەجەب، وە پەسەندە مرۆڤ زۆر تێیاندا بەڕۆژوو بێت.

لە پیاوێكی باهیلی‌یەوە هاتووە ووتویەتی: چووم بۆ لای پێغەمبەر ﷺ ووتم: ئەی نێرراوی خوا من ئەو پیاوەم پار هاتمە لات، فەرمووی: (فَمَا غَيَّرَك، وَقَد كُنتَ حَسَنَ الهَيئَةِ؟). واتە: ئەی چی تۆی گۆڕیوە، لەوە پێش شێوەت جوان بوو؟ ووتم: لەوكاتەوە لە تۆ جیا بوومەوە بە شەو نەبێت بەڕۆژ هیچم نەخواردووە، فەرمووی: (لِمَ عَذَّبتَ نَفسَكَ؟) واتە: بۆچی خۆت شكەنجە داوە؟ پاشان فەرمووی: (صُم شَهرَ الصَّبرِ وَيَوماً مِـن كُـلِّ شَـهرٍ). واتـە: مانگی ئارام گرتن بـەڕۆژوو بە و لە هەموو مانگێكدا ڕۆژێك بەڕۆژوو ببە، ووتم: بۆم زیاد بكە چونكی توانایيم هەیە، فەرمووی: مانگی دوو ڕۆژ بەڕۆژوو ببە، ووتم: زیاتر، فەرمووی: سێ ڕۆژ، سێ ڕۆژ لە مانگە حەرامەكاندا بەڕۆژوو بە، واتـە: سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بە و سێ ڕۆژ بەڕۆژوو مەبە، جا پێغەمبەر ﷺ سێ پەنجەكانی كۆ ئەكردەوە و بڵاوی ئەكردنەوە[٤]. (رواه أحمد وأبوداود وابن ماجه والبيهقي بسند جيد).

وە بـەڕۆژوو بـوون لـە مـانگی ڕەجەبدا چاكتر نـی‌یـە لـە ڕۆژووی مانگـەكانی تـر، ئـەوە نـەبێت ڕەجـەب لـە مانگـە حەرامەكانە، وە لە سوننەتدا نەهاتووە كە ڕۆژووی مانگی ڕەجەب بە تایبەتی فەزڵی ببێت، وە ئەوەی لەوبارەیەوە هاتووە بۆ ئەوە نابێت كە ببێتە بەڵگە.

([3]) دانەر لە گێڕانەوەی ئەم حەدیسە بۆلای ئەبوداود چاوی لە (حافظ) كردووە لە فەتحدا. و صەنعانی لە (سبل السلام) دا و شەوكانی لە (نيل الأوطار) ئەمەش وەهمێكە لە هەموویانەوە كە یەك بە دوای یەك لەسەری ڕۆیشتوون چونكە ئەم حەدیسە لای ئەبو داود نی‌یە، بەڵكو حەدیسێكی تری هەیە لە ئوسامەوە لەبارەی ڕۆژوو گرتنی دوو شەممە و پێنج شەممە.

جا لەبەر ئەوە (منذري) لە (الترغيب)دا و (حافظ) لە (تبيين العجب فيما ورد في فضل رجب)دا، وە هەروەها نابلسی لە (الذخائر) دا هەموو ئەمانە تەنها گێڕاویانەتەوە بۆ نەسائی، پاشان ئەم حەدیسە لای نەسائی سەنەدەكەی حەسەنە.

([4]) شێخ ئەلبانی لەبارەی ئەم حەدیسەوە ئەفەرمووێت: سەنەدەكەی جید نی‌یە چونكە ڕاویەكەی دڵەڕاوكێ (إضطراب)ی تێدا كردووە لە چەند ڕوویەكەوە كە (حافظ) لە (التهذيب)دا باسی كردووە، هەروەها (منذري) لە (مختصر السنن) دا وە ووتویەتی: ئەم جیاوازی‌یەی تێ كەوتووە هەروەكو ئەبینیت، و هەندێك لە شێخەكانمان ئاماژەیان بۆ زەعیفی كردووە، وە ئەمەش ڕێی تێ ئەچێت وابێت، منیش ئەڵێم: عیللەتێكی تریشی تێدایە ئەویش جەهالەتە وەك لە (ضعيف أبي داود) دا ڕوونم كردۆتەوە بە ژمارە (٤١٩).

ئیبنوحەجەر ووتویەتی: دەربارەی فەزڵی مانگی ڕەجەب و ڕۆژووی ڕەجەب، هەروەها لەبارەی ڕۆژووێکی تایبەت و شەونوێژ لە ڕجەبدا حەدیسێکی صەحیح نەهاتوە کە بگونجێ بۆ بەڵگە.

ڕۆژووی دوو شەممان و پێنج شەممان:

لە ئەبوهورەیرەوە هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ بە زۆری ڕۆژانی دووشەممەو پێنج شەممە بەڕۆژوو ئەبوو، لەو بارەیەوە پرسیاری لێ کرا، فەرمووی: (إنَّ الأعمَالَ تُعرَضُ كُلَّ اثنَينِ وَخَمِيس، فَيَغفِرُ اللهُ لِكُلِّ مُسلِمٍ، أو لِكُلِّ مُؤمِنٍ، إلا المُتَهَاجِرَينِ، فَيَقُولُ أخِّرهُمَا) (رواه أحمد بسند صحيح)[٥]. واتە: کردەوەکان ڕۆژانی دووشەممە وپێنج شەممە نیشان ئەدرێن، پاشان خوا لە هەموو موسوڵمانێك یا لە هەموو باوەڕدارێك خۆش ئەبێت، جگە لەوانەی دەنگیان لەیەك دابڕیوە، ئەفەرمووێ: دوایان بخە.

لە صەحیحی موسلیمدا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی ڕۆژووی دووشەممە پرسیاری لێ کرا فەرمووی: (ذَاكَ يَومٌ وُلِدتُ فِيهِ، وَأُنزِلَ عَلَيَّ فِيهِ). واتە: ئەوە ڕۆژێکە منی تێدا لە دایك بووم وتێیدا قورئانم بۆ هاتۆتە خوارەوە.

بەڕۆژوو بوونی سێ ڕۆژ لە هەر مانگێکدا:

ئەبوذەڕی غیفاری رضي الله عنه فەرمویەتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێ ئەکردین کە لە هەرمانگێکدا سێ ڕۆژە سپییەکان بەڕۆژوو بین، ئەوانیش سیانزەو چواردەو پانزەی هەموو مانگێکە، وە ئەیفەرموو: (هِيَ كَصَومِ الدَّهرِ). واتە: ئەو سێ ڕۆژە وەك ڕۆژووی هەموو ساڵە. (نەسائی گێراویەتییەوە، و ئیبنوحیببان بەصەحیحی داناوە).

وە هاتووە لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە لە مانگێکدا شەممەو یەك شەممەو دوو شەممە بەڕۆژوو ئەبوو، وە لە مانگێکی تر سێ شەممەو چوارشەممەو پێنج شەممە[٦].

---

(5) کورتەی قسەی شێخ ئەلبانی ئەوەیە کە ئەو حەدیسە صەحیحە، بەڵام ئیسنادەی ئەحمەد صحیح نییە، ئینجا بەڵگەی لاوازی ئیسنادەکەی ئەحمەد و قسەی زانایانی لەسەر باس کردووە، پاشان ئەفەرمووێت: بۆیە ئەم حەدیسەم بە صحیح داناوە چونکە هەروەك چاوت لێیە و –باس کرا لەمەوبەر– ڕستەی دووەمی صەحیحە، وە ڕستەی یەکەمیش چەند شایەتێکی هەیە، یەکێ لەو شایەتانە لە ئوسامەی کوڕی زەیدەوەیە، کە ئەم زیادەیەشی لەگەڵدایە: (ذانك یومان تعرض فیهما الأعمال علی رب العالمین، فأحب أن یعرض عملي وأنا صائم) واتە ئەو دوو ڕۆژە کردەوەی بەندەکان نیشان پەروەدگاری جیهانیان ئەدرێت، جا من پێم خۆشە لەومایەدا کە کردەوەکەم نیشانی ئەدرێت بەڕۆژوو بم.

نەسائی و ئەحمەد بە سەنەدێکی حەسەن تەخریجیان کردووە، وە ئەبوداود لە ڕێگای دوەمەوە، وە ئیبنوخوزەیمە لە ڕێگای سێیەمەوە ریوایەتی کردووە، تەماشای تەرغیب بکە، جا ئیبنوخوزەیمە ڕێگاکەی نەسائی و ئەبو داودی کردووە بە یەك، ئەمەش لە وەهمەکانییەتی جا ئاگادار بە.

(6) لەوەدا کە نیسبەت بدرێتە پێغەمبەر ﷺ سەرنجی لەسەرە، چونکە لە ریوایەتی سوفیانە لە مەنصورەوە لە (خیثمە) وە لە عائیشەوە فەرموویەتی: ...ترمذي تەخریجی کردووە و ووتویەتی حەدیسێکی حەسەنە، و عبد الرحمن ی کوڕی مەهدی ئەم حەدیسەی لە سوفیانەوە گێڕاوەتەوە بەڵام ڕەفعی نەکردووە بۆ پێغەمبەر ﷺ.

(حافظ) لە فەتحدا ووتویەتی: ئەمەیان ویچوترە.

منیش ئەڵێم: عیللەتێکی تریشی هەیە لە (التهذیب) دا لە تەرجەمەی ئەم (خیثمە)دا هاتووە ـ کە عبدالرحمن ـ لە ئیبنومەسعود و عومەرەوە ریوایەتی کردووە لەحاڵێکدا کە بۆ خۆی لێیانەوە نەی بیستووە.

وە ووتویەتی (إبن القطان) ئەڵێت: هەرچی لە عائیشەوە گێڕاویەتییەوە پێویستی بە چاو پیاخشاندنەوە هەیە (تمام المنة).

جاری وابوو لەسەرەتای هەموو مانگێکدا سیٚ ڕۆژ بەڕۆژوو ئەبوو، وە لە پێنج شەممەی ئەوڵی مانگدا بەڕۆژوو ئەبوو، هەروەها دووشەممەی دووای ئەوەش، پاشان دووشەممەی دوای ئەوانەش[7].

ڕۆژە نا ڕۆژێك بەڕۆژوو بوون:

لە ئەبوسەلەمەی کوڕی عبدالرحمنەوە هاتووە، لە عبدالله ی کوڕی عەمرەوە کە فەرمویەتی: پێغەمبەر ﷺ پیٚی فەرمووم: بیستومە تۆ بە شەو نوێژ ئەکەیت و ڕۆژیش بەڕۆژوو ئەبیت، ووتم: بەڵیٚ ئەی نێرراوی خوا! فەرمووی: ڕۆژێك بەڕۆژوو بە و ڕۆژێك بەڕۆژوو مەبە، شەو نوێژیش بکە وبش خەوە، چونکە لاشەت و ژنەکەت و میوانەکەت مافیان هەیە بەسەرتەوە، وە ئەوەندەت بەسە کە لە هەموو مانگێکدا سیٚ ڕۆژ بەڕۆژوو بیت، ئەڵیٚ: من زۆریم لیٚ کردو ئەویش توندی کرد لەسەرم، ووتم: ئەی نێرراوی خوا،لەوە زیاتر ئەتوانم، فەرمووی: هەموو هەفتەیەك سیٚ ڕۆژ بەڕۆژوو بە، ئەڵیٚ: زۆرم لیٚ کردو ئەویش زۆری لیٚ کردم، ووتم: ئەی نێرراوی خوا لەوە زیاتر ئەتوانم، فەرمووی: دە وەك ڕۆژووی داود پێغەمبەر ﷺ بەڕۆژوو بە ئیتر لەوە زیاتر بەڕۆژوو نەبیت. ووتم: ئەی نێرراوی خوا ڕۆژووی داود پێغەمبەر (علیە الصلاة والسلام) چۆن بووە؟ فەرمووی: ڕۆژێك بەڕۆژوو ئەبوو ڕۆژێك بەڕۆژوو نەئەبوو. (ئەحمەدو غەیری ئەو گێڕاویانەتەوە).

دیسان ڕیوایەت کراوە لە عبدالله ی کوڕی عەمرەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (أَحَبُّ الصِّيَامِ إلى اللهِ صِيَامُ دَاوُدَ، وَأَحَبُّ الصَّلاةِ إلى اللهِ صَلاةُ دَاوُدَ، كَانَ يَنَامُ نِصفَهُ، وَيَقُومُ ثُلُثَهُ، وَيَنَامُ سُدسَهُ، وَكَانَ يَصُومُ يَوماً، وَيُفطِرُ يَوماً). واتە: باشترین ڕۆژوو و نوێژ لای خوا نوێژو ڕۆژووی داود بووە، نیوەی شەوەکە خەوتووە، پاشان لە سیٚیەکی شەودا نوێژی کردووە و لەشەش یەکی داخەوتووە، وەڕۆژێك بەڕۆژوو بووەو ڕۆژێك بەڕۆژوو نەبووە.

دروستە ڕۆژووانی ڕۆژووی سوننەت، ڕۆژووەکەی بشکێنێت:

١- لە ئومموهانییەوە هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ ڕۆژی فەتحی مەککە هاتەماڵەوە و خواردنەوەیەکیان بۆ هێنا، ئەویش لیٚی خواردەوە، پاشان دایە دەستم بیخۆمەوە، ووتم: من بەڕۆژووم. فەرمووی: (إِنَّ الْمُتَطَوِّعَ أَمِيرٌ عَلى نَفسِهِ فَإِن شِئتَ فَصُومِي، وَإِن شِئتِ فَأَفطِرِي). واتە: ڕۆژووگری سوننەت سەرۆکی خۆیەتی، ئەگەر ئارەزو بکەیت بەر دەوام بە لە ڕۆژووەکەتدا، وە ئەگەر ئارەزو ئەکەیت ڕۆژووەکەت بشکێنە. (رواه أحمد والدارقطني والبيهقي).

([7]) شتی وام لە هیچ کتێبێکی سوننەتدا نەدیوە، وە ئیبنوقەییمیش لەباسی ڕەوشتی پێغەمبەر ﷺ لە ڕۆژووەکەیدا باسی نەکردەوە، جا ئەترسم ئەم حەدیسە دانەر لیٚی هەڵگەڕابێتەوە یان لەسەر کەسانی تر جگە لەو هەڵگەڕابێتەوە.

چونکە ئەوەی ناسراوە لە سوننەتی پێغەمبەرەوە ﷺ ئەوەیە کە هەموو مانگێك سیٚ ڕۆژ بەڕۆژوو ئەبوو، لە سەرەتای مانگەوە، دوو شەممە بەڕۆژوو ئەبوو ئینجا ڕۆژی پێنج شەممە، پاشان پێنج شەممەکەی دوواتری.

نەسائی تەخریجی کردووە (١/٣٢٨) وە هەروەها جگە لەویش، وە لە صەحیحی ئەبوداودیشدا تەخریج کراوە (١/٢٠١٧) لە حەدیسی ئیبنوعومەرەوە، وە هەروەها نەسائی و ئەبوداود و ئەحمەد ئەیگێڕنەوە لە هەندێك خێزانەکانی پێغەمبەرەوە ﷺ و سەنەدەکەشی حەسەنە. (تمام المنة).

حاكم ئەم حەدیسە ئەگێڕێتەوە ئەڵێت: سەنەدەكەی صەحیحە، وە زاراوەكەی بەم شێوەیە: (الصَّائِمُ المُتَطَوِّعُ، أميرُ نَفسِهِ، إن شَاءَ صَامَ، وان شَاءَ أفطَرَ). واتە: كەسێك سوننەت بەڕۆژوو بێت لە دەست خۆیایەتی بەڕۆژوو ئەبێت یا ئەیشكێنێت.

لە ئەبوجوحەیفەوە هاتووە ووتویەتی: پێغەمبەر ﷺ سەلمان و ئەبودەرداڵی كردە برای یەكتر، جارێك سەلمان چوو بۆ دیدەنی ئەبودەرداء، بینی ئوممودەرداء پۆشاكی ناشیرینی لەبەردایە، پێی ووت: ئەوە چیتە؟ ووتی: ئەبودەرداڵی برات ئیحتیاجی‌یەكی بە دونیا نی‌یە، كاتێ ئەبودەرداء هاتەوە خواردنی بۆ دروست كرد، بە سەلمانی ووت: تۆ بخۆ من بەڕۆژووم. سەلمان ووتی: هەتا تۆ لێی نەخۆیت منیش ناخۆم، ئەویش لێی خوارد، كاتێ شەو هات ئەبودەرداء چوو بۆ شەو نوێژو سەلمان پێی ووت: بخەوە جارێ، ئەویش خەوت، پاشان هەڵسایەوە، سەلمان پێی ووت: بخەوەرەوە، هەتا شەو ئەوەندەی نەما، سەلمان پێی ووت: ئێستا هەستە، جا هەر دووكیان هەڵسان بۆ شەو نوێژ، ئینجا سەلمان پێی ووت: پەروەردگارت مافی بە سەرتەوە هەیە، خۆت مافت بە سەرخۆتەوە هەیە، خێزانت مافی بە سەرتەوە هەیە، جا هەریەك مافی خۆی بدەرێ. جا كاتێ ڕۆژ بۆوە چوو بۆ لای پێغەمبەر ﷺ باسەكەی بۆ گێڕایەوە، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: سەلمان ڕاستی كردووە. (بوخاری و ترمذي گێڕاویانەتەوە).

٣- لە ئەبوسەعیدی خودری‌یەوە ﷺ هاتووە فەرمویەتی: خواردنم بۆ پێغەمبەر ﷺ دروست كرد بوو، خۆی و یارەكانی هاتن، كاتێ خواردن دانرا پیاوێك لەناویاندا ووتی: من بەڕۆژووم. پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: (دَعَاكُم أخُوكُم، وَتَكَلَّفَ لَكُم). واتە: براكەتان بانگی كردوون وخۆی ماندوو كردووە بۆتان. پاشان پێی فەرموو: (أفطِر وَصُم يَوماً مَكَانَهُ، إن شِئتَ). واتە: بیشكێنە جا ئەگەر ویستت ڕۆژێكی تر لەجیاتی ئەمڕۆ بەڕۆژوو بە. (رواه البيهقي بإسناد حسن، كما قال الحافظ).

بەشی زۆری زانایان بۆ ئەوە چوون كە دروستە بۆ كەسێك بەڕۆژووی سوننەت بێت ڕۆژووەكەی بشكێنێت، وە موستەحەببە لە جیاتی ئەوە ڕۆژێكی تر بگرێتەوە، بەڵگەشیان ئەو حەدیسە صەحیح و صەریحانەیە.

===============

سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

ڕۆژوو

ڕۆژوو بە وازهێنان و خۆگرتن ئەوترێ خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنِّي نَذَرْتُ لِلرَّحْمَٰنِ صَوْمًا﴾ (مريم/٢٦). واتە: من لەسەر خۆم نەزەر کردووە کە بێدەنگ بم و قسە نەکەم بۆ خوای بە بەزەیی.

بەڵام ڕۆژوو لێرەدا مەبەست خۆگرتنەوەیە لە خواردەمەنی و خواردنەوەو ئەو شتانەی ڕۆژوویان پێ ئەشکێت لە طلوعی فەجرەوە هەتا خۆرئاوا بوون لە گەڵ نییەت هێناندا.

(فضل)ی ڕۆژوو:

١- لە ئەبوهورەیرەوە هاتووە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (قَالَ اللهُ عَزَّوَجَل: كُلُّ عَمَلِ ابنِ آدَمَ لَهُ إلا الصِّيَام، فَإنَّهُ لِي وَأنَا أجزِي بِهِ، وَالصِّيَامُ جُنَّةٌ فَإذَا كَانَ يومُ صَومِ أحَدِكُم فَلا يَرفُث ولا يَصخَب وَلا يَجهَل، فَإن شَاتَمَهُ أحَدٌ أو قَاتَلَهُ فَليَقُل: إنِّي صَائِمٌ، مَرَّتَين، وَالَّذي نَفسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَخَلُوفُ فَمِ الصَّائِمِ أطيَبُ عِندَ اللهِ يَومَ القِيَامَةِ مِن رِيحِ المِسكِ؛ وَلِلصَائِمِ فَرحَتَانِ يَفرَحُهُمَا: إذَا أفطَرَفَرِحَ بِفِطرِهِ، وَإذَا لَقِيَ رَبَّهُ فَرِحَ بِصَومِهِ). (رواه أحمد ومسلم والنسائي).

واتە: خوای گەورە و بەدەسەڵات ئەفەرمووێت: ئادەمیزاد هەموو کردەوە چاکەکانی بۆ خۆیەتی جگە لە ڕۆژوو کە بۆ منەو هەر خۆم پاداشتی ئەدەمەوە، وە ڕۆژوو قەڵغانی گوناحە، جا ئەگەر هەرکەسێك بەڕۆژوو بوو با قسەی ناشیرین و هاوار هاوار نەکات و نەزانی نەکات بەرامبەر بە خەڵك، وە ئەگەر کەسێك جوێنی پێدا یا شەڕی لەگەڵدا کرد دوو جار بڵێت: من بەڕۆژووم، بەو زاتەی گیانی محمدی بە دەستە بۆنی دەمی ڕۆژووان لە ڕۆژی دواییدا لای خوا لە بۆنی میسك خۆشترە. وە بۆ ڕۆژووان دوو خۆشی هەیە دڵیان پێ خۆش ئەکات، یەکەمیان: کاتێ ڕۆژووەکەی ئەشکێنێت دڵ خۆش ئەبێت، وە دووەمیان: کاتێ ئەگات بە خوا دڵ خۆشە بەڕۆژووەکەی کە فەرمانی خوای بەجێ هێناوە.

٢- وە لە ڕیوایەتی بوخاری و ئەبوداود هاتووە ئەفەرموێت: (الصِّيَامُ جُنَّةٌ فَإذَا كَانَ أحَدُكُم صَائِماً فَلا يَرفُث ولا يَجهَل، فَإنِ امرُؤٌ قَاتَلَهُ أو شَاتَمَهُ فَليَقُل: إنِّي صَائِمٌ مَرَّتَينِ، وَالَّذِي نَفسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ، لَخَلُوفُ فَمِ الصَّائِمِ أطيَبُ عِندَ اللهِ مِن رِيحِ المِسكِ، يَترُكُ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ وَشَهوَتَهُ مِن أجلِي؛ الصِّيَامُ لِي وَأنَا أجزِي بِهِ، وَالحَسَنَةُ بِعَشرِ أمثَالِهَا). واتە: ڕۆژوو قەڵغانە لە گوناح جا ئەگەر هەرکەسێك بەڕۆژوو بوو، با قسەی خراپ نەکات و نەزانی نەکات بەرامبەرکەس، وە ئەگەر کەسێکیش شەڕی پێ فرۆشت یا قسەی پێ ووت دوو جار بڵێت: من بەڕۆژووم، بەو زاتەی گیانی محمدی بە دەستە بۆنی دەمی ڕۆژووان لای خوا لە بۆنی میسك خۆشترە، چونکە ئەو کەسە خواردن و خواردنەوەو ئارەزووەکانی لەبەر من واز لێ ئەهێنێت، ڕۆژوو بۆ منەو من پاداشتی ئەدەمەوە، وە کردنی چاکە بە دەقات پاداشتی خاوەنی ئەدرێتەوە.

٣- لە عبد الله کوڕی عەمرەوە خوایان لێ ڕازی بێت هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (الصِّيَامُ وَالقُرآنُ يَشفَعَانِ لِلعَبدِ يَومَ القِيَامَةِ، يَقُولُ الصِّيَامُ: أي رَبِّ مَنَعتُهُ الطَّعَامَ وَالشَّهَواتِ بِالنَّهَارِ فَشَفِّعنِي فِيهِ. وَيَقُولُ القُرآنُ: مَنَعتُهُ النَّومَ بِاللَّيلِ، فَشَفِّعنِي فِيهِ فَيَشفَعَانِ) (رواه أحمد بسند صحيح)[1]. واتە: ڕۆژوو قورئان لە ڕۆژی دواییدا تکا کاری بەندەکانی خوان. ڕۆژوو

([1]) شێخ ئەلبانی لە دوای لێکۆڵینەوە دەفەرمووێت: ئیسنادەکەی لە ڕێگای ترەوە حەسەنە بەڵام ئیسنادەکەی ئەحمەد زەعیفە. والله أعلم.

ئەڵێت: ئەی پەروەدگار من نەم هێشتووە بە ڕۆژ خواردن بخوات و ئارەزووەکانی بەجێ بگەیەنێت، خوایە تکات لێ ئەکەم لێی ببورەو تکاکەم وەربگرە، وە قورئان ئەڵێت: ئەی پەروەردگار من نەم هێشتووە بە شەو بخەوێت، تکات لێ ئەکەم لێی ببورەو تکاکەم وەربگرە، خوای گەورە تکای هەردووکیان وەرئەگرێت.

٤- لە ئەبوئومامەوە ﵁ هاتووە ووتویەتی: چوومە لای پێغەمبەر ﷺ ووتم: فێری کردنی کارێکم بکە بەرەو بەهەشتم بەرێت فەرمووی: (عَلَيكَ بِالصَّومِ فَإنَّهُ لاعَدلَ لَهُ، ثُمَّ أتَيتُهُ الثَّانِيَةَ فَقَالَ: عَلَيكَ بِالصِّيَامِ) (رواه أحمد والنسائي والحاكم وصححه). واتە: بەڕۆژووگرتنەوە خەریك بە چونکە ڕۆژوو لە چاکیدا بێوێنەیە. ئەڵێت: دووبارە چوومەوە بۆ لای هەر فەرموویەوە: بەڕۆژووگرتنەوە خەریك بە.

٥- لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە ﵁ هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (لايَصُومُ عَبدٌ يَوماً فِي سَبِيلِ اللهِ إلا بَاعَدَ اللهُ بِذَلِكَ اليَومِ النَّارَ عَن وَجهِهِ سَبعِينَ خَرِيفاً) (رواه الجماعة إلا أباداود). واتە: کەسێك لەبەر خوا ڕۆژێك بەڕۆژوو بێت خوا بۆ ماوەی حەفتا ساڵ ڕێگا لەبەر ئەوکارەی ئاگری دۆزەخ لە ڕووی دوور ئەخاتەوە.

٦- لە سەهلی کوڕی سەعدەوە هاتووە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (إنَّ لِلجَنَّةِ بَاباً يُقَالُ لَهُ: الرَّيَّانُ، يُقَالُ يَومَ القِيَامَةِ: أينَ الصَّائِمُونَ؟ فَإذَا دَخَلَ آخِرُهُم أُغلِقَ ذَلِكَ البَابُ) (رواه البخاري ومسلم). واتە: لە بەهەشتدا دەرگایەك هەیە پێی ئەڵێن: ڕەییان، لە ڕۆژی دواییدا ئەڵێن: ڕۆژووانەکان لە کوێن؟ ئەوانیش کۆ ئەبنەوە کاتێ هەموویان لەو دەرگایەوە چوونە ژورەوە ئەو دەرگایە دائەخرێت.

بەشەکانی ڕۆژوو:

ڕۆژوو دوو بەشە: فەڕزو سوننەت. وە ڕۆژووی فەرز ئەکرێت بە سێ بەشەوە:

١- ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان.

٢- ڕۆژووی کەفارەت.

٣- ڕۆژووی نەزر.

لێرەدا تەنها باسی مانگی ڕەمەزانو ڕۆژووی سوننەت ئەکەین، وە بەشەکانی تری لە شوێنی خۆیدا باس ئەکەین.

ڕۆژووی مانگی رەمەزان

حوکمی ڕۆژووی ڕەمەزان:

ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان واجبە بەپێی قورئان و سوننەت و ئیجماع. بەپێی قورئان ئەم فەرمایشتانەی خوای گەورەیە:

فەرموویەتی: ﴿شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ هُدٗى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٖ مِّنَ ٱلۡهُدَىٰ وَٱلۡفُرۡقَانِۚ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهۡرَ فَلۡيَصُمۡهُۖ﴾ (البقرة/١٨٣). واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ڕۆژووتان لەسەر نووسراوە -واجب کراوە- وەك چۆن لەسەر ئەوانەی پێش ئێوە نووسراوە، بەڵکو لە خوا بترسن و خۆتان بپارێزن.

وە هەروەها فەرموویەتی: ﴿شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ هُدٗى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٖ مِّنَ ٱلۡهُدَىٰ وَٱلۡفُرۡقَانِۚ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهۡرَ فَلۡيَصُمۡهُۖ﴾ (البقرة/١٨٥). واتە: مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەیە كە قورئانی تێدا نێرراوەتە خوارەوە، كە هۆیەكە بۆ ئەوەی خەڵك ڕێی ڕاستی پێ بدۆزنەوە، وە ڕۆشن كەرەوەی ئەو ڕێ ڕاستەیەو جیاكەرەوەی ڕاست و ناڕاستە، جا هەركەس لە ئێوە هاتنی مانگی ڕەمەزانی بینی با ئەو مانگە بەڕۆژوو بێت.

بەڵام بەپێی سوننەت ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە ﷺ كە فەرموویەتی: (بُنِيَ الإسلامُ على خَمسٍ: شَهَادَةِ أن لا إلَـهَ إلا اللهُ، وَأنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللهِ، وَإقَامِ الصَّلاةِ وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ وَصِيَامِ رَمَضَانَ وَحَجِّ البَيتِ). واتە: ئیسلام لە پێنج شت پێك هاتووە: شەهادەتی لا إله إلا الله محمد رسول الله، ونوێژكردن، و زەكات دان، و گرتنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان، و حەج كردن.

وە لە حەدیسی طەلحەی كوڕی (عبیدالله)دا هاتووە كە پیاوێك لە پێغەمبەری ﷺ پرسی ووتی: ئەی نێرراوی خوا، پێم بڵێ خوا چ ڕۆژویەكی لەسەرم فەڕز كردووە؟ فەرمووی: مانگی ڕەمەزان . كابرا ووتی: ئایا لەوە زیاترم لەسەرە؟ فەرمووی: نە، مەگەر سوننەت بكەیت.

وە ئوممەتی ئیسلامی ئیجماعیان لەسەر واجبێتی مانگی ڕەمەزان كردوو، و لەسەر ئەوەش كە ڕۆژوو یەكێكە لە ڕوكنەكانی ئیسلام كە بە زەرورەت لە دیندا زاندراوە، و ئەو كەسەی ئینكاری بكات كافرەو لە دین هەڵگەڕاوەیە، وە لە ڕۆژی دوو شەنبە دووی شەعبانی ساڵی دووی هیجریدا واجب كراوە.

(فضل)ی مانگی ڕەمەزان، و (فضل) ی كردنی كاری خێر تێیدا :

١- لە ئەبوهوڕەیرەوە هاتووە كە پێغەمبەر ﷺ ـ كاتێ مانگی ڕەمەزان هات ـ فەرمووی: (قَد جَاءَكُم شَهرٌ مُبَارَكٌ، إفتَرَضَ اللهُ عَلَيكُم صِيَامَهُ، تُفتَحُ فِيهِ أبوَابُ الجَنَّةِ وَتُغلَقُ فِيهِ أبوَابُ الجَحِيمِ وَتُغَلُّ فِيهِ الشَّيَاطِينُ، فِيهِ لَيلَةٌ خَيرٌ مِن ألفِ شَهرٍ، مَن حُرِمَ خَيرَهَا فَقَد حُرِمَ) (رواه أحمد والنسائي والبيهقي)[٢]. واتە: وا مانگێكی پیرۆزتان بۆ هاتە پێش، خوا فەرزی كردووە لەسەرتان ئەو مانگە بەڕۆژوو بن، لەم مانگەدا دەرگاكانی بەهەشت ئاواڵە ئەبن و دەرگاكانی دۆزەخ دائەخرێن و شەیتانەكان كۆت و بەند ئەكرێن، شەوێكی تێدایە خواپەرستی تێیدا لە خوا پەرەستی هەزار مانگ خێرترە، جا هەركەس لە خێری ئەو شەوە بێ بەش بێت ئەوە بەڕاستی بێبەشە.

٢- لە عەرفەجەوە هاتووە ووتویەتی: لای عوقبەی كوڕی فەرقەد بووم باسی رەمەزانی ئەكرد، لەو كاتەدا یەكێ لە هاوەڵەكانی پێغەمبەر ﷺ هاتە ژوورەوە بۆ لامان، عوقبە لێی ترساو بێ دەنگ بوو، كاتێ ئەو بێدەنگ بوو هاوەڵەكەی پێغەمبەر ﷺ باسەكەی بۆ تەواو كردین و فەرموی: گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بوو دەربارەی ڕەمەزان ئەیفەرموو: (تُغلَقُ أبوَابُ النَّارِ، وَتُفتَحُ أبوَابُ الجَنَّةِ، وَتُصفَّدُ فِيهِ الشَّيَاطِينُ. قَالَ: وَيُنَادِي فِيهِ مَلَكٌ: يَا بَاغِيَ الخَيرِ أبشِر، وَيَا بَاغِيَ الشَّرِّ أقصِر، حتى يَنقَضِيَ رَمَضَانُ) (رواه أحمد والنسائي وسنده جيد). واتە: كاتێ ڕەمەزان دێت دەرگاكانی دۆزەخ دائەخرێت و

([2]) كورتەی قسەی شێخ ئەلبانی ئەوەیە كە ئەم ریوایەتەیان (منقطع)ە، بەڵام (صحیح لغیره) یە، چونكە ئەو قسەی: كردنەوەی دەرگاكانی بەهەشت و داخستنی دەرگاكانی دۆزەخ و بەند كردنی شەیتانەكان سابت و صەحیحە و لە صەحیحەیندا هەیە لە حەدیسی ئەبو هورەیرەوە، و لە (الصحیحة) دا بە ژمارە (١٣٠٧) تەخریج كراو، و باقی حەدیسەكە لای ئیبنوماجە هەیە بەسەنەدێكی حەسەن وە مونزریش بە حەسەنی داناوە.

دەرگاکانی بەهەشت ئەکرێتەوە، شەیتانەکانیش دوور ئەخرێنەوە، ئەی فەرموو: فریشتەیەك بانگەواز ئەکات لەو مانگەدا: ئەی خێر خوازان مژدە بێ لێتان وە ئەی شەڕخوازان وازبهێنن، هەتا ئەو مانگە کۆتایی دێت.

٣- لە ئەبوهوڕەیڕەوە هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (والصَّلَوَاتُ الخَمسُ وَالجُمُعَةُ إلى الجُمُعَةِ وَرمَضَان إلى رَمَضَانَ مُكَفِّرَاتٌ لِمَا بَينَهُنَّ، إِذَا اجتُنِبَتِ الكَبَائِرُ) (رواه مسلم). واتە: پێنج فەرزەی نوێژەکان و جومعە هەتا جومعە و ڕەمەزان هەتا ڕەمەزان لابەری ئەو گوناهانەن کە لە نێوانیاندا ئەکرێت، ئەگەر ئەو کەسە لە گوناهە گەورەکان خۆی بەدوور بگرێت.

٤- لە ئەبوسەعیدی خودری‌یەوە ﷺ هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (مَن صَامَ رَمَضَانَ وَعَرَفَ حُدُودَهُ، وَتَحَفَّظَ مِمَّا كَانَ يَنبَغِي أن يُتَحَفَّظَ مِنهُ، كَفَّرَ مَا قَبلَهُ) (رواه أحمد والبيهقي بسندٍ جيد)[3]. واتە: هەرکەس مانگی ڕەمەزان بەڕۆژوو بێت و سنوری مانگی ڕەمەزان بزانێ کە چی تێدا ئەکرێت و چی تێدا ڕەوا نی‌یەو خۆی بپارێزێ لەوانەی پێویستە خۆی لێ بپاریزرێت گوناهی پێش ئەومانگە ئەسرێتەوە.

٥- لە ئەبوهوڕەیڕەوە هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (مَن صَامَ رَمَضَانَ إِيمَاناً وَاحتِسَاباً غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِهِ) (رواه أحمد وأصحاب السنن)[4] واتە: هەرکەس مانگی ڕەمەزان بەباوەڕەوەو لە ڕێی خوادا بەڕۆژوو بێت خوا لە گوناهەکانی لەوەپێشی ئەبورێت.

ترساندن لە نەگرتنی ڕۆژووی ڕەمەزان:

١- لە ئیبنوعەبباسەوە ﷺ هاتووە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: (عرى الإسلامِ وَقَوَاعِدُ الدِّينِ ثَلاثَةٌ، عَلَيهِنَّ أُسِّسَ الإسلامُ، مَن تَرَكَ وَاحِدَةً مِنهُنَّ فَهُوَ بِهَا كَافِرٌ حَلالُ الدَّمِ: شَهَادَةُ أن لا إلهَ إلا الله، وَالصَّلاةُ المَكتُوبَةُ، وَصَومُ رَمَضَانَ) (رواه أبويعلى والديلمي وصححه الذهبي)[5]. واتە: دەستە گیرەکانی ئیسلام و بنەماکانی ئایین سێ شتن، کە ئیسلام لەسەرئەوانە دامەزراوە، هەرکەس واز لە یەکێکیان بهێنێت ئەوە کافرەو خوێنی ڕەوایە، ئەوانیش شایەتیدانی (لا إله إلا الله) و نوێژە فەرزەکان و ڕۆژووی ڕەمەزانە.

٢- لە ئەبوهوڕەیڕەوە هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (مَن أفطَرَ يَوماً مِن رَمَضَانَ، فِي غَيرِ رُخصَةٍ رَخَّصَهَا اللهُ لَهُ، لَم يَقضِ عَنهُ صِيَامُ الدَّهرِكُلِّهِ وَإن صَامَهُ) (رواه أبوداود وابن ماجه والترمذي). واتە: هەرکەس ڕۆژێك ڕۆژووی ڕەمەزان بشکێنێت بێ ئەوەی روخصەتێکی هەبێت لەو روخصەتانەی خوا دایناوە، ئەگەر ئەو ساڵە هەموو بەڕۆژوو بێت جێی ئەو ڕۆژووەی بۆ ناگرێتەوە.

([3]) شێخ ئەلبانی دەفەرموویت: وا ئەڵێت، بەڵام ئەم قسەیەش سەرنجی لەسەرە، چونکە لە سەنەدی ئەحمەدو بەیهەقیدا کەسێکی تێدایە کە لە ژمارەی مەجهولەکانە، و تەوسیق کردنی ئیبنوحیببان ئەو مەجهولی‌یەتە لانابات، لەبەر ئەوەی لەمەوبەر باسمان کرد کە ئیبنوحیببان مەجهول بە سیقە ئەزانێ.

وە دەفەرمووێت لە (الضعيفة) دا بە ژمارە (٥٠٨٣) هاتووە.

([4]) دانەر زۆر دوور کەوتۆتەوە لە باسەکە، چونکە ئەم حەدیسە هەر بەم زاراوە لە صەحیحەیندا هەیە بە تەواوی وە لە (الإرواء) یشدا تەخریج کراوە بە ژمارە (٩٠٦) (تمام المنة).

([5]) دانەر ئەم حەدیسەی لەباسی نوێژ نەکەردا هێناوە، و لەوێدا ڕوونم کردۆتەوە کە زەعیفە ئیتر پێویست ناکات دووبارەی بکەینەوە (تمام المنة).

بوخاری ووتویەتی: ئەڵێن: ئەبوهورەیرە ئەم حەدیسە بە مەرفوعی ئەگێڕێتەوە: (مَن أفطَرَ يوماً مِن رَمَضَانَ، مِن غَيرِ عُذرٍ وَلا مَرَضٍ لَم يَقضِهِ صَومُ الدَّهرِ، وإن صَامَهُ)[٦]. واتە: هەرکەس ڕۆژێکی ڕەمەزان بەبێ مەعزەرەت یا نەخۆشی بشکێنێت ڕۆژووی ساڵێك جێی ناگرێتەوە ئەگەر بەڕۆژووش بێت. وە ئیبنومەسعودیش هەر ئەوەی ئەووت.

ذەهەبی ووتویەتی: لای ئیمانداران وا سابتە کە هەرکەس بەبێ نەخۆشی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان نەگرێت لە زیناکارو عارەق خۆر خراپترە، هەتا گومان ئەبەن لە ئیسلامەتی‌یەکەیدا، وە هەروەها گومانی پێ ئەبەن زیندیق و دەرچوو لە ئیسلام بێ.

مانگی ڕەمەزان بە چی ثابت ئەبێت؟

هاتنی مانگی ڕەمەزان بە دیتنی هیلال ثابت ئەبێت، با تەنها کەسێکیش بیبینێت، بەڵام عادڵ بێت، یا بەتەواو بوونی ڕۆژەکانی مانگی شەعبان بە سی ڕۆژ.

١- لە ئیبنوعومەرەوە ڕەزای خوایان لێ بێ هاتووە فەرمویەتی: خەڵکی ئەگەڕان بۆ مانگ، منیش بە پێغەمبەرم ﷺ ڕاگەیاند ووتم: مانگم بینیوە، خۆی بەڕۆژوو بووە بە قسەکەی من و فەرمانی بە خەڵکەکەش کرد کە بەڕۆژوو بن. (ئەبوداودو حاکم و ئیبنوحیببان گێڕاویانەتەوەو ئەم دووانە بە صەحیحیان داناوە).

٢- لە ئەبوهورەیرەوە هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (صُومُوا لِرُؤيَتِهِ وَأفطِرُوا لِرُؤيَتِهِ، فَإن غُمَّ عَلَيكُم فَأكمِلُوا عِدَّةَ شَعبَانَ ثَلاثِينَ يَوماً) (رواه البخاري ومسلم). واتە: بە بینینی مانگ بەڕۆژوو بن و بە بینینی بیشکێنن، وە ئەگەر هەور بوو، مانگی شەعبان بکەنە سی ڕۆژی تەواو، ئەمجا بەڕۆژوو بن.

(ترمذي) ووتویەتی: بەشی زۆری زانایان لەسەر ئەوەن وئەڵێن: شایەتی پیاوێك وەرئەگیرێ بۆ بەڕۆژوو بوون. وە ئەمەش قسەی ئیبنوموبارەك و شافیعی و ئەحمەدە. وە نەوەوی ووتویەتی: ئەمەیان ڕاستترە.

بەڵام بینینی هیلالی مانگی شەووال، بەوە (ثابت) ئەبێت کە مانگی ڕەمەزان سی ڕۆژ تەواو بکات، وە شایەتی تەنها پیاوێك وەرناگیرێت، هەرچەندە ڕاستگۆ و دادپەروەریش بێت، بەڕای بەشی زۆری زانایان، وە بە مەرجیان داناوە کە دوو کەسی عادل شایەتی بدەن لەسەر بینینی. ئەبوثەور نەبێت کە هیلالی مانگی ڕەمەزان و شەووال لەوەدا لە یەك جیا ناکاتەوە، وە ووتویەتی: شایەتی پیاوێکی ڕاست وعادڵ وەرئەگیرێت بۆ هەر دووکیان.

---

(6) شێخ ئەلبانی ئەفەرمووێت: ئەم حەدیسە زەعیفە، بوخاریش ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، هەروەها ئیبنوخوزەیمە لە صەحیحەکەیدا باسی کردووە(٣/٢٣٨) و مونذیری و بەغەوی و (قرطبي) و (ذهبي) و (دمیری) کە موناوی لێوەیان ئەگێڕێتەوە، هەروەها (حافظ) ئیبنوحەجەریش بە زەعیفی داناوە و سێ عیللەتی باس کردووە: (إضطراب و جهالة و إنقطاع) جا سەیری (فتح الباري) بکە (٤/١٦١٨) بەڵام (حافظ) لەوەدا بەهەڵەدا چووە کە ووتویەتی: ئیبنوخوزەیمە بە صەحیحی داناوە.

لەدواییدا شێخ دەفەرمووێت: هەروها یەکێ لە براکانمان هەڵەیەکی گەورەی کردووە لە دانراوەکەیدا بەناوی (الأحاديث الصحيحة) کە هەڵی بژاردون لە (صحيح البخاري) وە ئەم حەدیسەی لەناو ئەوانا هێناوە، لەبەر ئەوەی نەیزانیوە کە ئەو حەدیسە لای بوخاری موعەللەقە، وە هەروەها نەیزانیوە کە ئەو حەدیسانەی بوخاری بە موعەللەقی هێناونی بەلای خۆشیەوە هەموویان صەحیح نین، تا بگات بە غەیری ئەو، وە ئەم حەدیسەش بوخاری بۆخۆی بە ئاماژە پێ کردن بە لاوازی داناوە، و من لە چاپی یەکەمی ئەو کتێبەدا سەرنجم بۆی ڕاکێشا، ئەویش بەڵێنی خێری پێدام، جا نازانم ئایا بۆی کراوە چاپی بکاتەوە و ئەو هەڵەیەی لابدات و بەڵێنەکەی بەرێتە سەر؟ چونکە من گومانی خێرم پێ ئەبرد.

ئیبنوڕوشد ووتویەتی: مەزهەبی ئەبوبەکری کوڕی منذر، مەزهەبی ئەبوثەورە، وە وا بزانم مەزهەبی زاهیرییەکانیشە.

ئەبوبەکری کوڕی منذر بەڵگەی بەوە هێناوەتەوە کە ئیجماع لەسەر ئەوە پێك هاتووە، کە بەڕۆژوو بوون و شکاندن بە قسەی تەنها کەسێك بکرێت، کەواتە پێویستە هەر بەو شێوەیەش بێت لە چوونە ناو مانگ و دەرچوون لە مانگ، چونکە هەردووکیان نیشانەن، کاتی بەڕۆژوو بوون و شکاندنی پێ جیا ئەکرێتەوە؛ وە شەوکانی ووتویەتی: ئەگەر لە دەلیلە صەحیحەکانا بەڵگەی ئەوە نەهاتبێت کە شایەتی دوو کەسیش ئیعتیباری پێ بکرێت بۆ شکاندن، کەواتە ظاهرەن وا دەرئەکەوێ ئەوە بەس بێت، ئەویش بە قیاس لەسەر بەڕۆژوو بوون. وە هەروەها عیبادەت کردن بە قەبول کردنی خەبەری واحید، ئەوە ئەگەیەنێت کە لە هەموو جێیەکدا وەربگیردرێت، مەگەر جێگایەك کە بەڵگە هەبێت تایبەتی بکات، بە عیبادەت نەکردن بە خەبەری واحید، وەك شایەتی دان لەسەر ماڵ و سامان و ئەو جۆرە شتانە، کەواتە زاهیرەن ئەوە ڕاستە کە ئەبوثەور بۆی چووە.

ئیختیلافی مەطلەع:

جومهور بۆ ئەوە چوون: کە ئیختلاف مەطلەع ـ جیاوازی شوێنی هەڵهاتنی مانگ ـ ئیعتباری پێ ناکرێت، بەڵکو هەر کاتێ خەڵکی هەر شار و وڵاتێك مانگیان بینی لەسەر هەموو خەڵکی شار و وڵاتەکانی تر پێویستە بەڕۆژوو بن، بەپێی فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ کە فەرموویەتی: (صُومُوا لِرُؤيَتِهِ وَأفطِرُوا لِرُؤيَتِهِ). واتە: بە بینینی مانگ بەڕۆژووبن وە بە بینینی بیشکێنن.

وە ئەمە قسەیەکە ئەدرێت بە گوێی هەموو نەتەوەی ئیسلامدا، کە هەر کەس مانگی بینی لە شوێنێکدا ئەو بینینە بۆ هەمووانە.

وە ڕەئی عیکریمەو قاسمی کوڕی محمدو سالیم و ئیسحاق و قەولی صەحیح لای حەنەفییەکان و هەڵبژاردە لای شافیعییەکان ئەوەیە: هەر وڵاتەو بەپێی بینینی خۆیان کار بکەن، وە بینینی وڵاتی تر بە سەر ئەماندا ناچەسپێت.

بەپێی ئەوەی کورەیب گێڕاویەتەوە و فەرموویەتی: لە شام بووم، ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان دەستی پێ کرد، شەوی هەینی بوو مانگم بینی، پاشان هاتم بۆ مەدینە لە کۆتایی مانگدا، ئیبنوعەبباس لێی پرسیم لەبارەی هیلالەوە فەرموی: ئێوەکەی لە شام مانگتان بینی؟ ووتم: شەوی هەینی بینیمان. ووتی: تۆ بە چاوی خۆت بینیت؟ ووتم: بەڵێ خەڵکیش بینیان و بەڕۆژوو بوون و موعاوییەش بەڕۆژوو بوو، ئیبنوعەبباس فەرموی: بەڵام ئێمە شەوی شەممە بینیمان، هەر بەڕۆژووش ئەبین هەتا سی ڕۆژ تەواو ئەکەین، یا مانگ ئەبینینەوە. ووتم: ئەی بینینەکەی موعاوییە و بەڕۆژوو بوونەکەی بۆ تۆ بەس نییە؟ فەرموی: نا، پێغەمبەر ﷺ بەو شێوەیە فەرمانی پێ کردووین. (ئەحمەد و موسلیم و ترمذي گێڕاویانەتەوە).

(ترمذي) ووتویەتی: ئەم حەدیسە حەسەن و صەحیح و غەریبە، وە کردەوەی زانایان لەسەر ئەو حەدیسە ئەوەیە کە هەر شارە بینینی خۆی هەیە.

لە (فتح العلام) شەرحی (بلوغ المرام)دا هاتووە: نزیکترین شت لە ڕاستیەوە ئەوەیە هەر شوێنە بەستراوە بە بینینی خۆیەوە، وە هەروەها ئەو شوێنانەش کە کەوتوونە سەر ئەو هێڵە، ئەمە شایەتەو لەگەڵ واقعیشدا دێتەوە[٧].

کەسێك کە بە تەنها خۆی مانگ ببینێت:

زانایانی فقە لەسەر ئەوە ڕێك کەوتوون کە هەرکەس خۆی بە تەنها مانگی بینی لەسەری پێویستە بەڕۆژوو بێت[٨].

([7]) ئەمە قسەیەکی سەیرە چونکە ئەگەر ڕاستیش بێت کە ئەو قسەیە هەڵبژاردەیەو وا دەرئەکەوێت و لەگەڵ واقعیشدا دێتەوە، ئەوە لەگەڵ شەرعدا نایەتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو هێڵ و شوێنانەی کە بە یەکەوەن چەند شتێکی نیسبین و سنووری ماددیان نیە، تاوەکو خەڵك بتوانن دەری بخەن و وەستانی لەسەر بکەن.

وە من ـ سوێند بە خوا ـ نازانم چی وای لە دانەر کردووە کە ئەم ڕاو بۆچوونە شازە هەڵبژێرێت و پشت لە گشتیەتی کار کردن بە حەدیسە صەحیحەکە بکات، بە تایبەت کە ئەمە مەزهەبی جەماوەرە، هەروەکو بۆ خۆی باسی کردووە، وە زۆر کەس لە زانا لێکۆڵەرەوەکان هەر ئەو ڕایەیان هەڵبژاردووە، هەروەکو (شیخ الإسلام) ئیبنوتەیمیەیە لە (فتاوی) دا (بەرگی ٢٥) وە هەروەها شەوکانی لە (نیل الأوطار) دا و (صدیق حسن خان) لە (الروضة الندية ١/٢٢٤-٢٢٥) و جگە لەوانیش، وە هەر ئەمەش حەقە کە قسەی تر جگە لەو حەق نیە، ئینجا حەدیسەکەی ئیبنوعەبباسیش بەرهەڵستی ئەم بۆچوونە ناکات، لەبەر چەند هۆیەك کە شەوکانی باسی کردووە ڕەحمەتی خوای لێ بێت، و بەهێزترین هۆ ئەوەیە کە بووترێت: حەدیسەکەی ئیبنوعەبباس لەبارەی کەسێکەوەیە کە کاری بە بینینی خەڵکی وڵاتەکەی خۆی کردبێت و بە قسەی ئەوان بەڕۆژوو بووبێت، لە دواییدا لە کاتی ڕەمەزاندا هەواڵی پێ بگات کە خەڵکی وڵاتێکی تر ڕۆژێك پێش ئەوان مانگیان دیوە، لەو حاڵەتەدا ئەو کەسە لەگەڵ خەڵکی ئەو وڵاتەی خۆیدا سی ڕۆژەکە تەواو ئەکات، یان مانگی خۆیان ببینن، جا بەم شێوەیە ئیشکال لائەچێت.

حەدیسەکەی ئەبو هورەیرە و کەسانی تر لەسەر گشتیەتەکەی ئەمێنێتەوە، کە هەموو کەسێك ئەگرێتەوە کە هەواڵی مانگ بینینی پێ درابێت لە هەر شارو ناوچەیەك بێت، بێ ئەوەی کە ماوەیەك لە نێوانیاندا دیاری بکرێت، هەروەکو ئیبنوتەیمیەیە لە (الفتاوی) دا ووتویەتی: (٢٥/١٠٧)، ئەو کارەش ئەمڕۆ زۆر ئاسانە هەروەکو زاندراوە، بەڵام کەمێك پەرۆشی و گرینگی پێدانی وڵاتە ئیسلامیەکانی ئەوێت، تاوەکو بیکەن بە ڕاستیەکی ڕوودراو، ئەگەر خوای گەورە بیەوێت.

بەڵام تاوەکو وڵاتە ئیسلامیەکان ئەو کارە ئەکەن من پێم وایە کە هەرکەسەو لەگەڵ خەڵکی وڵاتی خۆی بەڕۆژوو بێت، و بەش بەش نەبن، هەندێکیان لەگەڵ ئەو وڵاتەدا بەڕۆژوو بن و هەندەکەی تریان لەگەڵ وڵاتێکی تردا بەڕوژوو بن، جا ئەو دەوڵەتەی خۆی لەو ڕۆژەدا دووا کەوێت یا پێش کەوێت ئەو هەر جیاوازی بکات، چونکە ئەم کارە بازنەی دوو بەرەکایەتی و ناکۆکی لەنێوان یەك گەلدا زیاتر ئەکات، وەکو لە هەندێ لە وڵاتە عەرەبیەکان ڕووی داوە لە چەند ساڵیکەوە، ئیتر خواش پەنامان بێت (تمام المنة).

([8]) ئەم قسەیە بە گشتی ناووترێت بەڵکو شی کردنەوەیەکی هەیە کە شیخ الإسلام ئیبنوتەیمیەیە لە (فتاوی ٢٥/١١٤) دا باسی کردووە کە ئەفەرمووێت:

ئەگەر بە تەنیا مانگی بینی بۆ بەڕۆژوو بوون یان بۆ شکاندن ئایا بۆی هەیە بەو بینینەی خۆی بەڕۆژوو بێت یان بەو بینینە بەڕۆژوو نەبێت؟ یان هەر لەگەڵ خەڵکدا بێت لە بەڕۆژوو بوون و بەڕۆژوو نەبووندا؟ سێ قسەی لەسەرە چونکە سێ ریوایەت لە ئەحمەدەوە هەیە:

لەپاشان باسی ئەو سێ ریوایەتەی کردووە.

جا ئەوەی گرینگ بێت بۆ ئێمە ئەوەیانە کە لەگەڵ حەدیسەکەدا یەك هاتۆتەوە ئەویش ئەوەیە کە ئەفەرمووێت:

بەڵام (عطاء) بەپێچەوانەی ئەوەیەو ئەڵێت: ئەبێ غەیری ئەویش لەگەڵ ئەودا مانگ ببینێت ئینجا ئەبێت بەڕۆژوو بێت.

بەڵام زانایان ئیختیلافیان هەیە لە بینینی هیلالی مانگی شەووال لە لایەن تەنها کەسێکەوە، وە ڕاستی ئەوەیە کە ئەبێت ئەو کەسە بەڕۆژوو نەبێت، وەك شافیعی وئەبوثەور ووتویانە. چونکە پێغەمبەر ﷺ ڕۆژووی پێویست کردووە بە بینینی مانگ، وە شکاندەکەشی هەر بە بینینی پێویست کردووە. وە ئەو کەسەش ئەو بینینەی بە یەقین بە دەست هێناوە، وە بینین شتێکە کە هەست بەشدارە تێیدا، ئیتر پێویست بە بەشداری کەسی تر ناکات.

پایەکانی ڕۆژوو:

ڕۆژوو دوو پایەی هەیە کە حەقیقەتی ڕۆژووی لێ پێك دێت:

١- خۆگرتنەوە لەو شتانەی ڕۆژوو ئەشکێنن لە طلوعی فەجرەوە هەتا خۆر ئاوا بوون، بەپێی فەرموودەکەی خوای گەورە کە فەرموویەتی: ﴿فَٱلۡـَٰٔنَ بَٰشِرُوهُنَّ وَٱبۡتَغُواْ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡۚ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلۡخَيۡطُ ٱلۡأَبۡيَضُ مِنَ ٱلۡخَيۡطِ ٱلۡأَسۡوَدِ مِنَ ٱلۡفَجۡرِۖ ثُمَّ أَتِمُّواْ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيۡلِۚ﴾ (البقرة/١٨٧). واتە: ئێستا بچنە لای خێزانەکانتان وە ئەوەی خوا بۆی نوسیون هەوڵی بۆ بدەن، وە بخۆن وبخۆنەوە هەتا ڕشتەی سپی فەجر. ڕۆشنایی ڕۆژ. لە ڕشتەی ڕەشی شەو. تاریکایی شەو. جیا ئەکەنەوە. بە هەڵهاتنی فەجری صادق. ، پاشان بەردەوام بن لە ڕۆژوەکەتاندا.

بەپێی ئەوەی بوخاری وموسلیم ئەگێڕنەوە لە عەدی کوڕی حاتەمەوە ووتویەتی: کاتێ ئایەتی ﴿حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلۡخَيۡطُ ٱلۡأَبۡيَضُ مِنَ ٱلۡخَيۡطِ ٱلۡأَسۡوَدِ﴾ هاتە خوارەوە پەتێکی ڕەش و پەتێکی سپیم هێناو خستمە ژێر سەرینەکەمەوەو شەو سەیرم ئەکرد هەر بۆم جیا نەئەکرایەوە، کاتێ بەیانی هات چووم بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و ئەوەم بۆ گێڕایەوە فەرمووی: (إنَّمَا ذَلِكَ سَوَادُ اللَّيلِ وَبَيَاضُ النَّهَارِ). واتە: ئەوە مەبەستی تاریکی شەو و ڕووناکی ڕۆژە.

ڕای سێیەم ئەوەیە کە لەگەڵ خەڵکەکەدا بەڕۆژوو بێت و لەگەڵ ئەوانیشدا بیشکێنێت، ئەمەش زاهیرترین قسەیە لەبەر فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ (صومكم يوم تصومون، وفطركم يوم تفطرون، وأضحاكم يوم تضحون) واتە: ڕۆژووی ئێوە ئەوکاتەیە کە کۆمەڵی موسڵمانان بەڕۆژوو ئەبن، وە جەژنی ڕەمەزانتان ئەوکاتە دروستە کە کۆمەڵی موسڵمانان جەژنیانە، وە جەژنی قوربانتان ئەوکاتە دروستە کە کۆمەڵی موسڵمانان جەژنیانە.

(ترمذي) ئەم حەدیسەی ریوایەت کردووە و ووتویەتی: حەسەن و غەریبە، وە ووتویەتی: هەندێك لە زانایان ئەم حەدیسەیان لێك داوەتەوە و ووتویانە، مانای ئەم بەڕۆژوو بوون و بەڕۆژوو نەبوونە ئەوەیە لەگەڵ کۆمەڵی موسڵمانان و زۆربەی خەڵکیدا بێت.

ئەم حەدیسەش لە (الصحيحة) دا تەخریج کراوە (٢٢٤) و لە (الإرواء ٩٠٥) لە چەند ڕێگایەکەوە لە ئەبو هورەیرەوە، جا هەرکەس پێی خۆش بێت با بۆیان بگەڕێتەوە.

لەپاشان ئیبنوتەیمیە ئەفەرمووێت (ل ١١٧):

بەڵام هەرکەس لە شوێنێك بوو کە جگە لەو کەسی تری لێ نەبوو، ئەگەر مانگی بینی بەڕۆژوو بێت، چونکە ئەو بە تەنیایە و کەسی لێ نییە (تمام المنة).

٢-نیەت هێنان: بەپێی فەرموودەکەی خوای گەورە کە ئەفەرمووێت: ﴿وَمَآ أُمِرُوٓاْ إِلَّا لِيَعۡبُدُواْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ حُنَفَآءَ﴾ (البينه/٥). واتە: وە بەوان فەرمانێك نەدرابوو جگە لەوەی کە عیبادەتی خوا بکەن و دینیان خالص و پوختە بۆ ئەو بێت.

وە بەپێی فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ کە ئەفەرمووێت: (إنَّمَا الإعمَالُ بِالنِّيَّاتِ، وَإنَّمَا لِكُلِّ امرِئٍ مَا نوى). واتە: قەبووڵ بوونی کردەوەکان لە لای خوا تەنها بە نییەتە، وە هەرکەس چ نییەتێکی هێنابێ هەرئەوەی بۆ هەیە.

وە ئەبێت پێش فەجر ئەو نییەتە هاتبێت لە هەموو شەوێك لە شەوەکانی ڕەمەزاندا، بەپێی ئەوەی حەفصە خوای لێ ڕازی بێت ئەگێڕێتەوەو ئەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (مَن لَم يُجمِعِ الصِّيَامَ قَبلَ الفَجرِ فَلا صِيَامَ لَهُ). (رواه أحمد وأصحاب السنن وصححه ابن خزيمه وابن حبان). واتە: هەرکەس پێش فەجر نیازی بەڕۆژوو بوونی نەبێت ڕۆژووەکەی دروست نیە.

وە ئەو نییەت هێنانە لە هەر بەشێکی شەودا بێت دروستە، وە مەرج نیە بە دەم بووترێت، چونکە نییەت کارێکی دڵی پەتیە، زمان و دەم هاوبەش نین تیایدا، چونکە حەقیقەتی نییەت مەبەستە بۆ کارێك کە فەرمانی خوای تێدا بە جێ بێت و لەبەر خوا بێت.

جا هەرکەس پارشێوی کرد بە مەبەستی ڕۆژووگرتن و خۆگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە بە مەبەستی خوا پەرەستی، ئەوە نییەتی هێناوە.

وە هەرکەسیش بیەوێت بە ڕۆژ هیچ نەخوات و هیچ نەخواتەوە لەبەر خوا با پارشێویشی نەکردبێت، ئەوە هەر نییەتی هێناوە.

زۆر لە زانایان ووتویانە: نییەتی ڕۆژووی سوننەت لەکاتی ڕۆژیشدا دروستە، ئەگەر کاتی ڕۆژ بوونەوە هیچی نەخواردبێت. عائیشە ڕەزای خوای لێ بێت فەرموویەتی: پێغەمبەر ﷺ ڕۆژێك هاتەوە ماڵ و فەرمووی: (هیچتان هەیە بیخۆم؟) ووتم: نا، فەرمووی: (دەی کەواتە من بەڕۆژووم). (موسلیم وئەبوداود گێڕاویانەتەوە).

بەڵام حەنەفیەکان ئەڵێن: مەرجە نییەت هێنانەکە پێش زەوال بێت . واتە: پێش نیوەڕۆ. ئەمەش مەشهورە لە دوو قەولەی شافیعی، وە ظاهیری دووقەولەی ئیبنومەسعودو ئەحمەد ئەوەیە: کە فەرقی نیە ئەو نییەتە چ لە پێش زەوال یا لە دوایدا بێت، دروستە.

ڕۆژووی ڕەمەزان لەسەر کێ پێویستە؟:

زانایان هەموو لەسەر ئەوە کۆن کە ڕۆژوو پێویستە لەسەر موسڵمانی خاوەن ئاوەزی باڵقی لەش ساغی (مقیم) نیشتەجێ، وە پێویستە ئەو موسڵمانە ئەگەر ئافرەت بوو پاك بێت لە حەیز و زەیستانی.

کەواتە بێ باوەڕ ڕۆژووی لەسەر نیە، وە هەروەها شێت و منداڵ و نەخۆش و موسافیر و ئافرەتی حەیزدار و زەیستان، وەهەروەها پیاوی پیر و ئافرەتی دووگیان و شیردەر.

هەندێ لەوانە بە هیچ جۆرێك ڕۆژویان لەسەر نی یە، وەك بێباوەڕو شێت، وە هەندێکیان داوا لەسەرپەرشتیارەکەی ئەکرێت ڕۆژووی پێ بگرێت، وە هەندێکیان لەوانە پێویستە ئەو کاتە بەڕۆژوو نەبن و دوایی بیگرنەوە، وە هەندێکیان ڕێیان پێدراوە بەڕۆژوو نەبن و فیدیە بدەن. وە ئێستا هەریەك لەمانە بەجیا باس ئەکەین.

ڕۆژووی بێ باوەڕ و شێت:

ڕۆژوو خوا پەرەستیەکی ئیسلامی یە، جا لەسەر غەیری موسڵمان پێویست نی یە، وە شێت موکەللەف نی یەو لەسەری نی یە، چونکە ئاوەزی لێ سەندەراوەتەوە، کە ئاوەزە کە هۆی پێویست بوونی تەکلیفە لەسەری.

لە حەدیسی عەلی دا ﷺ هاتوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (رُفِعَ القَلَمُ عَن ثلاثةٍ: عَنِ المَجنُونِ حتى يُفِيقَ، وَعَنِ النَّـائِمِ حتى يَستَيقِظَ، وَعَنِ الصَبِّي حتى يَحتَلِمَ) (رواه أحمد وأبوداود والترمذي). واتە: سێ کەس پێنووسیان (واجب) لەسەر هەڵگیراوە: شێت هەتا چاك ئەبێتەوە، و خەوتو هەتا لە خەو هەڵئەسێت، و منداڵ هەتا باڵق ئەبێت.

ڕۆژووی منداڵ:

منداڵ هەر چەندە ڕۆژووی لەسەر نی یە، بەڵام پێویستە لەسەر (ولي) پەروەردەکەری کە فەرمانی ڕۆژووگرتنی پێ بکات، بۆ ئەوەی هەر لە منداڵی یەوە ڕابێت لەسەر ڕۆژوو گرتن مادام بتوانێت ڕۆژوو بگرێت.

لە (رُبَيِّع) ی کچی (معوذ)ەوە هاتووە ووتویەتی: پێغەمبەر ﷺ ـ بەیانی عاشورا ـ نێرراوی نارد بۆ گوندەکانی ئەنصار، پێی ڕاگەیاندن: (هەر کەس ڕۆژی کردۆتەوەو بەڕۆژوو بووە با ڕۆژووەکەی تەواو بکات، وە هەرکەس بەڕۆژوو نەبووە با ئەوەی لە ڕۆژ ماوە بەڕۆژوو بێت). جا ئەوە بوو ئێمە لەوکاتەوە تێیدا بەڕۆژوو بووین و فەرمانمان بە منداڵەکانیشمان ئەکرد کە بەڕۆژوو بن، وە ئەچووین بۆ مزگەوت و بە مووخوری یاری منداڵانمان دروست ئەکرد بۆیان، جا ئەگەر یەکێکیان لە برسان بگریایە ئەو یاری یەمان ئەدا بەدەستی هەتا ئێوارە ئەهات و ڕۆژوومان ئەشکاند. (بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە).

ئەوانەی ڕێیان پێدراوە بەڕۆژوو نەبن و فدیەیان لەسەر واجبە؟

پیاوی زۆر پیر و ژنی زۆر پیر و نەخۆشێك هیوای چاك بوونەوەی لێ نەکرێ و ئەوانەی کاری زۆرگران ئەکەن و لەو کارە بەولاوە نەبێت بیکەن، و بێ ئەو کارە نەژین، ئەمانە هەمویان بۆیان هەیە بەڕۆژوو نەبن، ئەگەر ڕۆژوو گرتنەکە پەرێشانیان بکاو زۆرگران بێ لەسەریان لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا، وە ئەبێ هەموو ڕۆژێك خواردنی هەژارێك بدەن لە بریتی ڕۆژووەکەیان. وە زانایان ئەوەیان داناوە بە صاعێك یا نیو صاع یا مشتێك، وە لە ئەندازەکەیدا خیلاف هەیە لە نێوان زانایاندا. وە لە سوننەتدا بەڵگەیەك نەهاتووە کە ئەو ئەندازەیەی پێ دیاری بکرێ.

ئیبنوعەبباس فەرمویەتی: پیاوێکی زۆر پیر بۆی هەیە بەڕۆژوو نەبێت، وە لە بریتی ڕۆژووەکەی هەموو ڕۆژێك هەژارێك تێر بکات و ڕۆژووەکەی نەگرێتەوە. (رواه الدارقطني والحاكم وصححاه).

بوخاری لە (عطاء)ەوە ئەگێڕێتەوە کە گوێی لە ئیبنوعەبباس بووە ﷺ ئەم ئایەتەی ئەخوێندەوە: ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدۡيَةٞ طَعَامُ مِسۡكِينٖۖ﴾ (البقرة/١٨٤). واتە: وە لەسەر ئەوانەی کە توانای ڕۆژووگرتنیان هەیە فدیەی هەر

ڕۆژێك، خواردن پێدانی مسکینێکە. وە ئەی فەرموو: ئەم ئایەتە مەنسوخ نییە، بۆ پیاوی پیر و پیرەژن کە ناتوانن بەڕۆژوو بن، بۆیان هەیە لەجیاتی هەر ڕۆژێك هەژارێك تێر بکەن و بەڕۆژوو نەبن.

وە هەروەها نەخۆشێك کە هیوای چاك بوونەوەی لێ نەکرێت، و ئەگەر بەڕۆژوو بێت پەرێشان بێت، وەك پیاوی پیر وایە و جیاوازیان نییە لەوەدا، وە هەروەها ئەو کرێکارانەی کاری زۆر گران ئەنجام ئەدەن.

شێخ محمد عبده ووتویەتی: مەبەست لە ﴿يُطِيقُونَهُۥ﴾ کە لە ئایەتەکەدا هاتووە پیاوی پیر وزەعیفە، وە ئەو نەخۆشانەن کە نەخۆشییەکەیان درێژ خایەنن، وەهەروەها ئەو کرێکارانەی خوا بژێوی خستونە سەر ئەنجامدانی کاری گران، وەك دەر هێنانی خەڵوزی بەرد لە کانەبەردەکان.

وە ئەو تاوان بارانەی کە حوکمی بەندی هەمیشەیی لەگەڵ کاری گران دراوە بە سەریانا لەمانەن، کاتێ ڕۆژوو بەڕاستی لەسەریان گران بێت، وبشتوانن فدیە بدەن.

وە ژنی دووگیان و شیردەر ئەگەر ترسیان لە خۆیان هەبێت یا لە منداڵەکەیان بۆیان هەیە بەڕۆژوو نەبن و فدیە بدەن، وە گرتنەوەکەی ئەو ڕۆژوەشیان لەسەر نییە. (بە ڕای ئیبنوعمر و ئیبنوعەبباس).

ئەبوداود لە عیکریمەوە ئەگێڕێتەوە ووتویەتی: ئیبنوعەبباس لەبارەی: ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدْيَةٌ﴾ (البقرة/١٨٢). ئەی فەرموو: خوای گەورە مەبەستی لە وانە پیری پەك کەوتە و پیرە ژنانن، ئەم دووانە ئەتوانن بەڕۆژوو بن، جا بۆیان هەیە بەڕۆژوو نەبن ولە جیاتی هەر ڕۆژێك هەژارێك تێر بکەن، وە ئافرەتی دووگیان و ژنی شیردەر ئەگەر ترسیان هەبوو لە منداڵەکەیان بۆیان هەیە بەڕۆژوو نەبن و لە بریتی هەر ڕۆژێك هەژارێك تێر بکەن. (بەززار گێڕاویەتەوە).

وە لە کۆتاییدا ئەوەی زیاد کردووە: ئیبنوعەبباس بە دایکی کوڕێکی خۆی کە -ئەو دایکە- دووگیان بوو ئەفەرموو: تۆ لەو کەسانەی توانای گرتنی ڕۆژوویان نییە، فدیە بدە و ڕۆژووەکەشت مەگرەوە. (دارقطني ئیسنادەکەی بە صەحیح داناوە).

لە نافیعەوە هاتووە کە ئیبنوعومەر ڕەزای خوایان لێ بێت پرسیاری لێ‌کرا لەبارەی ژنێکی دووگیان ئەگەر ترسی منداڵەکەی هەبێت چی بکات؟ فەرمووی: بەڕۆژوو نەبێت و لە جیاتی هەر ڕۆژێك هەژارێك تێر بکات بە موددێك گەنم. (مالیك و بەیهەقی گێڕاویانەتەوە).

وە لە حەدیسدا هاتووە: (إنَّ اللهَ وَضَعَ عَنِ المُسَافِرِ الصَّومَ وَشَطرَ الصَّلاةِ وَعَنِ الحبلى وَالمُرضِعِ الصَّومَ). واتە: خوا ڕۆژوو نیوەی نوێژی لەسەر موسافیر لابردووە، وە لەسەر ژنی دووگیان و شیردەر تەنها ڕۆژووی لابردووە.

وە لای حەنەفیەکان و ئەبوعوبەیدو ئەبوثەور: ژنی دووگیان و شیردەر بەڕۆژوو نەبن و تەنها گێڕانەوەیان لەسەرە بێ فدیە.

وە لای ئەحمەد و شافیعی: ئەگەر تەنها ترسیان لە منداڵەکەیان هەبوو، وە بەڕۆژوو نەبوون ئەبێ هەم بیگرنەوە و هەم فدیە بدەن. بەڵام ئەگەر تەنها ترسیان لە خۆیان هەبوو، یا ترسیان هەم لە خۆیان و هەم لە منداڵەکەیان هەبوو، ئەوە هەر گێڕانەوەیان لەسەرە وهیچی تر.

ئەوکەسەی ڕێی پێ دراوە بەڕۆژوو نەبێت و گێڕانەوەی لەسەرە:

کەسێك نەخۆش بێت و ئومێدی چاك بوونەوەی هەبێت، یان موسافیر بێت دروستە بەڕۆژوو نەبێت، بەڵام پێویستە لەسەری بیگرێتەوە.

خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ (البقرة/١٨٤). واتە: هەرکەس لە ئێوە نەخۆش بوو یا موسافیر بوو ڕۆژووەکەی بشکێنێت و لە چەند ڕۆژێکی تردا بیانگرێتەوە.

ئەحمەدو ئەبوداودو بەیهەقی بە سەنەدێکی صەحیح ئەگێڕنەوە لە موعاذەوە کە فەرمویەتی: خوای گەورە ڕۆژووی لەسەر پێغەمبەر ﷺ فەرز کرد و ئەم ئایەتەی نارده خوارەوە: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُتِبَ عَلَيْكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ﴾ (البقرة/١٨٣). واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ڕۆژووتان لەسەر واجب بووە وەك چۆن لەسەر ئەوانەی پێش ئێوە واجب بووە. هەتا ئەگاتە ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدْيَةٌ طَعَامُ مِسْكِينٍ﴾ (البقرة/١٨٤). واتە: وە ئەوانەی بۆیان ئەگیرێت با فدیە بدەن کە بۆ هەر ڕۆژووێك خواردنی مسکینێك بدەن.

جا ئەوە بوو هەرکەس ئارەزوی لێ بوایە بەڕۆژوو ئەبوو، وە هەرکەس ئارەزووی بووایە بۆ هەر ڕۆژووێك مسکینێکی نان ئەدا، وە بۆی دروست بوو بەڕۆژوو نەبێت، پاشان خوای گەورە ئەم ئایەتەی تری نارده خوارەوە: ﴿شَهْرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِىٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلْقُرْءَانُ﴾ (البقرة/١٨٥). واتە: مانگی ڕەمەزان ئەو مانگەیە قورئانی تێدا هاتۆتە خوارەوە. هەتا: ﴿فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ﴾. واتە: هەرکەس لە ئێوە لە مانگی ڕەمەزاندا حازر بوو، وە لە سەفەردا نەبوو، با بەڕۆژوو بێت.

جا بەم فەرمایشتە بە ڕۆژوو بوونی ثابت کرد لەسەر (مقیم) نیشتەجێی لەش ساغ، وە ڕێ درا بە نەخۆش و موسافیر کە بەڕۆژوو نەبن لەوکاتەدا، وە خواردن پێ دانیشی بە مسکین (ثابت) کرد بۆ پیری پەك کەوتە کە ناتوانێ بەڕۆژوو بێت.

وە ئەو نەخۆشیەی بەڕۆژوو نەبوون ڕەوا ئەکات، ئەو نەخۆشی‌یە گرانەیە کە بەڕۆژوو گرتن زیاتر بێت، یا ترسی دوا کەوتنی چاك بوونەوەی لێ بکرێت.

لە (المغني)دا هاتووە ئەڵێت: لە هەندێ سەلەفەوە ئەگێڕنەوە ووتویانە: بە هەموو نەخۆشی‌یەك ڕۆژوو شکاندن ڕوا ئەبێت، هەتا بە دان ئێشە وئازاری پەنجەش بەپێی گشتێتی ئایەتەکە، وە لەبەر ئەوەی موسافیر بۆی ڕەوایە بەڕۆژوو نەبێت، هەرچەندە توانای گرتنیشی هەبێت، کەواتە نەخۆشیش هەر بۆی هەیە. ئەمەش مەزهەبی بوخاری و (عطاء) و ئەهلی (ظاهر)ە.

وە ئەو ئینسانە ساغەی کە ترسی ئەوەی هەبێت ئەگەر بەڕۆژوو بوو نەخۆش بکەوێت، با بەڕۆژوو نەبێت وەك نەخۆش.

هەروەها کەسێك تینوێتی و برسێتی پەرێشانی بکات بە شێوەیەك ترسی گیان لە دەست دانی هەبێت، ئەبێ ڕۆژووەکەی بشکێنێت با لەش ساغ و نیشتەجێش بێت، وە ئەبێت لە دواییدا بیگرێتەوە. خوای گەورە ئەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقْتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمْۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا﴾ (النساء/٢٩). واتە: . یەکتری و . خۆتان مەکوژن بەڕاستی خوا دەرحەق بە ئێوە بە بەزەیی‌یە.

هەروەها ئەفەرمووێت: ﴿وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِى ٱلدِّينِ مِنْ حَرَجٍ﴾ (الحج/٧٨). واتە: خوا لە ئایین دا لەسەرتان باری گرانی دانەناوە.

وە ئەگەر نەخۆش خۆی بۆ ڕاگیرا و بەڕۆژوو بوو ڕۆژووەکەی دروستە، ئەوەندەی هەیە کەڕاهەتی هەیە، چونکە پشتی کردۆتە ئەو ڕوخسەتەی کە خوا پێی داوەو پێی خۆشە، وە لەوانەیە بەو ڕۆژوو گرتنە زیانی پێ بگات. هەر بۆیە هاوەڵەکانی پێغەمبەر ﷺ هەندێکیان لەسەردەمی پێغەمبەر ﷺ دا بەڕۆژوو ئەبوون، وە هەندێکیان لەکاتی نەخۆشیدا بەڕۆژوو نەئەبوون، وە لەوەدا شوێن فتوای پێغەمبەر ﷺ ئەکەوتن.

حەمزەی ئەسلەمی لە پێغەمبەری ﷺ پرسی: ئەی نێرراوی خوا من لە خۆم ڕائەبینم بەڕۆژوو بم و توانام هەیە، ئایا ئەگەر بەڕۆژوو بم تاوانبار ئەبم؟ ئەویش فەرمووی: (هِيَ رُخصَةٌ مِنَ اللهِ تعالى، فَمَن أَخَذَ بِهَا، فَحَسَنٌ، وَمَن أَحَبَّ أن يَصُومَ فَلا جُنَاحَ عَلَيهِ) (رواه مسلم). واتە: ئەوە ڕوخصەتێکە لە خواوە، هەرکەس وەری بگرێ چاکە، وە ئەگەر کەسێك حەز بکات هەر بەڕۆژوو بێت تاوانبار نابێت.

لە ئەبوسەعیدی خودری‌یەوە رضي الله عنه هاتووە فەرمویەتی: لەگەڵ پێغەمبەردا ﷺ بۆ سەفەر چووین بۆ مەککە، وە ئێمە بەڕۆژوو بووین، لە شوێنێکدا لامان دا، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: (إنَّكُم قَد دَنَوتُم مِن عَدُوِّكُم، وَالفِطرُ أقوى لَكُم). واتە: وا لە دوژمنتان نزیك ئەبنەوە، ئەگەر بەڕۆژوو نەبن بەهێزترو بەتواناتر ئەبن.

جا ئەمە ڕوخصەتێك بوو کە پێی داین، هەمان بوو ئەی شکاند، وە هەمان بوو نەیئەشکاند. پاشان لە شوێنێکی تردا لاماندا فەرمووی: (إنَّكُم مُصبِحُوا عَدُوِّكُم، وَالفِطرُ أقوى لَكُم، فَأفطِرُوا). واتە: ئێوە بەیانی ئەگەن بە دوژمنەکەتان ئەگەر بەڕۆژوو نەبن بە هێزترو بەتواناتر ئەبن، لەبەر ئەوە بەڕۆژوو مەبن.

ئەڵێن ئەمەیان فەرمان بوو، ئێمەش بەڕۆژوو نەبووین. پاشان لە گەڵ پێغەمبەر ﷺ ئەچووین بۆ سەفەر، بەڕۆژوش ئەبووین. (ئەحمەدو موسلیم و ئەبوداود گێڕاویانەتەوە).

وە هەر لە ئەبوسەعیدی خودری‌یەوە رضي الله عنه هاتووە کە فەرمویەتی: ڕەمەزان بووە لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ دا غەزامان کردووە، هەمان بووە بەڕۆژوو بووە، وە هەمان بووە بەڕۆژوو نەبووە، نە ئەوانەی بەڕۆژوو بوون لۆمەی ئەوانەیان ئەکرد کە بەڕۆژوو نین، وە نە ئەوانەش بەڕۆژوو نەبوون لۆمەیٚ ئەوانیان ئەکرد کە بەڕۆژوون، پاشان ڕایان وابوو هەرکەس توانای بەڕۆژوو بوونی هەبێت بەڕۆژوو بێت چاکی کردووە، وە هەرکەس توانای نەبێت و بەڕۆژوو نەبێت هەر چاکی کردووە. (ئەحمەد و موسلیم گێڕاویانەتەوە).

بەڵام زانایان ئیختیلافیان هەیە لەسەر ئەوەی کە کامیان چاکترە:

ئەبوحەنیفە و شافیعی و مالیك ڕایان وایە بەڕۆژوو بێت چاکترە، بۆ ئەو کەسەی توانای گرتنی هەبێ، وە نە گرتنی چاکترە بۆ کەسێك توانای ڕۆژوو گرتنی نەبێت.

وە ئەحمەد ئەڵێت: بەڕۆژوو نەبوون بۆ هەر دوو لا چاکترە.

وە عومەری کوڕی عبدالعزیز ووتویەتی: ئاسان ترینیان چاکترینیانە، جا هەرکەس گرتنەکەی ئەو کاتە لا ئاسان بێت و لەدواییدا گێڕانەوەی لا گران بێت، ئەوە بەڕۆژوو بوونی چاکترە.

وە شەوکانی لەم باسە ئەکۆڵێتەوەو ئەڵێت: ئەگەر کەسێك ڕۆژوو گرتنی لەسەر گران بێت و زیانی پێ بگات، وە هەروەها کەسێك ڕوخصەتەکەی وەرنەگرت و پشتی کرد، ئەوە نەگرتن چاکترە بۆیان، وە هەروەها کەسێك لە ڕیاو بە خۆ نازینی خۆی بترسێت –ئەگەر لە سەفەردا بەڕۆژوو بێت– ئەوە نەگرتنی چاکترە، وە ئەگەر بەڕۆژوو بوونی لەوانە بە دوور بێت کە باسم کرد ئەوە بەڕۆژوو بوونی چاکترە، وە ئەگەر کەسێك موسافیر بوو، شەو نێتی هێنا و بەڕۆژوو بێت و بەڕۆژوو بوو، دروستە لەو ڕۆژەدا ڕۆژووەکەی بشکێنێت، چونکی لە جابیری کوڕی عبداللە وە رضي الله عنه هاتووە فەرمویەتی: ساڵی فەتحی مەککە پێغەمبەر ﷺ بەرەو مەککە ئەڕۆیشت و بەڕۆژوو بوو، هەتا گەیشتە (کراع الغميم) – دۆڵێکە لە پێش عەسەفانەوەیە– خەڵکەکەش بەڕۆژوو بوون لەگەڵیا، پێیان ووت: خەڵك پەرێشانن و چاو لە تۆ ئەکەن و بەڕۆژوو ئەبن، پێغەمبەریش ﷺ داوای پەرداخێك ئاوی کردو خواردیەوە، کاتیش دوای عەصر بوو، خەڵکەکە سەیریان ئەکرد، ئیتر هەندێکیان شکاندیان و هەندێکیان نەیان شکاند، وە پێی گەیشتەوە کە هەندێ کەس هەر نەیان شکاندووە، فەرموی: (أولَئِكَ العُصَاةُ) واتە: ئەوانە سەرپێچیان کردووە. (رواه مسلم والنسائي والترمذي وصححه).

وە ئەگەر کەسێك نیەتی ڕۆژووی هێناو –موقیم بوو– پاشان سەفەری کرد لەو ڕۆژەدا، جمهوری زانایان ئەڵێن: دروست نیە ڕۆژووەکەی بشکێنێت، بەڵام ئەحمەدو ئیسحاق ڕێیان داوە بە شکاندنی، بەپێی ئەوەی (ترمذي) ئەگێڕێتەوەو بە حەسەنی داناوە کە موحەممەدی کوڕی کەعب ووتویەتی: لە ڕەمەزاندا چووم بۆلای ئەنەسی کوڕی مالیك، ئەی وویست بچێتە سەفەر، ووڵاغەکەی بۆ ئامادە کرابوو، جلی سەفەری لەبەر کردبوو جا، داوای خواردنی کردو خواردی، منیش ووتم: ئایا ئەوە سوننەتە؟ ووتی: سوننەتە، پاشان سووار بوو[9].

---

(9) ئەم حەدیسە لە سەنەدەکەیدا عوبەیدی کوڕی جەعفەر هەیە کە زەعیفە (دانەر).

وە لە عوبەیدی کوڕی جوبەیرەوە هاتووە ووتویەتی: ڕەمەزان بوو لە گەڵ ئەبوبەصرەی غیفاریدا لە (فسطاط) – میصری کۆنە– سوواری کەشتی بووین، دەستی کرد بەڕۆیشتن و خواردنەکەی هێنایە پێشەوە، پاشان ووتی: نزیك بەرەوە، ووتم: هێشتا لەناو ماڵەکاندای!! ئەبوبەصرە ووتی: ئایا پشت لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ ئەکەیت؟ (ئەحمەد و ئەبوداود گێڕاویانەتەوە و پیاوەکانی ثیقەن)[١٠].

شەوکانی ووتویەتی: هەر دوو حەدیسەکە ئەبنە بەڵگەی ئەوەی کە موسافیر بۆی هەیە ڕۆژوو بشکێنێت پێش دەرچوونی لەو شوێنەی کە سەفەرەکەی لێوە ئەکات .

وە ووتویەتی: (ابن العربي) ئەڵێت: حەدیسەکەی ئەنەس صەحیحەو ئەوە پێویست ئەکات کە ڕۆژوو شکاندن لەکاتی خۆ ئامادە کردن بۆ سەفەر دروست بێت، جا شەوکانی ئەڵێت: حەق ئەمەیانە.

وە ئەو سەفەرەی ڕەوا کەری ڕۆژوو شکاندنە، ئەو سەفەرەیە کە نوێژی پێ کورت ئەکرێتەوە، وە ئەو ماوەیەی کە دروستە بۆ سەفەرکەر تێیدا بە ڕۆژوو نەبێت، ئەوماوەیە کە دروستە نوێژی تێدا کورت بکرێتەوە، وە ئەمانە لە پێشەوە لە باسی کورت کردنەوەی نوێژدا باس کراوەو لە باسی مەزهەبی زانایان و تەحقیقەکەی ئیبنوقەییم لەوبارەیەوە.

ئەحمەدو ئەبوداودو بەیهەقی و طەحاوی ئەگێڕنەوە لە مەنصوری کەلبی‌یەوە کە ووتویەتی: دیحیەی کوڕی خەلیفە لە دێیەکی دیمشق بەرەو شوێنێکی تر ڕۆیشت لە ڕەمەزاندا ئەوەندەی نێوان عوقبەو (فوسطاط) ئەبوو، خۆی ڕۆژووەکەی شکاند و کۆمەڵێکیش لەگەڵیا شکاندیان. بەڵام هەندێکیان شکاندنی ڕۆژووەکانیان پێ ناخۆش بوو، کاتێ گەڕایەوە بۆ دێکەی خۆی ووتی: سوێند بە خوا ئەمڕۆ شتێکم بینی هەرگیز بە بیرما نەئەهات شتی وابیینم، کە کۆمەڵێك ڕەغبەتیان لە سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵەکانی نەبێت، مەبەستی ئەو کۆمەڵە بوو کە ڕۆژووەکانیان نەشکاند. پاشان ووتی: خوایە گیانم بەرەوە بۆ لای خۆت. وە هەموو گێڕەرەوەکانی ئەم حەدیسە ثیقەن، جگە لە مەنصوری کەلبی کە عەجلی ئەویشی بە ثیقە داناوە[١١].

([10]) دانەر بەو شێوەیە ئەڵێت و چاو لە شەوکانی ئەکات، بەڵام دوو سەرنجی لەسەرە لە دوو ڕووەوە:

یەکەم: عوبەیدی کوڕی جوبەیر مەجهولە، بەڵام ئەگەر کوڕی حونەین بێت ئەوە سیقەیە.

دووەم: کولەیبی کوڕی (ذهل) لێوەی ئەگێڕێتەوە، ئیبنوخوزەیمە لەبارەیەوە ئەڵێت: عەدالەتم لێوە نەزانیوە، وە هەروەها (حافظ) یش لە (التقریب) دا ئەڵێت: (لین الحدیث)ە، بەڵام حەدیسەکەی دوای ئەمە شایەتی بۆ ئەدات، هەروەها حەدیسێکی تر لە ئەنەسەوە و سەنەدەکەشی، صەحیحە هەروەك لە نامیلکەکەمدا (حدیث إفطار الصائم قبل سفره بعد الحج) باسم کردووە، و لیێ کۆڵاومەتەوە، کە چاپیش بووە (تمام المنة).

([11]) کورتەی قسەی شێخ ئەلبانی ئەوەهیە: تەوسیق کردنەکەی عەجلی ئیعتیباری نی‌یە، چونکە وەك تەوسیق کردنی ئیبنوحیببان وایە کە کەمتەرخەمە لە تەوسیق کردندا، هەر لەبەر ئەوە (خطابي) بە لاوازی داناوە لە (معالم) دا، بەڵام ئەو حەدیسەی پێش ئەم بەهێزی ئەکات، هەروەها حەدیسەکەی ئەنەس کە کەمێك لەمەوبەر ئاماژەم بۆ کرد (تمام المنة).

ئەو کەسەی پێویستە بەڕۆژوو نەبێت و گرتنەوەشی لەسەرە:

زانایان هەموو لەسەر ئەوەن کە پێویستە ژنی بێ نوێژو زەیستان بەڕۆژوو نەبن، وە ڕۆژوو گرتنیان لەسەر حەرامە، وە ئەگەر بەڕۆژوو بوون ڕۆژووەکەیان دروست نییە و پوچەڵە، وە لەسەریانە ئەو ڕۆژووانە بگرنەوە کە تێیدا بێنوێژ یا زەیستان بوون.

بوخاری و موسلیم لە عائیشەوە ئەگێڕنەوە فەرمویەتی: ئێمە لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ کاتێ بێنوێژ ئەبووین فەرمانمان پێ ئەکرا ئەو ڕۆژانە بگرینەوە کە تێیدا بێنوێژ ئەبووین، بەڵام فەرمانمان پێ نەئەکرا نوێژەکانمان بگێڕینەوە.

==================

سایتی بەهەشت

www.ba8.org

2009 – 1430

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

شەوی قەدر (ليلة القدر)

شەوی قەدر چاکترین شەوە لە شەوەکانی ساڵ، بەپێی فەرموودەی خوای گەورە: ﴿إِنَّآ أَنزَلْنَٰهُ فِى لَيْلَةِ ٱلْقَدْرِ ۝ وَمَآ أَدْرَىٰكَ مَا لَيْلَةُ ٱلْقَدْرِ﴾ (القدر/١-٣). واتە: ئێمە قورئانمان لە شەوی قەدردا ناردە خوارەوە، تۆ نازانی ئەی محمد شەوی قەدر چی‌یە؟.

فەزڵی . شەوی قەدر لە . فەزڵی . هەزار مانگ گەورەترە. واتە: کاری چاکە تێیدا لە نوێژو قورئان خوێندن و زیکری خوا خێری کاری هەزار مانگی هەیە کە شەوی قەدری تێدا نەبێت.

گەڕان بە شوێن ئەو شەوەدا موستەحەببە:

موستەحەبە کە لە شەوە تاکەکانی دەرۆژی دوایی شەوەکانی کۆتایی ڕەمەزان بە شوێن ئەو شەوەدا گەڕان بکرێت، چونکە پێغەمبەر ﷺ تێ ئەکۆشا لە گەڕان بەدوای ئەو شەوەدا لە دەرۆژی دوایی مانگی ڕەمەزاندا.

لە پێشەوە باسی ئەوە کرا کە پێغەمبەر ﷺ کاتێ کە ئەگەیشتە ئەو دە ڕۆژەی دوایی شەوەکانی زیندو ئەکردەوەو خێزانەکانی هەڵئەسان و بەندەخۆنی توند ئەکردەوە . سەرجێی خێزانەکانی نە ئەکرد . وە بە زۆری خوا پەرستی ئەکرد.

ئەو شەوە کام شەوەیە؟:

زانایان ڕایان زۆرە بۆ دیاری کردنی ئەو شەوە؛ هەیانە ڕای وایە کە ئەو شەوە شەوی بیستو یەکەمی ڕەمەزانە، وە هەیانە بۆ ئەوە چوە کە شەوی بیستو سێی ڕەمەزانە، وە هەیە ڕای وایە شەوی بیستوپێنجی ڕەمەزانە، وە هەیانە بۆ ئەوە چووە کە شەوی بیست ونۆیەمە، وە هەیانە ڕای وایە ئەو شەوە ئەگەڕێت بە شەوە تاکەکانەوە لە دە شەوی ئەخیر، وە بەشی زۆری زانایان لەسەر ئەوەن کە شەوی بیست وحەوتەمە.

ئەحمەد بە ئیسنادێکی صەحیح لە ئیبنوعومەرەوە ﷺ ئەگێڕێتەوە فەرمویەتی: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (مَن كَانَ مُتَحَرِّيهَا فَلْيَتَحَرَّهَا لَيلَةَ السَّابِعِ وَالعِشرِين). واتە: هەرکەس بە دوای ئەو شەوەدا ئەگەڕێت با لە شەوی بیست وحەوت بگەڕێ بە دوای دا.

موسلیم و ئەحمەد و ئەبوداود و تیرمذی کە بە صەحیحی داناوە لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە ئەگێڕنەوە کە فەرمویەتی: بەو خوایەی کە هیچ مەعبودی بە حەق نی‌یە جگە لەو! ئەو شەوە شەوێکە لە ڕەمەزاندایە . سوێند ئەخوات بە بێ ئەوەی بڵێ: إن شاء الله . سوێند بە خوا من ئەزانم کام شەوەیە، ئەو شەوەیە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێ کردین شەونوێژی تێدا بکەین، ئەویش شەوی بیست وحەوتە، نیشانەکانی ئەو شەوە ئەوەیە بۆ بەیانی کاتێ خۆر هەڵات سپی و بێ تیشکە.

شەو نوێژکردن وخوا پەرستی و پاڕانەوە لەو شەوەدا:

١- بوخاری و موسلیم لە ئەبوهورەیرەوە ئەگێڕنەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: (مَن قَامَ لَيلَةَ القَدرِ إيمَاناً وَاحتِسَاباً غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِهِ). واتە: هەرکەس لە شەوی قەدردا نەخەوت و خوا پەرەستی کرد بە باوەڕەوەو لەبەر ڕەزامەندی خوا، وە چاوەڕوانی ئەو پاداشتەی لە خوا کرد، خوا لە گوناهی لەوەو پێشی خۆش ئەبێت.

٢- ئەحمەدو ئیبنوماجەو (ترمذي) کە بە صەحیحی داناوە لە عائیشەوە ئەگێڕنەوە فەرمویەتی: ووتم ئەی نێرراوی خوا، ئەگەر زانیم شەوی قەدر چ شەوێکە چی بڵێم تێیدا؟ فەرمووی: بڵێ (اللَّهُمَّ إنَّكَ عَفُوٌّ تُحِبُّ العَفوَ فَاعفُ عَنِّي). واتە: خوایە تۆ زۆر لێبوردەریت و لێبوردنت پێ خۆشە جا لێم ببورە.